# خوێندنەوەیەکی مێژوویی ڕوداوە نێو خۆییەکانی
# حیزبی دیموکراتی کوردستان( حدکا )  و
# جوڵانەوەی چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨لە کوردستانی ئێران


**نوسینی : یاسین سەردەشتی**

**مامۆستای مێژووی هاوچەرخی کورد**

**کۆلیجی ئاداب/ زانکۆی دهۆك**


**ئامادەکردنی بەڵگەنامەو بڵاوکردنەوەی**

**شازین هێرش**


**ناوی کتێب:**

خوێندنەوەیەکی مێژوویی ڕوداوە نێو خۆییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدکا) و جوڵانەوەی چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧–١٩٦٨لە کوردستانی ئێران

**نوسەر:** یاسین سەردەشتی

**نەخشەسازی کۆمپیتەری:** بوار طاهر حەمەصاڵح

**چاپی یەکەم :** سلێمانی/ ٢٠٠٢

**چاپ :** چاپخانەی ڕاز

**تیراژ:** (٥٠٠) دانە

ژمارەی سپاردنی: (        ) ی ساڵی ٢٠٠٢ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە



**مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ نوسەرو ئامادەکەری پارێزراوە**

## پێشکەشە...

**بەیادی شەهیدە قارەمانەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

## بــەرایــی:

دەمێك بوو برای بەڕێزم (مامۆستا ڕەفیق ساڵح) لێی گێڕابوومەوە کەبرادەرێك بەناوی (شازین هێرش) چەند بەڵگەنامەیەکی نایاب و گرنگی مێژوویی جوڵانەوەی نەتەوایەتی هاوچەرخی گەلە ستەمدیدەکەمانی لەبەردەستدایەو واهێدیهێدی دڵسۆزانە ڕێکیان دەخات و پشت بەخۆی خەریکی بڵاوکرنەوەیانە، لەڕاستیدا مەسەلەیەکی وام فرە پێخۆشبوو، چونکە بەهۆی بارودۆخی سیاسی چەندەها ساڵەی کوردستان پێشتر کارێکی بەو چەشنە یان هەر نەدەکرا، یاخود ئەگەر کرا باش زۆر دەگمەن بوون، جگە لەوەی لەبەر دێوەزمەی ڕەشی دیکتاتۆرییەت بەئاسانی چنگ نەدەکەوتن و مێژوونوسان و مێژوودۆستان وەك پێویست نەیاندەتوانی سوودیان لێوەرگرن.

دیارە ئەمڕۆ لەسایەی قرتاندنی چنگاڵی زۆرداری و بێدادی لەبەشێکی کوردستانە ئازیزەکەمان هەلومەرجێك هاتۆتە پێش کەتارادەیەکی زۆر ئەنجامدانی ئەو چەشنە کارانەی هەموار کردووە، هەربۆیە بەهەموو لایەکمان پێویستە ئاوڕێکی دڵسۆزانە لەو سامانە بەنرخەی گەلەکەمان و جوڵانەوە نەتەوایەتیەکی بدەینەوەو بەهەمووشێوەیەك زیندوویان بکەنەوەو لەلەناوچوون بیانپارێزین، جگەلەوەی بەپیرەوەچوونی ئەو ئازیزانەی قۆڵیان بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکیوا گرنگ لێهەڵماڵیوە ئەرکێکی پیرۆزی هەمووومانەو خۆلێدزینەوەی پاساوێکی نییە.

هەر لێرەدا جێی خۆیەتی گازندەیەکی برایانە لەو کەس و لایەنانە بکرێت کەلەبەر بیانووی (سوء ئیستفادەی دوژمن) یان بەهۆی هەر مەسەلەیەکی دییەوە بێت خۆیان لە بڵاوکردنەوەی دۆکیومێنتە مێژووییەکان و نوسینەوەی بیرەوەرییەکان دەبوێرن و ئامادەنین هاوکاری لەدەرخستنی ڕاستی ڕوداوە مێژووییەکانی تایبەت بەگەلەکەمان و



جوڵانەوە نەتەوایەتییەکەی بکەن و بەکاری زۆر لاوەکییەوە خۆیان خەریک کردووە، بەجۆرێك کەسانی واهەن نزیکەی ٤٠ -٥٠ساڵە لەنێو گەرمەی ڕوداوەکاندا هەڵسوڕاون و پلەوپایەی گرنگی سیاسیشیان لەو جوڵانەوەیەدا هەبووە، کەچی لەو ڕووداوەوە تانوکەش نامیلکەیەکیان پێشکەش بەنەوەی نوێ نەکردووە.

بەهەرحاڵ لەڕۆژێکی نەورۆزی ئەمساڵدا، دەرفەتی ئەوەمان بۆ هەڵکەوت بەهۆی هاوڕێی ئازیزم کاك (سەردار محەمەد) ڕاستەوخۆ شازین هێرش بناسین و لەچاپخانەی شەعب دەمەتەقێیەکی سێقۆڵی دەست پێبکەین، دیارە کاك شازین هەر لەسەرەتاوە ئاماژەی بەوەدا کەنە مێژوونوسەو نەلێکۆڵەری مێژوویی، ئەرکێکی کەجێبەجێی دەکات تەنها بۆ ئەوەیە ئەو سامانە مێژووییەی کەوتۆتە لای لەوە زیاتر نپروێت و بەئامانەتەوە بڵاوی بکاتەوە تالە فەوتان ڕزگاری بێت و بکەوێتە بەردەست مێژوودۆستان، کارێکی وا کەمن لەلای خۆمەوە دەستخۆشکەرییەکی گەرمم لێکردو ڕێزێکی بێپایانم لێنا.

شایانیباسە لەدرێژەی قسەکاماندا کاکە شازین ڕایگەیاند کەسێ بەڵگەنامەی لەسەر مێژووی پڕ هەورازونشێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبەردەستدایە کە بۆ ساڵانی شەستەکان دەگەڕێتەوەو نیازیەتی بەشێوەیەکی سەربەخۆ،جیا لەوانیدی کەپەیوەندییان بەشۆڕشی ئەیلول و یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەخوارووی کوردستانەوە هەیە، بڵاوبکاتەوە ، لەوبارەیەشەوە ڕووی لێنام پێشەکییەکی کورتی لەمەڕ ڕوداوە سەرەکییەکانی ئەو قۆناغە ئاڵۆزەی حیزبی دیموکرات بۆ بنوسم تاوەك ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بۆ تێگەیشتنی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان چاپ بکرێت و بۆ خوێنەری ئازیز

بڵاوبکرێتەوە. داواکارییەکی بەو جۆرە کەبە خۆشحاڵییەوە قبوڵم کردو لەسۆنگەی بایەخدانمەوە بەبابەتێکی واو

بەپشت بەستن بەوسەرچاوە مێژووییانەیلەبەردەستمدان و لەبەر تیشکی ئەم سێبەڵگەنامەیەش دەستم بەنووسینی پێشەکییەکە کرد، پێشەکییەك کەنەدەبوا درێژ نەکرایەتەوە بەجۆرێك بووە هۆی لەدایك بوونی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئەمێستا لەبەردەستی ئێوەی بەڕێزدایە .

دیارە خۆلێدان لەمێژووی ڕوداوە نێو خۆییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەڵهێنجانی ڕاستییە مێژووییەکانی ئەو قۆناغە ئاڵۆزەی هەڵسوڕانی حیزب، واتە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، مەسەلەیەکی سادەو سانا نییەو پێویستی بەوردبوونەوەو موتالاَکردنی بەشێکی سەرچاوە مێژووییە بنەڕەتییەکانە، هەر بۆیە ئەم خوێندنەوەیەمان بۆ ڕوداوەکانی ئەو قۆناغەو جوڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ لەکوردستانی ئێران لەسەر بنەمای ئەو سەرچاوە مێژوویی و بەڵگەنامانە بنیاتنراوە کەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەواڵەکانی ئەو سەردەمەیان ڕاگواستووە، دیارە لەم نێوەدا بەڵگەنامەکانی دەزگای جاسوسی و تۆقێنەری ساواك، چاوپێکەوتنەکان جگەلە سێبەڵگەنامەکەی (کۆمیتەی ساخ کەرەوە، کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دیموکرات و بەیان نامەی چەکدارە شۆڕشگێڕەکان، کەکاکە شازین پاکی کردوونەوەو ئامادەی کردوون گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە.

هەر لێرەدا پێویستە بوترێت کەتەنیا ئامانجێکی زانستیانە لەپشت ئەم نوسینەوەیەو سینگیشمان بەرفرەیە بۆ هەر دڵسۆزو ئاگاداری و بۆچوونی تایبەتی و پێچەوانەی خوێندنەوەکەی ئێمەی بۆ ڕوداوەکانی ئەم قۆناغە هەبێت و گەلێکیشی لێمەمنون دەبین گەر لەو بۆچوونانەی ئاگادارمان بکاتەوە، یاخود بۆخۆی چەندی بۆدەکرێ و چۆنی بۆ دەلوێ



بڵاویان بکاتەوە، چونکە ئەرکی ڕاستەقینەی زانستی مێژوو گواستنەوەی ڕووی ڕاستی ڕوداوەکانە بێگوێدانە هەر دەمارگیرییەك، لەگەڵ هیوای زیاتر خزمەتکردنی مێژووی نەتەوەکەمان و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی کتێبخانەی مێژوویی کوردیمان...

**یاسین سەردەشتی**

**ئامێدی : ١ی ئایاری ٢٠٠١**

***ئەم بابەتە لە ٢١ی گوڵانی ٢٠٠١ لەباخچەی یەکێتی نوسەرانی شاری دهۆك وەك سمینارێك پێشکەش کراوەو بەسێبەش لەژمارە ١١٣-١١٤-١١٥ ی گۆڤاری مەتینی هێژادا بڵاوکراوەتەوە.**

## ڕەوتی ڕوداوە نێوخۆییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نیوەی یەکەمی دەیەی شەستەکاندا.

هەڵگیرسا٠٠ندنی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ و وەدیهاتنی بارودۆخێکی ئازادو ئاوەڵا لە کوردستانی عێراقدا، پەناگایەکی لەباری بۆ ئەو کوردە ئازادیخوازانەی کوردستانی ئێران ڕەخساند کەلە ترسی راونان و لەژێر فشاری دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی ناچار بوون شارو گوندەکانی خۆیان جێبهێڵن وڕێگای سنورە دەستکردەکانی ڕۆژئاوا بگرنەبەر، بەتایبەتی دوای شاڵاوی بەربڵاوی ساواك بۆ سەر شانە و کۆمیتە کانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩ دا، جگە لەوەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکدارانەی کوردستانی عێراق لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ و هەڵچونی هەستی نەتەوایەتی لە گشت پارچەکانی کوردستاندا ئەوەندەی تر هانی کوردە ئازادیخوازە ئێرانییەکانی دا روو لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش بکەن، کەبەشێکی زۆر لەوانە ئامادە بوون وەك پێشمەرگە شان بەشانی براکانیان لە سەنگەرەکاندا دژی پەلامارەکانی سوپای داگیر کەری عێراق بەرگری و خەبات بکەن، مەسەلەیەکی بەو جۆرە کە گیانی یەکبونی نەتەوەیی گەلی کوردی بە هێزتر دەکردو یەکپارچەیی خاکی کوردستان و کێشە نەتەوایەتییەکەی دەسەلماند، کەخۆی لە خۆیدا ڕەهەندێکی ئیجابی ئەو قۆناغەی شۆڕشی کوردستان بوو کە بەداخەوە تاسەر بەردەوام نەبوو.

ئەگەر بمانەوێت لە لایەنی سەلبی مەسەلەکەش بدوێین، بەتایبەت سەبارەت بەهەل و مەرجی ئەو دەمەو ئایندەی جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی کوردەکانی ئێران، ئەوا دەتوانین راشکاوانە بڵێین کە پەنابەری بەشێکی



ڕێبەرایەتی و ئەندامەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کوردستانی عێراق چەند ئاکامێکی زەق و نالەباری لێکەوتەوە، یەکەمیان:

هەڵکەنینی ناوەندی ڕێبەرایەتی حیزب و گواستنەوەی بۆ ئەو پارچەیەی کوردستان و دوور کەو تنەوەی لە مەیدانی خەباتی راستەقینەی خۆی کە کۆمەڵێك گیروگرفتی ئێجگار گەورەی بۆنایەوە، کە خراپترینیان بریتیبوو لەدابڕانی راستەوخۆ لە روداوەکانی ئێران و لاوازی پەیوەندی بە تێکوشەرانی ناو خۆی وڵات و کەوتنە ژێر رەحمەتی روداوەکانی عێراق و کوردستانی عێراقەوە، مەسەلەیەکی وا کەلەو کاتەوە تانوکە بۆتە نەخۆشییەکی درێژخایەن و جەستەی حیزبی دیموکراتی شەکەت کردووەو کاریگەرییەکی لە رادەبەدەری خراپی لەسەر تێکۆشانی ئەو حیزبە جێهێڵاوە[1].

ئاکامی نالەبارو دزێوی دووەمیش ئەوە بوو کەمەسەلەی خەبات و پێ چەقاندن و ڕووبەروو بوونەوەی پێشترو راستەوخۆی حیزبی دیموکرات لە بەرامبەر رژێمی شاهەنشاهیدا، رۆڵێکی سەرەکی لە بواری یەکبوونی ریزەکانی حیزب و کزکردنی ناکۆکیەکانی نێو ڕێبەرایەتی وکادرەکانیدا هەبوو، ئەو ناکۆکییانەی کە دوای گواستنەوەی ناوەندی ڕێبەرایەتی حیزب بۆ کوردستانی عێراق و لەژیانی ئاوارەییدازەمینەی قوڵ بونەوەو دواتر دەرەتانی تەقینەوەی بۆرەخسا، بە جۆرێك جگە لە چەند دەستەیی و چەند بەرەکی، روداوی دڵتەزێن و خێناویشی لێکەوتەوە کە تەنیابەقازانجی دوژمنی داگیر کەرو بەزیانی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا کۆتایی هات، چەند بەرەکییەك کە بووە نەریتێکی نەخوازراو و داڕزێنەر لە مێژووی حیزبی دیموکرات و جوڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بە جۆرێك

شوێنەوارە سەلبییەکەی تائێستاش نەسڕدراوەتەوەو لەئایندەشدا بە ئاسانی ناتوانرێ ڕێگای لێ بگیرێت.

پێویستە لێرەدا ئەو راستیە لە بیر نەکرێت کە ناوەندی ئاوارەیی و مەنزڵگا نوێیەکەی رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات هەرێمێکی هێمن و ئارام و بێ گرفت و گێرمەو کێشە نەبوو، بەڵکو لەو قۆناغەداو تانوکەش بە ناوچەیەکی ئاڵۆزو پڕگرفت ناسراوەو روداوەکان و هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان تیایدا بە چەشنێکی زۆر قوڵ و خێرا گوزەر دەکەن، لەوەش زیاتر خودی جولانەوە نەتەوایە تییەکەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا کە جگە لە فاکتەری پیلانی دەوڵەتە هەرێمییە داگیر کەرەکانی، لە ئەنجامی دواکەوتوویی ئابوری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردەواری، بالادەستی عەقلیەتی سیاسی خێڵەکی - ئایینی - دەرەبەگی، سستی هۆشیاری رۆشنبیری و سیاسی و لاوازی ریشەی ژیانی پارتایەتی ساخلەم، هەست نەکردن بە لێپرسراوی و قوربانیدان بە بەرژەوەندییە بالاکانی نەتەوەیی لە پێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە شەخسییەکان و بۆچوونی تەسکی حیزبایەتی، کزی گیانی دیموکراسی و بەرزی ئارەزووی خۆسوپاندن و پاوانخوازی ............ هتد، مێژووییەکی دوورو درێژی ناکۆکییەکانی ناوخۆو دووبەرەکی هەیە کەتاڕادەی سەنگەر لە یەکگرتن و داهێنانی دیاردەی خۆخۆری و کوردکوژی پەرەی سەندووە[2]، مەسەلەیەکی خەتەرناکی بەو شێوەیە کە بە خراپی لە سەریەکێتی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان قامکی دانا، بگرە لەوەش زیاتر رێبەران و ئەندامانی حیزبی دیموکرات و بە جۆرێکی والە ناکۆکی و چەند بەرەکییەی جولانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا تێوەگلان لە هەندێك جار بۆ خۆیان ڕۆڵی سەرەکی و ئاگر خۆشکەریان دەبینی[3]، کارێکی واکە زۆر بە خراپی ئاسەواری لە سەر ریزەکانی



خودی حیزبی دیموکرات و پەیوەندییەکانی بە حیزب و لایەنە سەرەکییەکانی کوردستانی عێراق بەجێ هێشت.

بەهەر حاڵ وەك ئاشکرایە لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩و سەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا بەشێکی ڕێبەرایەتی و ئەندامەکانی حیزبی د\یموکراتی کوردستان کە نەکەوتبوونە بەر شالاوە بەربلاوەکەی ساواك وەك ( ئەحمەد تۆفیق، عەبدولرەحمانی قاسملۆ، قادرشەریف، سولەیمانی موعینی، کەریمی حیسامی، یوسفی ڕێزوانی، قاسمی سوڵتانی، هاشمی حوسێن زادە، مەلا باقی، سەعید کاوە، عەزیزی فەلاحی و عەولای عیزەت پور.......هتد ) لە عێراق گیرسابوونەوە، ئەوانە هەندێکیان لە بەغداو هەندێکی تریشیان لە شارەکانی کوردستاندا دامەزرابوون، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی کە ئاوارەیەکی زۆری کوردە ئێرانییەکانی لێ کۆبوبوونەوە، کە هەندێکیان لە ناو شاردا خانوویەکیان بۆ تەرخان کردبوون کە ناوی ( کۆمۆن )یان پێ دەوت، ژمارەیەکی دیشیان کەنزیکەی (٢٠٠) کەسێك دەبوون لە نێو خانووە حکومییەکانی سەرچناردا دەژیان و ژیانێکی زۆر خراپیان بەسەر دەبرد[4] ، ئالەم وەختە ناسکەدا کەدەبوایە هەموو ئاوارەکان لە ژێر باڵی ڕێبەرایەتییەکی کارامەو یەکگرتوودا کۆ ببنەوەو ریزەکانی حیزب بە چەشنێك ڕێکخرێتەوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ببنە هێزێکی بەرچاو خاوەن سەنگی تایبەت و ڕێزلێگیراو، کەچی بەپێچەوانەوە لە هەل و مەرجێکی نالەباری بەو جۆرە، ئەو ناکۆکیانەی کە کونفرانسی یەکەمی حیزب بە نیوە ناچڵی و بێ چارەسەر کردن بەڕێی کردبوون، توندتر لە جاران و بە تێکەڵی لە گەڵ چەند ناکۆکی ئاڵۆزی نوێتر سەریان هەڵدایەوەو بە شێوەیەکی خراپ تەقینەوە.

دیارە جەمسەرو ڕووی ناسراوی ئەو ناکۆکییە لە نەهاتووەش دوو ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزب بوون کە بریتیبوون لە ئەحمەد تۆفیق و عەبدولڕەحمانی قاسملۆ، چونکە هەرچی ئەحمەد تۆفیقە وێڕای ئەوەی ئەندامێکی بزۆزو هەلسوڕ و خۆڕاگری حیزب بوو، لە لایەن ژمارەیەك لە کادرانەوە بە کابرایەکی ناسیونالیستی توندڕەو و ئەنتی کۆمۆنیستێکی پاوانخواز تاوانبار دەکرا کەبەهیچ جۆرێك پابەندی کاری تەشکیلاتی نییە و خۆی لە ئوسوڵی حیزبایەتی دوور ڕادەگرێت [٥] ،هەرچی قاسملۆشە لە لایەن ئەحمەد تۆفیق و لایەنگرانییەوە بە تودەیی و پیاوی تودە تاوانبار دەکرا کە خوازیارە بۆ هەتاهەتایە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر سایەی ڕێنماییە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی حیزبی تودەی ئێراندا بهێڵێتەوەو دوور لە ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد کە تائەو کاتە تودە هیچ باوەڕێکی پێی نەبووە، بە خەباتی دژی ئەمەریکاو دەهۆڵ لێدان بۆ یەکێتی شورەوی و بلۆکی سۆسیالیستیەوە سەر قاڵیان بکات[٦]، دوو ڕەوتی بیرو ئایدیای جیاواز کە ئەوسا بە ڕاست و چەپ ناودەبران و لەژێر کاریگەری ڕوداوە سەرتاسەرییەکانی ناوچەکەو کوردستانی عێراقدا تا دەهات زیاتر لە یەکتری دوور دەکەوتنەوە.

هەژار موکریانی لە باسی ئەحمەد تۆفیق دا دەڵێت کە پێشتر مارکسی بووەو بڕوای بە ئێرانچێتی و هەتا عێراقچێتی و تورکچێتی هەبوو لە پاڵ کۆمۆنیستەکاندا، بەڵام دوای ئەوەی هاتۆتە کوردستانی عێراق و باسی گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی (( ئەو فەلسەفەو فلْتەفلْتەی پێشوی نەمابو..... ببوە کوردێکی خۆماڵی و هەرکەس کوردستان لە کورد داگیر بکالە بەرازو ئیستیعمار پیسترە)) [٧].

هەڵبەتە ئەحمەد تۆفیق لەم کاتەدا جگە لەوەی سەربەخۆ بەیاننامەیەکی بڵاو کردبۆوە و تیایدا ئاماژەی بەوە دابووکە ((بۆرژوای



عەرەب کەوتۆتە سەر ناسینی مافی کورد)) [٨] بەردەوام بە دژی یەکێتی شورەوی و حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی تودە تەبلیغاتی دەکردو باسی لەوە دەکرد کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەیە لەو قۆناغەدا هاوکاری بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بکات و پێویستە سیاسەتکارانی کورد ئەو دەرفەتە بۆ خۆیان بقۆزنەوە [٩]، مەسەلەیەکی واکە لەو دەمەدا بە گوناهێکی گەورە و بێ لێخۆشبوون لە قەڵەم دەدرا، چونکە ئەو دەمە جگە لەوەی شورەوی وەك قەڵاو پاڵ پشتی میللەتانی چەوساوە ناودەبرا، ئەمەریکاش لە بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانی نەتەوە ژێر دەستە کاندا خاوەن ڕوویەکی قێزەوون و هەڵوێستێکی نەگریس بوو، بە تایبەتی لە ئێراندا کە ڕۆڵی ئەمەریکا لە چەسپاندنی دیکتاتۆرییەتی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی و تەفروتوناکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و تەواوی نەهامەتییەکانی گەلانی ئێراندا لە هیچ لایەنێك شاراوە نەبوو. دیارە لە سۆنگەی ئەوەشەوە بوو کە بە درێژایی حوکمی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی و بگرە دوای ڕوخاندنیشی، مەسەلەی خەبات دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاکرا بوو مەرج و پێوانەی پێشکەوتنخوازی و دیموکراتخوازی و هەقخوازانەی هەر گروپ و ڕێکخراوی ئێرانی و کوردستانی.

لەڕاستیدا ئەحمەد تۆفیق خۆی لە مەوقعییەتێکی وادا دیتەوە کە بێ گوێدانە هەر سەرزەنشتێك هێرشێکی سەرسەختانەی بۆ سەر ئەندامە مارکسی و تودەییە ئایدیاکان و لایەنگرانی شورەوی و ئۆردوگای سۆسیالیستی لە ناو حیزبی دیموکراتدا دەستپێکردو دەیویست بەهەر نرخێك بێت نەك هەر لە حیزب، بگرە لە عێراقیش وەدەریان نێت، شایەنی باسە هەل و مەرجی سیاسی عێراق و کودستانی عێراقیش لەو قۆناغەدا بە قازانجی هەنگاوەکانی ناوبراو دەچووە پێش، بەتایبەتی تێکچوونی

پەیوەندییەکانی عەبدولکەریم قاسم و حیزبی شیوعی، هەروەها توندبوونی ناکۆکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی کە لەو دەمەدا گەیشتبووە پۆپە، جگە لەقوڵ بونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان باڵە جیاوازەکانی خودی پارتی کە ئاکامەکەی بەدەرکردنی هەمزە عەبدوڵڵاو لایەنگرانی لەپارتی کۆتایی هات.

هەربۆیە ئەحمەد تۆفیق بە پاڵپشتی پارتی لە لایەک و بەپشت بەستن و گرێدانی پەیوەندی توند وتۆڵ لە گەڵ بە ڕێوەبەرایەتی ئەمنی عێراق لە سەردەمی قاسمدا لەلایەکی دییەوە، توانی نەیارەکانی لە مەیدان دەرپەڕێنێت و وەك بەرپرسی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی بناسێنێت و دەسەڵاتی بەسەر کوردە پەنابەرە ئێرانییەکاندا بسەپێنێت، شایەنی باسە عەبدولڕەحمانی قاسملۆو کەریمی حیسامی لە ترسی هەڕەشەکانی ئەحمەد تۆفیق و لەژێر فشاری بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی عێراقدا ناچار بوون بەغدا جێبهێڵن و بچنە ئەوروپای ڕۆژ هەڵات، کەسانێك وەك ( یوسفی ئەنوەری، قاسمی سوڵتان، عەزیزی فەلاحی و محەمەد ئەمینیڕاتبی ) و چەندی دی کەلە وەرگرتنی مافی پەنابەری بەهۆی حیزبی تودەوە لە ئەوروپایێ هومێد بوون، خۆ تەسلیم کردنەوەو چونە ناو زیندانە تاریکەکانی ڕژێمی شاهەنشاهییان لە هەڕەشەو گوڕەشەکانی ئەحمەد تۆفیق لا پەسەندتر بوو[١٠].

دیارە گیانی پاوانخوازی و خۆ سەپاندنی ئەحمەد تۆفیق تەنیا لەحیزب دەرپەڕاندنی نەیارەکانیدا ڕانەوەستا، بەڵکو بۆخوێن ڕشتنیشیان تێپەڕی کرد، وەك ئەوەی خەری بوو بە پیلانێك لە سلێمانی عەبدولڕەحمانی قاسملو بکوژن کە بە هۆی دەخالەتکردنی چەند ئەندامێکی حیزبی شیوعی عێراقییەوە سەری نەگرت[١١]، یاخود کوشتنی ( ئەسعەد خودایاری ) لە ساڵی ١٩٦٠ دا، کە یەکێك بوو لە باشترین کادرە



ئازاودڵسۆزەکانی حیزب لە ڕێگەی قەڵادزێ - سونێ، کاتێك ناوبراو دەیویست بە پێچەوانەی فەرمانی ئەحمەد تۆفیقەوە بۆ کوردستانی ئێران بگەڕێتەوە[١٢]، ئەو جۆرە کارانەی کەنێوەرۆکێکی ئەوتۆی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان نەهێشتبۆوە، وەك سەعید کاوە وتەنی(( حیزبی دیموکرات هەر بە نێو مابوو. نەتەشکیلات و نەکۆمیتەی ناوەندی و نەجولانەوەو نەنوسین .... وەك حیزبێکی هەڵسوڕ هیچ ئاسارێکی دیار نەبوو ))[١٣]. لەلایەکی دییەوە هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکدارانەی ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ لە کوردستانی عێراق و پەرەگرتنی شۆڕشەکە بەدوای هاتنە سەر کاری حیزبی بەعسی عەرەبی شۆڤێنست بووە هەژاندن و هەڵچوونی هۆشی نەتەوایەتی کورد لە سەرانسەری کوردستانداو کاروانی پشتگیری و یارمەتی ماددیی کوردەکانی ئێران بۆ شۆڕش دەستی پێ کرد، شایەنی باسە ڕژێمی شاهەنشاهی و ئەندامەکانی تری پەیمانی سەنتۆ بۆ دژایەتی کردنی شۆڕش و توند کردنی گەمارۆی ئابوری و سەربازی لە سەر کوردستانی عێراق پێکەوە قۆڵیان لێ هەڵمالی، دەسەڵاتدارانی تاران بە مەبەستی بەرەنگار بوونەوەی هەستی هەڵچووی نەتەوایەتی لە کوردستان و ڕێگرتن لەو هاوکاری و پشتگیرییەی لە لایەن کوردەکانی ئێرانەوە بۆ شۆڕش ڕەوانە دەکران چەند هەنگاوێکی بە پەلەیان هەڵهێنا، یەکێك لەوانە پیادەکردنی شالاوێکی بەربلاوی ڕاونان و گرتن و زیندانی کردنی ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی شۆڕش و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو لە ساڵی ١٩٦٣دا، کە بەشێکی ئەوانە لە زیندانەکانی قەسری قەجەرو قزڵ قەڵا بۆ ماوەیەك ڕاگیران و ئەشکەنجە دران[١٤]، دیارە تێکڕای ئەو ڕوداوە جۆربەجۆرانە تا ڕادەیەکی زۆر زەمینەی بۆ ئەحمەد تۆفیق لە کوردستانی عێراق ڕەخساند کە زیاتر پێی خۆی بچەسپێنێت و ئەندامە پەرتەوازەکانی حیزب و کوردە پەنابەرەکانی

ئێران لە ژێر باڵی خۆیدا کۆ بکاتەوەو بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەست بەکارکردن بکەنەوە.

سەرەتا ئەحمەد تۆفیق لە گەڵ چەند ئەندامێکی حیزبی وەك: سەعید کاوە، سولەیمانی موعینی ( فایەق ئەمین )، سەلاحەدینی موهتەدی ( مستەفا )، محەمەدی ئیلخانی زادە (کاوە) لە شاری کۆیە کۆبوونەوەیەکیان کردو بێ ئەوەی باس لە پرۆگرامێك و ئۆرگانێکی حیزبی بکرێت، کۆمیتەیەکیان بەناوی ( کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان ) پێکهێناو مەسەلەی کۆکردنەوەو گەیاندنی یارمەتییەکانی کوردەکانی ئێرانیان بۆ شۆڕش کردە ئەرکی پلە یەك و ناوچەکانی بەم جۆرە بەسەر ئەندامەکانی کۆبونەوەکەدا دابەشکرا:

سولەیمانی موعینی لەناوچەی بانەو گەورك و مەنگوڕی مەهاباد، مستەفا لە ناوچەی بۆکان و سەقزو هەوشار، سەعید لە ناوچەی لاجان و سوندس و شنۆ، کاوەش وەك بەرپرسی بەشی پێشمەرگە کە ئەو دەمە هەر ١٤ - ١٥ پێشمەرگەیەك دەبوو، خودی ئەحمەد تۆفیقیش وەك ئەڵقەی پەیوەندی نێوان حیزب و شۆڕش دیاری کرا[١٥].

شایەنی باسە کۆمیتەی بەڕێوەبەری چەند بنکەیەکیان لە سونێ، زینۆی شێخ وسەنگەسەری ناوچەی ڕانیە و پشدەر دامەزراندو ئەحمەد تۆفیق لە جیاتی ڕۆژنامەی ( کوردستان )ی ئۆرگانی حیزبی دیمکرات، هەواڵنامەیەکی بەناوی (دیسان بارزانی)یەوە دەرکرد، هەروەك سەعید کاوە دەڵێت ((ئەحمەد تۆفیق دوو مەبەستی لەدەرکردنی ((دیسان بارزانی))دا هەبوو، یەکەم پتر خۆی لەبارزانی نزیك بکاتەوە، دووەم گرینگی بەوهەواڵانە بدرێت وبنوسرێت کەلە ناوچەی باڵەکایەتی ڕوو دەدەن))(١٦).



بەهاتنی ژمارەیەك لەلاوە ڕۆشنبیرو خوێن گەرمەکان وئەندامانی لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ ناوچەی ئازادکراوی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٣ دا وەك (حەسەنی رستگار، حوسێنی مەدەنی، سمایلی شەریفزادە، حەمەدینی ئەمینی سیراجی، سالاری حەیدەری)وچەندی دی، هەل ومەرجی بوژانەوەی حیزبی دیمکرات وسەرپێکەوتنەوەی زیاتر ڕەخسایەوە، چونکە دوای دەرپەڕاندنی کادرەکانی وەك قاسملو وحیسامی لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە، حیزبی دیمکرات بەکادری سیاسی و تەشکیلاتی لێهاتوو هەڵدەسوڕاو لەبێسەروبەرییەکی کەم وێنەدا دەژیا، وێڕای ئەوەش بەهۆی سروشتی تاکڕەوی و گیانی دژەرێکخراوەیی ئەحمەد تۆفیق نەتوانرا سوود لەتوانا وخوێن گەرمی ئەولاوانە بکرێت وبەقازانجی پتەوکردنی ڕیزەکانی و پەرەپێدانی چالاکییەکانی حیزب و زیندووکردنەوەی جوڵانەوەی نەتەوایەتی لەکوردستانی ئێراندا هەنگاو هەڵبهێنرێت، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا بەهۆی دەنگدانەوەی سەرکەوتنەکانی شۆڕش لەکوردستانی عێراقدا ولەئەنجامی پیادەکردنی ریفۆرمی بێ جێورێی ڕژێمی شاهەنشاهی وفشاری دەزگای داپڵۆسێنەرەکانی لەکوردستانی ئێران هەستی نەتەوایەتی وگیانی دژایەتی دەسەڵاتی ناوەندی لەنێو زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لەئێران قوڵپی دەدا.

هەر بۆ نموونە لەشاری سەقزدا بۆیەکەمین جار ڕاپەڕینێکی بەرفراوان دژی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندی ئەنجامدرا کەزیاتر لە (١٥٠٠)کەس لەخەڵکی بێکارو زەحمەتکێشانی شار بە بەردو دارەوە هێرشیان بردەسەر دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت و بنکەی پۆلیسی سەقز، ئەو ڕاپەڕینەی کە سەرکوتکردنی لەتوانای دەزگا داپڵۆسێنەرە نێوخۆییەکانی ڕژێم بەدەربوو، هەر بۆیە لەلایەن فەماندەی

شارەوە بەپەلە لەشکر ئاگادار کرایەوە کە گەمارۆی سەقز بدەن‌و بۆ تێکشکاندنی ڕاپەڕیوەکان بکەوتنە خۆ، ئەوە بوو دوای هاتنەناوەوەی لەشکرو گرتن وکوشتن‌و بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر لەڕاپەڕیوەکان کۆتایی بەڕاپەڕینەکە هات(١٧).

سەعید کاوە مەسەلەکە بەوجۆرە لێکدەداتەوە کاتێك دەڵێت ((ئەحمەد تۆفیق نەی‌دەهێشت لاوەکان لەنێو حیزبدا بمێننەوەو پێبگەن، کاتێك دەهاتن دەی‌ناردنەوە، لەنێو خۆماندا باوبوو کە ئەحمەد تۆفیق لەلاو و خوێندەوار دەترسێ، کاتێك یەکێکی نەخوێندەوار دەهاتە دەرێ، کاری‌بەوە نەبوو بۆ هاتۆتەدەر؟ چەتە بووە، یان پیاوی کوشتووە، زوو چەکی دەدایەو لەلای خۆی دەی کرد بە پێشمەرگە، ئێ‌نەخوێندەوار باشتر وەردەگیرا ونرخی لەلای ناوبراو پتر بوو))(١٨). دیارە مەسەلەیەکی وادوور نییە لەو گومان‌و دڕدۆنگییە سەرچاوەی گرتبێ‌کە ئەحمەد پێشمەرگەیەکی بۆ حیزب دەویست کەبێ چەندوچوون قورسترین ئەرکی پێشمەرگایەتی وفەرمانەکانی بێ ئەم لاولا جێبەجێ بکات، مەسەلەیەکی کەبەلاوە ڕۆشنبیرو پەروەردەی شارو وزانکۆکان ڕانەدەپەڕێنرا. لەلایەکی ترەوە ئەحمەد لە پەیوەندییەکانیدا بوو لەگەڵ ئاغاو دەرەبەگەکانی هەردوو دیوی کوردستان ودۆستایەتی لەگەڵدا دادەمەزراندن وهاوکاری لێوەردەگرتن، بەتایبەتی لەو کاتەدا کەژمارەیەکی زۆر لە ئاغاواتی کوردستانی ئێران وەك دژە کردەوەیەك بەرامبەر پیادەکردنی ریفۆرمی زەوی، ناوچەکانی خۆیان جێهێڵابوو وهاتبوونە کوردستانی عێراق وبۆئەوەی بەقەولی خۆیان ببنە (پێشمەرگە)، ئەو سیاسەتە پراگماتییانەی ئەحمەد تۆفیق کەژمارەیەکی زۆری ئەندامانی حیزبی دڕدۆنگ کرد، ئەوانەی ناوبراویان بەدۆستی دەرەبەگی کۆنەپەرستی کوردو نەیاری لاوانی ڕۆشنبیر لەقەڵەم دەدا(١٩).



لەهەل‌ومەرجێکی بەو جۆرەدا ولەگەرمی توندوتیژبوون وئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی‌و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیمکراتدا(٢٠)، ناکۆکییەکانی نێو کۆمیتەی ڕێبەرایەتی کاتی حیزبی دیموکراتیش قوڵتر دەبۆوەو ناڕەزایەتی ئەندامەکانی کۆمیتەکە بەرامبەر شێوازی کارکردنی تاکڕەوانەی ئەحمەد تۆفیق زیاتر پەرەی دەسەندو ڕووی لە تەقینەوە دەکرد.

لەڕاستیدا هێشتا ماوەیەکی ئەوتۆ بەسەر دامەزراندنی کۆمیتەی کاتی تێپەڕی نەکردبوو کاتێك دوو ئەندامی ئەو کۆمیتەیە واتە (مستەفا کاوە)ئەحمەدتۆفیقیان بەجێ هێڵا ولەقەڵادزە بەپاڵپشتی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمەڵەیەکیان بەناوی (کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان) دامەزراند وسەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند(٢١)، هەروەها مەلا ئەحمەد شەڵماشی ناسراو بە(مەلا ئاوارە) لەم قۆناغەدا بێ‌ئەوەی پەیوەندییەکی بەئەحمەدتۆفیقەوە بێت خەتێکی تەشکیلاتی سەربەخۆی حیزبی دیمکراتی لەناوچەی سەردەشت بۆ خۆی پێکهێنابوو کە بارەگاکەیان لەناوچەی ماوەتی شارباژێڕی کوردستانی عێراق بوو، ئەو خەتە تەشکیلاتییەی کە جگە لەمەلا ئاوارە کەسی دی نەدەناسی وزۆربە خێرایش پەرەی دەگرت(٢٢).

لەم بارەیەوە دەتوانرێت دامەزراندنی (کۆمیتەی ساخ کەرەوەی حیزبی دیمکراتی کوردستان) لەلایەن چەند ئەندام وکادری پێشکەوتووی حیزبەوە بەهەڵوێستێکی لێبڕاوی سەربەخۆخوازانە دابنرێت لەپێناوی کۆکردنەوەی وردە وردەی ئەندام وپێشمەرگە لێك بڵاو وسەرگەردانەکانی حیزب وهەوڵدان بۆ دامەزراندنی چوارچێوەیەك بەمەبەستی پیادەکردنی ئوسوڵی حیزبایەتی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە وڕووبەڕووبونەوەی ئاکاری تاك ڕەوانەی ئەحمەد تۆفیق دا، ئەو کۆمیتەیەی کەسەرەتا لە پاییزی

سالی ١٩٦٣ دا لەگوندی زینوێ شێخی لەدانیشتنێکی سێ قۆڵی (قادر شەریف، حوسێنی مەدەنی وسەعید کاوە)دا بناغەی داڕێژراو بڕیار بوو لایەنیکەم ساڵێك بەنهێنی هەڵسوڕێت(٢٣).

کاك حوسێنی مەدەنی لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەئامانجی بنیاتنانی کۆمیتەی ساخ کەرەوە ڕایگەیاند ((مەبەست لەدامەزراندنی کۆمیتەی ساخ کەرەوە، ساخکردنەوەی وەزعی حیزبی دیمکرات بوو، چۆنی ساخ بکاتەوە؟ بەجۆرێکی وا لەوسەرگەردانیو بێسەروبەرەییە دەری بهێنێت، ئێمە کە ئەندامانی حیزبی وهەر لەسەر ئەساسی پابەندبوونمان بەو حیزبەوە ئاوارە ببووین، نزیکەی سەد کەسێك دەبووین نەدەبووین، ئەویشمان هەبوو وەك تۆوی زەوی لەناوچە جیاوازەکانی کوردستانی عێراقدا بلاوبووین، ئەحمەد تۆفیق کەئەلحەقی مرۆڤێکی هەلسوڕ وخۆڕاگربوو، لەڕۆژە سەختەکانی خەباتدا مابۆوە، بەڵام هیچ سەروکارێکی لەگەڵ مەسەلەی حیزبایەتیدا نەبوو، بەچاولێکەری هەندێك دەیویست ئەو سەرۆك بێت وئێمە هەموو چەکداری بین ولە پشتیەوە بڕۆین، ئێمەش دەمانگۆت ئێمە ئەندامی حیزبین ودەبێت سەروسامانێك بەحیزبی لەقەوارە دەرچوومان بدەینەوە،

یائەحمەد تۆفیق ڕکێشینەوە ژێر باری ئوسوڵی تەشکیلاتی ولەتاك ڕەوییە پەشێمانی کەینەوە، یاخود ئێمەش ببینە هێزێك کەسەنگی خۆی هەبێتو وردە وردە بتوانین ئەندامەکانی حیزب لەدەوری خۆ کۆبکەینەوە و ئەحمەد تۆفیق وەتاق بخەین، دیارە ئێمە هەرگیز ئەوەمان قبوڵ نەبوو کەببینە پێشمەرگەیەکی سادەو بێ ئالایش لەشۆڕشی کوردستانی عێراقداو حیزبی دیمکرات هەروا بێ نێوەرۆك بهێڵرێتەوە، ڕەنگە خودی مەلا مستەفای ڕەحمەتیش کارێکی وای پێ خۆش نەبووبێ، هەر بۆیە لەهەلومەرجێکی وادا بڕوامان بەوە بوو کەلە ڕێگای بێ لایەنی



وپەیوەندیکردن بەسەرۆکایەتی شۆڕش وخودی بارزانییەوە گرفتو کێشەکانمان چارەسەر ویەکلا بکەینەوەو حیزب لەو سەرگەردانییە بێنینە دەرەوە کەبەداخەوە سەرنەکەوتین))(٢٤).

لەڕاستیدا کۆمیتەی ساخ کەرەوە نەیتوانی پێی خۆی بچەسپێنێت وهەر زوو هەنگاو وئامانجەکانی بۆ ئەحمەد تۆفیق ئاشکرا بوو، هەر بۆیە ناوبراو بەتوندی دژە کردەوەی بەرامبەر نواندنو بنکەکەیانی لەزینوێ شێخی بەتەواوی چەك کردو تەواوی ئەندامەکانی لەناوچەکە ڕاونان، ئەو ئەندامانەی لە نیسانی ١٩٦٤دا پەنایان بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی بردو لەگوندی مالومە نیشتەجێبوون، کەدواتر لەوێش نەمانەوەو بەرەو گوندی (گرتگاشە)ی ناوچەی ئالان باریان کردو بوونە میوانی مەکتەبی سیاسی(٢٥). شایەنی باسە ئەندامانی کۆمیتەی ساخ کەرەوە بەپاڵپشتی وهاوکاری خانەخوێکەیان لەو ناوچەیەدا کەوتنە خۆو چەند کادرێکی تری وەکو (مەلا ئاوارە ومەلا ئەبوبەکر فەلسەفی) یان ڕاکێشایە نێو کۆمیتەکەوە، جگە لەو ئەندامانەی کە دواتر هاتنە گرتگاشە وەك (مەلا ڕەسوڵی پێشنماز، قادری قازی، مەلا حەسەنی ڕستگار، خەلیل شەوباش ... هتد)، کە تێکڕا ٢٣ کەس بوون، هەروەها کۆمیتەی ساخ کەرەوە جگە لەدامەزراندنی خولێکی سیاسی بۆ بارهێنانی ئەندامەکانی، لەم ساتەوەختەدا بەدەرکردنی بەیاننامەیەك لە ١٧ ی حوزەیرانی ١٩٦٤ دا بوونی خۆی ڕاگەیاند(٢٦).

بەیاننامەکەی کۆمیتەی ساخ کەرەوەی حیزبی دیمکراتی کوردستان کەلەلایەن قادر شەریفەوە ئامادەکراوە، بەتوندی هێرش دەکاتە سەرئاکاری تاك ڕەوانەی ئەحمەد تۆفیق وبەتاوانی پەیوەندی کردن لەگەڵ (ویلیام ئینگلتن)ی باڵیۆزی ئەمەریکا ودوو ئەندامی تری باڵیۆزخانەکە لەتاران بەناوی (ریسگ وگیف)ەوە کاریان دەکرد، وەك خائین

ناسێندراوە، بەیاننامەکە جگە لەوەی باس لەوە دەکات کە ناوبراو لەڕێگای سلێمانی - سنەوە بۆ ئەو چاوپێکەوتنە بەئاگاداری دەزگای ساواك چۆتە تاران، ئاماژەی بەوەش داوە کەئەحمەد تۆفیق وەك جاسوسێکی ئەمریکا هەڵدەسوڕێت وپەیوەندیبە (مسیۆ زەکیانی)ی سەرۆکی خەیرییەی ئیسرائیلییەوە لەتاران کردووە کەبەپێی بەیاننامەکە وەك نوختەی پەیوەندی نێوان ئەحمەد تۆفیق و ئەندامانی بالیۆزخانەی ئەمەریکا لەتاران دیاریکراوە (٢٧). هەروەها بەیاننامەکەی کۆمیتەی ساخ کەرەوە جگە لەوەی هێنانی (داناشمیث)ی هەواڵنێری ڕۆژنامەی (نیۆیۆرك تایمز) بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش لە لوبنانەوە بەکارێکی سیخوڕییانەیان بۆ ئەحمەد تۆفیق داوەتە قەڵەم، نزیکەی ١٧-١٨ تۆمەتی تریان بۆ ڕیزکردووە لەوانە: دزینی ٩٠٪ی ئەو یارمەتییانەی لە کوردستانی ئێرانەوە وەك یارمەتی شۆڕش نێردراون، هاوکاری لەگەڵ سوپەهبود بەختیاری فەرماندەی ساواك، برەوپێدانی بیری شۆڤێنییەت ودورکەوتنەوە لە ڕێبازی دیموکراتی وپێشکەوتوخوازانە بەجێنەگەیاندنی ئەرکی پێسپێردراوی حیزبی وسەرپێچی لە دەستوورەکانی حیزب، گێڕانی ڕۆڵی گێرەشێوێنی لە نێوان بارزانیو مەکتەبی سیاسیدا، پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئەمنی عێراقو ڕاونانی نەیارەکانی خۆی بەپشت بەستن بەو دەزگایە وفڕاندن وقۆرخ کردنی کەرەسە وچاپەمەنی حیزبو بڵاوکردنەوی بیری تاك ڕەوانەی خۆی... هتد(٢٨).

دواتر بەیاننامەکە پێلەسەر ڕێبازی (مردن بۆ ژیانی) پێشەوا قازی محەمەد دادەگرێتو داوا لەگشت ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان وخەڵکی کوردستان دەکات کە بەو بەیاننامە وبڵاوکراوانە بڕوا نەکەن کە (ئەحمەد تۆفیق وکلکەکانی وەکو فایەق ئەمین) دەری دەخەن تا داواکارییەکانی



کۆمیتەی ساخ کەرەوە لەگرتنی کۆنگرەو دانانی ڕێویاسایەك بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی حیزب جێبەجێ نەکرێت، چونکە بەپێی بەیاننامەکە ((تەنیا وتەنیا هەر ئەو جنایەتکارەیە کە چەند ساڵە لەژێر نێوی: حیزب،سکرتێر، مەکتەبیسیاسی، کۆمیتەی مەرکەزی، نوێنەری گەلی کورد... هتد، چارەسەری حیزبمان لەپێناوی نییات ومەسڵەحەتی فەردیو ئاواتی ئاغاکانی بەرەو هەڵدێر بردووە)).

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا کۆمیتەی ساخ کەرەوە ڕووی دەمی دەکاتە چینوتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریو دەڵێت: ((جووتیاران، کرێکاران، ڕووناکبیران، مامۆستایان، پیشەوەران، عەشیرەتە نیشتمان پەروەرەکان لەو هەلە بەنرخ ومێژووییەدا کە پەردەی خیانەتو جینایەت لەسەر ڕوی ڕەشی (ئەحمەد تۆفیق) عبداللە ئیسحاقی هەڵدەدرێتەوە وەرن یەك بگرن هاوقەول وهاوپەیمان لە سەرشەرەفو کەرامەتی ڕابردوی حیزبمان دەستبەینە یەکتر بۆ یەکێتیو هاوکاری وخەباتی تێکڕایی بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو سەرچاوە مێژووییەمان کە حیزبی دیمکراتی کوردستان.

پاش بڵاوکردنەوەی ئەو بەیانە هەر کەسێك پەیوەندی مستقیم یاغیرە مستقیم بە جنایەتکار ئەحمەد تۆفیق..بکات بەلادەر لەڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتیوە دەرچوو لەقانوونی حیزبایەتی دەدرێتە قەڵەم.

سەکەوتن بۆ حیزبە مێژووییەکەمان حیزبی دیمکراتی کوردستان تاقە ئالاّ هەڵگری ئامانجی بەرزو دروشمی تایبەتی گەلەکەمان.

پتەو وبەهێزتر ڕیزی حیزبمان لە پێناوی یەکگرتنەوە ویەکێتی ڕاستەقینە..

سەرشۆڕی بۆ خائنانی ڕەوت وڕێبازی نەتەوە وحیزبمان. سەرکەوتو بێشۆڕشی پیرۆزی کورد لەکوردستانی عێراق بەرامبەر پارتی دیمکراتی کوردستان.

کۆمیتەی ساخ کەرەوەی حیزبی دیمکراتی کوردستان ٢٧/ حوزەیرانی /١٣٤٣ (٣٠)

کۆمیتەی ساخ کەرەوە لەگرتگاشە بڕیاریدا کەئەندامەکانی خۆی بەسەر سێتیمی تەشکیلاتیدا دابەش بکات بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەو ڕونکردنەوەی ڕاستییەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران، بەجۆرێك جەولاتی سیاسی هەر لەناوچەی مەریوانەوە تامەرگەوەڕو تەرگەوەڕ دەست پێبکرێت، هەوڵێکی واکە ئاسۆیەکی ڕونی نەهاتەپێش وتووشی شکستێکی لەناکاو دواتر بەهەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەکە کۆتایی پێهات، چونکە ئاندامانی کۆمیتەی ساخ کەرەوە کاتێك لەبەدیهێنانی پشتگیری وڕاکێشانی سەرنجی بارزانی سەرۆکی پارتی وڕابەری شۆڕش لەکوردستانی عێراقدا سەرنەکەوتن، پاڵیان وەمەکتەبی سیاسییەوە دا وبەهاوکاری ئەوان کارەکانیان ڕادەپەڕاند، دوای تەقینەوەو ئاڵۆزبوونی ناکۆکییەکانی نێو بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی عێراقو هێرش کردنە سەر مەکتەبی سیاسی لەناوەڕاستی تەموزی ١٩٦٤ و دواتر ئاودیوکردنیان بۆ ئێران لەلایەن بارزانییەوە، کۆمیتەی ساخ کەرەوە ئەو تاقە پاڵپشتە مادیی‌و مەعنەویەی لە دەستدا کەلە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراقدا هەیبوو، لەلایەکی ترەوە ئەو بەیاننامانەی کە ئەحمەدی تۆفیق پەیتا پەیتا لەسەر کۆمیتەی ساخ کەرەوە وئەندامانی بڵاوی دەکردەوە کە تیایدا بەدزو خۆفرۆش وخائین بە شۆڕش وبارزانی ناوزەدی دەکردن، تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری لەهەستو هەڵوێستی کوردەکانی ئێران بەدژی کۆمیتەکە وئەندامانی دەکرد، بەچەشنێکی خەڵکی لەشارو گوندەکانی کوردستانی ئێران بەچاوێکی سووکەوە تەماشای هەڵسوڕاوانی کۆمیتەی ساخ کەرەوەیان دەکرد وئامادە نەبوون گوێ بۆ قسەو ڕونکردنەوەکانیان ڕادێرن(٣١).



دیارە لەم نێوەدا ناکرێت ڕاوەدونانی دەزگا داپڵۆسێنەرەکای ڕژێمی شاهەنشاهی وڕاپۆرتی سیخوڕانی ساواکو پەلامارە بەردەوامەکانی ژاندارم بۆسەر تیمە تەشکیلاتییەکانی کۆمیتەکە بەئاسان بگیرێت، ئەو ڕاوەدونانەی تا ڕادەیەکی زۆر دەرەتانی حەوانەوەو هاتوچۆی بۆ جەولاتەکانی ئەندامانی کۆمیتەی ساخ کەرەوە نەهێشتبۆوە، وەك سەعید کاوە دەڵێت((ئێمەش بەو بەیاننامە ناقۆڵاو پڕمەترسیدارەی ئەو کات دەبوایە بەناوچە شاخانەوە بسووڕێینەوە، حکومەت وەك چاوێشەدار وسەگی چوارچاو لێ هاتبوو، دووشەو نەمان دەتوانی لەناوچەیەکدا بمێنینەوە، زۆر جاران کە دەچووینە جێگایەکو دەمانویست یەکێك ببینین بۆمان نەدەکرا ودەبوایە ئەو شوێنو ناوچەیە بەجێ بێڵین، ئەحمەد تۆفیق بڵاوی کردبۆوە کە ئەوانە لەحیزب دەرکراون وخیانەتیان بەشۆڕش کردوە، لەبنەوەش بە ئەندامو هەواداری خۆی ڕاگەیاندبوو. بمانگرنو بمان بەنەوە بۆ دیوی گەرمێن بۆلای ناوبراو، تەنانەت پێی گوتبوون هەر نەبێ ڕاپۆرتیان لێبدەن و بەعەجەمیان بەگرتن بدەن.. ئێمەش نەك خەڵکی دەستی نەدەگرتین بەڵکو دەیانویست بشمان گرن))(٣٢).

هەر بۆیە پاش ماوەیەکی کەم کۆمیتەی ساخ کەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی شکستی خواردو هەڵوەشا دوای ئەوەی: تاقمێکیان بەڕابەری مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی هەر لەسەرەتاوە خۆیان تەسلیم بەڕژێمی شاهەنشاهی کردەوەو لەبانە لێی دانیشتن، تاقمی دووەمیان کە حەسەنی ڕستگار، حوسێنی مەدەنی، مەلا ڕەسول و قادری قازی بوون پاش ماوەیەك لەڕاوەدونان پەیوەندیان بەبارزانییەوە کردبوو ولەسەر قسەی ئەودوور لە ئەحمەد تۆفیق گەڕابوونەوە ڕانیەولەوێ گیرسابوونەوە، تاقمی سێهەمیشیان کە سەعیدکاوە، قادر شریف و مەلا ئاوارە بوون تادوای بەستنی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دیموکراتی

کوردستان بەقاچاغی لەگوندی (ورچەك)ی ناوچەی ئالان سنوری ئێران – عێراق ژیانێکی پڕ ترس و خۆحەشاردانیان دەگوزەراند، ئەوەبوو چارەنووسی کۆمیتەی ساخ کەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان (٣٣).

لەڕاستیدا شکستی کۆمیتەی ساخ کەرەوەو ئەو بارودۆخە نالەبارو شپرزەیەی ئەندامە پەرتەوازەکانی حیزبی دیموکراتی تێدا دەژیا، هانی ئەحمەد تۆفیقی دا بەمەبەستی شەرعیەت بەخۆدانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو قۆناغەدا بیر لەبەستنی کۆنگرەی حیزبی بکاتەوە، وەك ئاشکرایە پتر لە ١٩ ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەم و ژیانی پڕ هەورازو نشێوی حیزبی دیموکراتیدا تێدەپەڕی بێئەوەی هەلی بەستنی کۆنگرەی یەکەم هەڵکەوێت کەتیایدا بەشێوەیەکی ئوسوڵی کۆمیتەی ڕێبەرایەتیو دەزگا سیاسی و ڕێکخراوەیی و دارایی و بەشە جیاوازەکانی دی حیزبی بەپێی هەل‌ومەرجی سەردەم دیاری بکرێن و خواس وباس لەسەر دانانی پەیڕەو پرۆگرام بۆ دیاری کردنی ئامانج و ستراتیژو تاکتیکەکانی حیزب و لێکدانەوەی هەل‌ومەرجە نوێ و ئاڵۆزەکەی وەجەخت بکرێت، هەروەك پێشتریش ئاماژەی بۆکراوە کۆنفرانسی یەکەمی حیزب کەلەساڵی ١٩٥٥ دا بەسترا نەیتوانی بڕیاری لێبڕاوانە لەسەر زۆربەی مەسەلەکان بدات و گیروگرفت وناکۆکییەکانی ڕێبەرایەتی چارەسەر بکات، تەنانەت ئەو بڕیارەش کەلە تەموزی ساڵی١٩٥٩ دا لەلایەن کۆمیتەی ئەیالەتی حیزبەوە بەمەبەستی بەستنی کۆنگرە درابوو لەبەر زۆر هۆ لەوانە پەلاماری بەربڵاوی ساواك، نەتوانرا لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت ودواتریش بەجۆرێك پشت گوێ خران هەل‌ومەرجی بەجێگەیاندنی بۆ نەهێنرایە دی(٣٤). دیارە لەبارودۆخێکی وادا کەحیزبی دیموکراتی جگە لەناو نێوەڕۆکێکی نەبوو، ئەحمەد تۆفیق



وەزعەکەی کوردستانی عێراقی بە قازانجی خۆی لێکدەدایەوەو دوای بەدەستهێنانی پشتگیری ڕێبەرایەتی شۆڕش بڕیاری بەستنی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی دا.

کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دیموکرات لە بەرواری ١٩ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ دا لەگوندی (سۆنێ)ی ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق بەسترا، ئەندامانی کۆنگرە لەو پێشمەرگەو کادرە پەرتەوازانەی کوردستانی عێراق پێکدەهاتن کەسەر بەخەتی ئەحمەد تۆفیق بوون، جگە لەو کەسانەی کە لەلایەن خودی ئەحمەد تۆفیق وسولەیمانی موعینییەوە لە کوردستانی ئێرانەوە هەر لە کرماشانەوە تا مەرگەوەڕ وەك نوێنەری شانە وکۆمیتەکان بانگهێشت کرابوون کەلەگەڵ ئەوانی دیکەدا تێکڕا سەدکەس زیاتر دەبوون.

کۆنگرە لەکەش و هەوایەکی ساردو بەفراویداو لەژێر سێ‌دەواری گەورە کەبە ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و بەوێنەی پێشەوا قازی محەمەد وڕابەرانی دی ڕێگای کوردایەتی وەك سەدری قازی، سەیفی قازی، مستەفا خۆشناو، مەلا مستەفای بارزانی ڕازێنرابوونەوە دەستی پێکردو ماوەی ١٢ ڕۆژی خایاند لە٣٠ی تشرینی دووەمدا کۆتایی بە کارەکانی هێنا(٣٥)، شایەنی باسە دارودەستەی ئەحمەد تۆفیق لەڕۆژانی بەستنی کۆنگرەدا بەهیچ جۆرێك ڕێگایان بەو کادرو ئەندامە حیزبییانە نەدا کە پێشتر سەروکاریان لەگەڵ کۆمیتەی ساخ کەرەوەو مەکتەبی سیاسی پێشووی پارتیدا (ئیبراهیم ئەحمەدو هاوەڵانی) هەبوو تابەشداری لە دانیشتنەکانی کۆنگرەدا بکەن، هەر بۆیە نەهیچ ئەندامێکیان بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزب لێ هەڵبژێردراو نەدەرفەتیشیان درایە بچنە ئەو کۆمیتەیەوە کەلە کۆنگرەدا بەناوی (کۆمیتەی چاودێری بەرز) دیاریکرا، هەربۆیە زۆرینەی هەڵبژێردراوەکانی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی

چـاودێری بــەرز لایـــەنگری ئەحمـــەد تۆفیـــق بـــوون وەك لـــەخوارەوە دەردەکەوێت:

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٢ :**

١)ئەحمەد تۆفیق

٢)سەدیقی ئەنجیری ئازەر

٣)سولەیمانی موعینی

٤)ئەمیری قازی

٥)مەلا ڕەحیم وردی

٦)نەحۆ (باپیر شکاك)

٧)مەلا ڕەشیدی حوسێنی

٨)سنار مامدی

٩)دکتور ڕەحیم قازی

١٠)هەژاری شاعیر

١١)سەید کامل امامی

١٢)حەبیب وەزێر

١٣)عەزیزی یوسفی

١٤)غەنی بلوریان

١٥)دکتور عەلی مەولەوی(٣٦)

**ئەندامانی کۆمیتەی چاودێری بەرز:**

١)ڕەئوفی مەلا حەسەن

٢)عەبدوڵلای موعینی

٣)ڕەشیدی فەلاحی

٤)مەلا قادری لاچینی



٥)سەید ڕەسوڵی بابی گەورە

٦)مەلا کەریمی ساردەکۆسانی

٧)مەلا نەجمەدینی کۆکەیی

٨)سەید تاهیری ئیمامی

٩)مستەفای ئیسحاقی (برای ئەحمەد تۆفیق )

١٠)عەبدڵڵای مەولەوی

١١)سەید حاجی کەڵەوی (٣٧)

کۆنگرە بە کۆتایی پێهێنانی کارەکانی بەیاننامەی خۆی بڵاوکردەوە کە تیایدا کورتەی بڕیارو باسە وتووێژ لەسەر کراوەکانی ئاشکرا کرد، لەبەرایی بەیاننامەکەدا هاتووە ((دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مانگی سەرماوەرزی ١٣٤٣ی هەتاوی بەرامبەری نۆڤەمبەری ١٩٦٤ لەژێر سێبەری ئاڵای شۆڕشگێڕانەو دروشمی ((یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی)) لەنێوان لوتکەکانی چیای زاگرۆس دەستی پێکرد، لەسەرەتادا نوێنەرانی کۆنگرە پاش خوێندنەوەی سرودی (ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کوردزمان) بۆ بیرەوەری ڕۆژانی دیلی وکۆیلەیەتی هەڤاڵانی کەلە کۆت و زنجیری ئیستعمارو نۆکەرەکانی شاو و((حکومەتی تاران)) دا یەخسیرن، لەگەڵ بردنی مێوی یەکیان ڕەشاش و تفەنگی پێشمەرگە قارەمانەکان دڵ وەدەروونی سوتاوی دۆڵ وچیاکانی دەزرینگانەوە و ڕابردوی خوێناوی و بەربەرەکانی پڕلە شانازی (ح.د.ك)ی وەبیر دەخستەوە.

نوێنەرانی کۆنگرەکە کەهەر یەکەیان لەجێگایەك ولەژێر ترسی گوللەو سەرەنێزەی دوژمن بەهەزار زەحمەت و کوێرەوەری خۆیان دەرباز کردبوو وبە ((نێو))یەکتریان نەدەناسی لەهجەیان یەك نەبوو بەڵام هەموو تێکڕا زمان و ئاوات و دڵ و دەروونیان یەك بوو.

ئەو كۆنگرەیە لەمێژووی خەباتی كوردستان بۆ هەوەڵین جار، بەشێوەیەكی تایبەتی و نهێنی بەگورج وگۆڵی و ژیری و سەربەرزی دوور لەچاوی پیس و گڵاوی حكومەتە بەكرێگیراوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێكهات.

بەداخەوە پێویستە بڵێین بەشێك لەهەڤاڵان لەبەندیخانەدا وون و بەشێك لەنوێنەران لەبەر فشارو كۆسپی دوژمنان نەیانتوانی لە كۆنگرەدا بەشدار بن.

سەرەتا ووتووێژی دەستوری كۆنگرە بە((تەلاوەتی ئایەتی انا فتحنا لك))لە لایەن مامۆستایەكی ئایینی خەباتكەرو كۆڵنەدەر دەستی پێكرد و لەپاشان یەكێك لەهەڤاڵانی بەڕێوەبەر مێژووی ١٩ ساڵ خەباتی‌خوێناوی پڕ لەئازارو جەربەزەی ئەندامانی حیزبی دیمكراتی كوردستانی بەڕاپۆرتێكی هەمەلایەنە و بەرین پێشكێش بەنوێنەرانی كۆنگرە كرد))(٣٨).

بەداخەوە پێویستە  بوترێت كەتا ئێستا دەقی تەواوی بەیاننامەی دووهەمین كۆنگرەی حیزبی دیموكراتی كوردستان و بڕیارو پەیڕەو بەڵگە دەنگ لەسەر دراوەكانی ئەم كۆنگرەیە بەتەواوی لەئەدەبیاتی دوێنێ و ئەمڕۆی حیزبی دیموكراتی كوردستاندا پشت گوێ خراوەو بەمەبەستی پەردەبەسەردا كێشانی لەهیچ بۆنەو بڵاوكراوەیەكدا تەنانەت بۆ مێژووی نەخراوەتە بەرچاو، ئەوەندە هەیە هەركاتێك باس لەكۆنگرەی دوو دەكرێت پاش دیاری كردنی ناوی ئەندامەكانی ڕێبەرایەتی، یەكسەر بەچەند دێڕێك مەسەلەكە لە كۆڵخۆیان دەكەنەوەو دەنوسن ((ئەم كۆنگرەیە لادان لەڕێبازی سەربەخۆی‌حیزب بوو)) (٣٩)، هەر بۆیە بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی مەسەلەكان پێویستە لێرەدا نێوەڕۆكی هەندێك لەبڕیارەكانی كۆنگرە بخرێتە بەرچاو.



سەرەتا بەیاننامەكە بەتوندی ڕەخنە لە ڕابەرانی پێشوو دامەزرێنەرانی حیزبی دیموكراتی كوردستان لەسەر دەمی كۆماری مللی كوردستاندا دەكرێت و بە((كەم فامی سیاسی و كۆمەڵایەتی)) و ((بێ‌تەجروبەیی بەڕێوبەران و پەروەردەو قاڵنەبونیان لەناو كۆڕی بەردەوامی حیزبایەتی)) لەقەڵەمیان دەدات كەلە ((پشتیوانی ئۆردوی شۆڕشگێڕی وەرزێری جووتیار بێ‌بەری بوون لەسەر بناغەی كۆمەڵایەتی پێ‌ی خۆی نەچەقاندبوو ))، جگە لەوەی نەیانتوانیوە پەند لەقارەمانێتی ڕابەرانی كوردی پێش خۆیان وەك ((سمكۆ))و ((قەدەم خێر))وەرگرن و هیچ سودێكیان لەوچەك و چۆڵانە بۆ لێدانی ڕژێمی شاهەنشاهی وەرنەگرت و تەنیا لەڕێگای خەباتی پارلەمانتاریسمەوە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەكانیان داوە (٤٠).

هەروەها بەیاننامەكە ڕخنەی توندی لەهەڵوێستی هەلپەرستانەی شورەووی گرتبو سەبارەت بە پشت كردنە كۆماری میللی كوردستان و هەڵخەڵەتاندنیان بەبەڵێنە درۆییەكانی قەوام ئەلسەلتەنەو مەسەلەی بەخشینی ئیمتیازی نەوتی باكور بەشورەوی، جگە لەوەی هەڵوێستی حیزبی تودەشی سەبارەت بەخۆگێل كردن لەمەسەلەی نەتەوایەتی كوردو سیاسەتی چەواشەكەرانەیان لەمەڕ بزوتنەوەی میللی موسەددەق و ڕەخساندنی زەمینە بۆ سەركەوتنی كودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣ لەقاودابوو، لەم بارەیەوە كۆنگرە بەهێنانەوەی ئەو پەندە كوردییەی كەدەڵێت: ((برامان برایەتی و گیرفانمان جودایەتی)) پێ‌ی لەسەر سەربەخۆیی سیاسی و تەشكیلاتی حیزبی دیموكرات لەحیزبی تودە داگرتبوو (٤١).

لەژێر سەردێڕی (ح.د.ك و سیاسەتی دەرەوە )ش دا بەیاننامەكە نوسیویە ((كۆنگرە بڕیاریدا}ح.د.ك{ ئەبێ بەباشی و ژیری و گورج وگۆڵی

لە وتەنگ وچەڵەمە سیاسی وئابوریەی ئێران و هەڵوێست و وەزعی تایبەتی نەتەوەی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەگەڵ حکومەتە نیشتیمانیەکانی بێلایەن. لەگەڵ دەوڵەتە پێشکەوتوخوازەکانی گێتی. پێویستە کەڵك و سوود وەرگرێ و لەو هەلوفرسەتە مەزنە بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێران لەهیچ فیداکاری گیانبازێك دریغی نەکات )) (٤٢).

کۆنگرە بۆ یەکەم جار لەمێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕێگای خەباتی چەکدارانەی کردۆتە ڕێباز بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەکرێگیراوی شاهەنشاهی ڕزگارکردنی گەلانی ئێران و هێنانە سەرکاری حکومەتێکی میللی دیموکراتیك لەووڵاتدا، هەروەها داوای کردووە واز لەخەباتی بێسوودی پەرلەمانتاری بهێنن و سوود لەئەزمونی گەلانی کوبا و جەزائیر وەربگیرێت تالەڕێگای خەباتی چەکدارانە، بەپشت بەستن بەچینی جووتیاران و وەزیران و زەحمەتکێشانی شارو لادێ بنەمای ڕژێمی شاهەنشاهی لەئێراندا هەڵتەکێندرێت (٤٣).

بەیاننامەکەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکرات لەژێر سەردێری ((نەخشی شۆڕشگێڕی پێشەوا بارزانی))بەحەماستێکی زۆرەوە باس لەقارەمانێتی و لەخۆبوردووی بارزانی و بارزانییەکان لەکۆماری مهاباد دەکات و ڕۆڵیان لەخەبات دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و لەشکری شاهەنشاهی و بەرزدەنرخێنێت .

هەروەها ئەوە دوپات دەکاتەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەماوەی ١٩ ساڵی خەباتی-دا هەمان ڕێبازی کوردایەتی و بەرگریانەی بارزانی لەیاد نەکردووەو ئێستاش ئەو دروشمەی یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی لەسەر لوتکەکانی چیای زاگرۆس بەرز



ڕاگرتووە (٤٤). هەروەها کۆنگرە لەبڕیارێکیدا بارزانی بەسەرۆکی حیزب ناساندبوو (٤٥).

سەبارەت بە مەسەلەی ڕیفۆرمی زەوی و باری وەرزێرانی کورد، کۆنگرە ڕژێمی دەرەبەگایەتی بەڕژێمێکی زاڵمانەو پاشکەوتووانە ناساند کەجووتیاری کوردی لەژیانێکی ڕەش و نالەباردا هێشتووەتەوە، وێڕای ئەوەش کۆنگرە پێی وابوو کە ڕیفۆرمی زەوی کەڕژێمی شاهەنشاهی لەکوردستاندا دەستی پێکردبوو شتێکی ڕواڵەتییەو بێدامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی ڕاستەقینە ناتوانرێت ستەم و چەسپاندنەوەی سیستمی ئەرباب - ڕەعیەتی لەکوردستاندا لەڕیشەوە هەڵکێشرێت، هەر بۆیە کۆنگرە لە شوێنی ریفۆرمی زەوی ڕژێم، دروشمی ((شۆڕشی ئەرزی)) بەرز کردەوەو داوای لە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری کرد کە بۆ ڕزگار کردنی یەکجارەکی خاکی کوردستان لە داگیرکەر ریزەکانی خۆیان یەك بخەن و مەسەلەی ڕیفۆرم بۆ دوای هاتنە سەر کاری حاکمییەتی نەتەوایەتی لە کوردستاندا دوا بخەن.

لەم بارەیە لە مادەی ٢٩- بەندی نۆهەم - لە بەشی شەشەمی مەرامنامەی حیزبدا هاتبوو: ((...حزبی ئێمە سودی خۆی لەوەدا دەزانێ کە لەڕێگای خەبات و ڕزگاری کوردستان لە خان و خاوەن مڵکەکانی بەشەرەف و کوردپەروەر بگێڕێتەوە کە پشتی (( حکومەتی تاران )) بە تەواوی بەردەن و بەدڵێکی خاوێن و بیروباوەڕی کوردانەوە خۆیان لە باوەشی دایکی نیشتمان و ڕێبازی کوردایەتی باوێژن و پاڵو پاڵی حزبی دیموکراتی کوردستان حزبی ڕزگار کەرو شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد بدەن و دەستی خەباتی ئەندامانی حیزب لە دەست گرن و بۆ ڕوخاندنی ئیستعمارو (( حکومەتی تاران )) لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران هاوخەباتی حیزبمان بن جا بۆیە (ح. د. ك)لەمەر اصلاحاتی ئەرزی لە

کوردستان بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتیو زانستی مەردانە هەنگاو هەڵدێنێ ( ح. د. ك ) لە سەر ئەو بیروباوەڕەیە کە زەویو کشتو کاڵو دارو دەوەنو ئاوو کانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردەو مافی ڕەنێوهێنانو دابەشکردنی ئەرز بەتایبەتی لە مافە تایبەتییە هەرە گرنگەکانی حکومەتی دیموکراتی کوردە کە بە هۆی بەڕێوەبەرانی ( ح. د. ك )وە وەدی دێت. ئەو کاتەیە کەحاکمیەتی نەتەوایەتیو حزبی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرزو ئاوو زەوی زار دارو دارستاندا دەبەشێت ))[٤٦].

سەبارەت بەمەسەلە نەتەوایەتیش بەیاننامەکەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکرات زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژە بەو ڕاستییە دەدات کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیەو جگە لە فارس چەند نەتەوەی دی وەك ئازەر، کورد، عەرەب، بلوچو تورکمەنی تێدا دەژی کەلە سایەی ڕژێمی چەند ساڵەی شاهەنشاهییەوە لە ژێر ئاغایەتی نەتەوەی سەردەستی فارسدا دەناڵێنن، هەروەها باسی لە یاسای ( ئەنجومەنی ئیالەتیو ولایەتی ) قانونی ئەساسی مەشروتییەت کردوە کەمەبەست لێی هاوبەشکردنی نەتەوەکانی دی ئێرانە لە کاروبارەکانی وڵاتو بەخشینی مافی خۆبەڕێوە بردنیانە لە ناو خۆی وڵاتدا، بەیاننامەکە نەتەوەی کوردی لە ئێران بە نەتەوەیەکی سەربەخۆو خاوەن تەواوی خاسییەتەکانی نەتەوەیی لە زمانو خاكو خووخدەو مێژووی هاوبەش دایە قەڵەم ودامەزراندنی کۆماری میللی کوردستانو حکومەتی ئازەربایجانی لە ساڵەکانی ١٩٤٥ – ١٩٤٦دا بە جوڵانەوەیەکی نەتەوەییو بێزاری گەلی کوردو ئازەر نیشانداوە کەبەرجەستەی هەستو قینی نەتەوە فارسەکانی ناو ئێران دژی دیکتاتۆریەتی ڕژێمی شاهەنشاهی حکومەتی تاران دەکات [٤٧].



کۆنگرە پێی لە سەر ئەو ڕاستیە داگرتووە کە (( هێنانە سەر کاری حکومەتێکی دیموکراتی لە ئێران بەستراوەتەوە بە وەدیهێنانی مافی نەتەوەکانی ئێرانو ئەو دوو مافە لێك ناپسێندرێتەوە ))[٤٨] هەروەهائەو مەسەلەیەی دووپات کردەوە کە پێویستە دوای هاتنە سەر کاری حکومەتێکی دیموکراتی یەکگرتوو لە ئێراندا مافی نەتەوەو هەرێمەکانی وڵات بەپێی تایبەتمەندێتی خۆیان لە هەموو ڕوویەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو فەرهەنگیو...هتد دابین بکرێت، جا چ بەشێوەی دامەزراندنی حکومەتی ئۆتۆنۆمی بێت یا بەنێوی حکومەتی فیدراڵی کە هەر نەتەوەیەك لە لایەن نوێنەرانی خۆیەوە بەڕێوە ببرێتو هەروەها نوێنەری تایبەتی ئەو نەتەوانە لە حکومەتی ناوەندیداو لە ( پارلمانی گشتی نەتەوەکان )دا بەشدارو خاوەن مافی تایبەتی بن))[٤٩].

هەروەها لە بڕیارەکانی دی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دیموکرات: بەخائین ناساندی چەند ئەندامێکی کۆمیتەی ساخ کەرەوەی هەڵوەشاو( سەعید کاوە، قادر شەریفو مەلا ئاوارە ) بڕیاری دەرکردنی هەتا هەتاییان لە حیزب[٥٠]، بەخائین ناساندنو بەجاسوس ناساندنی عەبدولڕەحمانی قاسملۆو وبڕیاری دەرکردنی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، ناساندنی حیزبی شیوعی عێراقی بە دوژمنی پلە دووی نەتەوەی کورد لە ئەنجامی پەیوەندیو هاوکاری لە گەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارفدا، هێرش کردنە سەر هەڵوێستی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی دەرکراو لەمەڕ پەیوەندییان بە جاسوسە ناسراوەکانی دەزگای ساواك وەك (عیسی پژمان، سرهنگ مدرسی، عباس ارامو منصور پور)و دژایەتی کردنیان لە گەڵ کادرو تێکۆشەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ( خەتی ئەحمەد تۆفیق )، ئەمانە نزیکەی بەشی زۆری ئەو بڕیارو مەسەلانەن کە کۆنگرەی بەستراوی دووهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتووێژی لە سەر کردبوونو بڵاوی کردبوونەوە[٥١].

## دامەزراندنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان، جوڵانەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی١٩٦٧-١٩٦٨

دەتوانرێت مەیلی دەرکەوتنی خەباتی چەکدارانەی گروپە چەپەکان لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ولایەنگری لەتیۆری (جەنگی پارتیزانی) بەگرنگترین ونوێترین دیاردەی سەر ئاستی هێزە بەرهەڵستکارەکانی دژ بەڕژێمی دیکتاتۆری شاهەنشاهی لە ئێران دابنرێت، چونکە وەك ئاشکرایە شکستی جوڵانەوە سیاسییەکانی ساڵەکانی ١٩٤٥-١٩٤٦-١٩٥٣ هەروەها کۆتایهێنان بەو ئازادییە ڕواڵەتی وڕێژەییەی کەتا ڕادەیەك لەسەردەمی حکومەتی (دکتۆر عەلی ئەمینی)دا بەرقەرار بوو، جگە لەشێلگیری ڕژێم لە پیادەکردنی سیاسەتە وێران کارییەکانی کەبە ڕیفۆرمی زەوی‌و شۆڕشی سپی ناوی دەبردن‌و داپڵۆسینی هەر ناڕەزاییەکی لەم بوارەدا بێتە سەرڕێی، وەك لە خوێنا گەوزاندنی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی کەلە زستان‌و بەهاری ساڵی ١٩٦٣دا لەشارەکانی قوم‌وتاران دژی دەرکردنی بڕیاری سەر دانەنواندنی ڕاوێژکارە ئەمەریکاییەکان بۆ لێپرسینەوەی دەزگا دادوەری‌و قەزائییە ئێرانییەکان وسیاسەتی مەزهەب زەدایی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی، بەهاندانی ئاخوندو بونیادگەرەکانی وەك (خومەینی)هەڵگیرسان(٥٢)، هەموو ئەوانە ئەو جۆرە بیروباوەڕیان لەلای لاوان‌و خوێندکارە ڕۆشنبیرەکان پێکدەهێنا کە ئیدی لە ئێرانی شاهەنشاهیدا بوارێك بۆ خەباتی سیاسی‌و یاسایی وپارلەمانتاری نەماوەتەوە.

دیارە لەم کاتەدا کەحیزبی تودەی ئێران بەتەواوی لەمەیدانی سیاسی ئێراندا بۆ دەرەوە دەرپەڕێنرابوو، دوای گرتن‌و لەسێدارەدان وزیندانی



کردنی بەشی زۆری کادرو ئەندامانی، ئەوانەی مابوونەوە هەڵاتبوونە شورەوی‌و ئەوروپای ڕۆژهەڵات‌و لەسایەی سکرتێری (دکتۆر رادمەنیش)دا لەبێ‌سەروبەری‌و ناکۆکی ودووبەراکییەکی توند وتیژدا ژیانیان دەگوزەراندو جگە لەنوزەیەك کەخۆی لە دەنگی رادیۆی (پەیکی ئێران) کەلە صۆفیای پایتەختی بولگاریا بڵاو دەکرایەوە، ڕەنگێکیان نەبوو(٥٣)،بەرەی نیشتمانی دووەمیش کەزیاتر لەژێر ڕێبەرایەتی (مهندس بازرگان)و(آیت الله طالقاني)دا هەڵدەسوڕان، ئەوانیش دوای ڕوداوەکانی حوزەیرانی ١٩٦٣دا کەوتنە بەر پەلاماری دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم‌و بەشی زۆری ڕابەرو ئەندامانی ڕاپێچی زیندانەکان کران(٥٤)، لەم بوارەدا پتەوبوونی وابەستەیی ڕۆژ بەدوای ڕۆژی ڕژێمی شاهەنشاهی بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو جیهانی سەرمایەدارییەوە، هەروەها سەپاندنی کەش‌و هەوایەکی فشارو سەرکوت‌وپێشێڵکردنی تەواوی مافە دیموکراتییەکان‌و باڵادەستی وخورتبوونی ساواك‌و هێزە سەرکوتکەرە نێو خۆییەکان‌و لەشکری شاهەنشاهی، تێکڕای ئەوانە ئەو باوەڕەیان لەنێو نەیارانی ڕژێمدا دەچەسپاند کەتەنیا وتەنیا لەڕێگای گرتنەبەری خەباتێکی چەکدارانەی درێژخایەنەوە دەتوانرێت گورزی گورچك بڕ لەو ڕژێمە دڕە بوەشێنرێت‌و لەڕێگای جەنگی پارتیزانییەوە ئیمکانی ئەوە دەبێت لە بەرامبەر خواستەکانی گەلدا بەچۆکدا بهێنرێت.

ئەوەی ئەم باوەڕەی زیاتر لەنێو لاوانی شۆڕشگێڕو ڕادیکاڵدا دەچەسپاند، سەرکەوتنەکانی ئەو قۆناغەی جوڵانەوە چەکدارییەکانی گەلانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی وەك (چین، ڤێتنام، کوبا، جەزائیر) بوو بەسەر ڕژێمە نۆکەرو وابەستەکانی ڕۆژئاواداو پەرەگرتنی خەباتی دژی ئیمپریالیستی‌و بڵاوبوونەوەی بیرو ڕاکانی (ماوسیتۆنگ،

هۆشی منە، ڕۆژی دوبێرەو جیڤارا)بوو کەکاریگەری مەزنی لەسەر ڕۆشنبیران و لاوان و خوێندکاری زانکۆی تاران دادەنا، دیارە مەسەلەی دەرکەوتنی ڕەوتی چەپی نوێ لەنێو خوێندکاران و دواتر دامەزراندنی ڕێکخراوی (چریکە فیداییەکانی خەڵك) بەرابەری (بیژەنی جزنی)(٥٥)، هەروەها گروپە چەپەکانی دی وەك (موجاهیدینی خەڵك)(٥٦)و جیابوونەوەی ئەحمەدی قاسمی و دکتۆر غولام حسێنی فروتەن لەحیزبی تودە دوای پلنیۆمی یازدەهەمی حیزب لەساڵی ١٩٦٤و دامەزراندنی(سازمانی ئینقلاب/ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە)و دواتر ڕێکخراوی (تۆفان) (٥٧)، ئەمانە تێکرا لەژێر کارای بیری ماویزم و تیۆری جەنگی پارتیزانی و درێژخایەندا بوون.

ئەو ڕاستییەی کەلێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کەلایەنگری کردن لەخەباتی چەکداری و جەنگی پارتیزانی لەلایەن وردە بۆرجوازی مارکسیستی کوردەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکراو ڕێبازی (ماویزم) زۆری نەبرد گەیشتە شاخە ڕوتەڵەکانی کوردستانیش، وەك ئاشکرایە هەندێك لەو لاوە مارکسیستە خوێن گەرمانە لەباوەشی بزوتنەوەی ڕەوتی چەپی نوێی خوێندکارانی زانکۆی تاراندا پەروەردە ببوون و دوای ڕاوەدونانی دەزگاجاسوسی و داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی پەنایان بۆ کوردستانی عێراق بردبوو وە لەوێ کاتیان بە موتالاکردنی نوسینەکانی ماوسیتۆنگەوە دەبردە سەر لەوانە (سمایلی شەریف زادەو حەمەدئەمینی سیراجی)(٥٨).

ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیەوە پێشێلکردنی تەواوی مافە نەتەوەیی و سیاسی و ئینسانییەکانی گەلی کورد لەئێران لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهی و پەهلەوییەوەو هەنگاو نانی ئەو ڕژێمە بۆ زیاتر میلیتاریزە کردنی کوردستان و گرتنەبەری سیاسەتی ڕاونان و گرتن و ئەشکەنجەو



زیندانی کردنی ئازادیخوازانی کورد ڕەشبینیەکی گەورەی لەنێو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردەواری بەرامبەر دەسەڵاتدارانی تاران پێکهێنابوو، جگە لەهەڵچونی هەستی نەتەوایەتی کوردەکانی ئێران وەك ئاکامێکی سروشتی شۆڕشی چەکدارانەی گەلی کورد لەکوردستانی عێراق، لەگەڵ هەموو ئەوەش کەچی هێشتا ڕژێمە پەهلەوی هەر سوربوو لەسەر نکۆڵی کردن لەمافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و ئامادەنەبوو سادەترین خواستی نەتەوەیی کورد لەئێراندا بسەلمێنێت، وەك محەمەد ڕەزاشا لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامە نوسیدا لەگەڵ پەیامنێری ئاژانسی (فرانس پریس)دا لە ٢٩ی شوباتی ١٩٦٤دا دووپاتی کردەوە ((هیچ کێشەیەك لەئێراندا بەناوی کێشەی کوردەوە نییە، کوردەکانیش وەك ئێمە ئارین و لەئەرتەش و مەجلیس و دەزگابەڕێوبەرایەتییەکانی تردا لەگەڵمان بەشدارن)) (٥٩).

وەك ئاشکرایە لایەنگری لەمەسەلە خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانە بەپشت بەستن بەئۆردوی چینی جووتیاران و زەحمتکێشان و لەژێر تیشکی خەبات و ئەزموونەکانی گەلانی ژێر دەستە لە کوباو جەزائیر، یەکێك بوو لەگرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەتاقە ڕێگای ڕزگاری نەتەوەی گەلی کورد لەقەڵەم درابوو، ئەو مەسەلەیەی زۆربەی کادرو ئەندامانی حیزبی خستبووە سەر ئەو باوەڕەی کەئەوانیش وەك برا کوردەکانیان لەکوردستانی عێراق دەتوانن لەئێراندا شۆڕشێکی چەکدارانە بەڕوی ڕژێمی شاهەنشاهیدا هەڵگیرسێنن و دوای دامەزراندنی ناوەندێکی شۆڕشگێڕانە لەکوردستانی ئێران دەتوانن هێدی هێدی هەنگاو بۆ ڕزگار کردنی کوردستان و سەرجەم هەرێمەکانی تری ئێران بنێن و ڕژێمی

دیکتاتۆری پەهلەوی لەبەردەم ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد چینی زەحمەتکێشانی ئێراندا بە چۆکدابێنن.

سولەیمانی موعینی(فایەق) لەنامەیەکیدا کەلە شوباتی ١٩٦٧دا بۆ کەریمی حیسامی ناردووە دەڵێت: ((وەرگێڕکەری وخۆفرۆشی حکومەتی‌شا بەدوژمنی بەشەرییەت یانی دڕندەی بەدفەڕی ئەمەریکا ڕۆژبەڕۆژ شوێنەواری ماڵوێران کەرانەی زیاتر دەردەخا، جیاوازی چینایەتی وژیانی برسییەتی و نەخۆشی و بێکاری مەودای بەرین بۆتەوە، بەناوناتۆی سەیر سەیر لەپێشەوەچوونی بەرهەمی نەتەوایەتی و ڕەنج کێشان بەرگری دەکرێ، لەنێو بەشخوراوان و داگیرکەران دا هەوڵێکی بەرچاو دەبینرێت کەبێ‌شك هەموو خەباتکارو تێکۆشەرێك دەخاتە ئەو باوەڕە زانستییە کەبێ یەکێتی وخۆلێك بەستنی  هەموو لایە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەقاڵبێکی بزوتنەوەیەکی گشتی‌دا نەبێ چاری ئەو بارە نالەبارە ناکرێت ..

لەو لاشەوە چاوگێڕانێك بەسەر ڕابردووی گەلانی دیل و ژێر چەپۆك و تێ‌بینی بیرکردنەوە لەسەر جوڵانەوەکانی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمریکای لاتین بۆ قەڵاچۆکردنی خێرای ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێمە بەسەر ئەو ڕاستیەدا دەردەخا کەدەست و بردمان سەرکەوتنی تێدایە و دەستە و ئەژنۆ دانیشتن و خۆبە قەزاوقەدەر سپاردن نەتەنیا ڕۆژ بەڕۆژ دوژمن بەهێزتر دەکا بەڵکو مێژوویەکی ڕەش و سەرشۆڕانە پێك دێنێ)).(٦٠)

هەروەها سمایلی شەریفزادە لە نامەیەکیدا بەڕاشکاوی نوسیویە: ((ئەوڕۆ تۆفانێکی بەتەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی(مەبەستی ئێرانە) دا گرتووە کۆمەڵانی خەڵکی هاتوونەتە سەر ئەوەی کەتەنیا ڕێگەی ڕزگاری و دەست دانە چەك و وەشاخ کەوتنەن



نەك هەر بۆ نەتەوەی ئێمە بەڵکو ڕێگەی ڕزگاری هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەست و چەوساوەکان هەر ڕێگەی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە واتە ((شەڕی پارتیزانی)) کە لەپێشا ئەبێ لە دێهاتەوە دەست پێ‌بکری و کۆمەڵانی هەراوی جوتیارە تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە (٦١).

ئەوەی لێرەدا پێویستە باسی لێبکرێت هەل‌ومەرجی کارو بەڕێوەچوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کەلە پاش بەستنی دووهەمین کۆنگرەش هەر بە شل‌وشێواوی یەکنەگرتوویی ڕیزەکانی و بەردەوامی ناکۆکی توندوتیژی نێوان ڕێبەرو کادرەکانی مابۆوە، ئەوە ڕاستە کەپاش گرتنی کۆنگرە بەماوەیەك ئەو ئەندامانەی پێشووی کۆمیتەی ساخ کەرەوە کەلەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە لەحیزب دەرکرابوون گەڕانەوە ناو حیزب و بەپلەی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی دەستیان بەتێکۆشان کردەوە(٦٢)،بەڵام خودی ئەحمەد تۆفیق کەلەلایەن کۆنگرەوە بەبەرپرسی یەکەمی حیزب هەڵبژێردرا نەك مەسەلەی هەڵگیرساندنی خەباتی چەکدارانەی لەکوردستانی ئێراندا زۆر لامەبەست نەبوو، بەڵکو دوای ئەوەی باشترین کادری ڕێبەرایەتی کەسەدیقی ئەنجیری ئازەر بوو لەگوندی (مامەڕوت)ی ناوەندی ئێستگەی ڕادیۆی شۆڕش فڕاند وتیرۆری کرد(٦٣)، چوبووە ناوچەی باڵەکایەتی بۆخۆی پاڵی لێدابۆوە بێ ئەوەی پەیوەندی بەکەسێکی حیزبییەوە بگرێت، مەسەلەیەکی وا کە ئاستەنگێکی ڕاستەقینەی لەبەردەم کارو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا پێکهێنابوو، وەك سەعید کاوە ووتەنی ((بەڕاستی هەر بەنێو حیزبمان هەبوو وکۆمیتەی ناوەندیمان مابوو، تابڵێی شل‌وولوو، شەق‌وشۆق بوو، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە. هەرکەس چۆنی پێ‌خۆش با و بۆ کوێ چووبا دەیتوانی وابکات))(٦٤)، هەر بۆیە

ئەندامەکانی حیزبی بەپەرش و بڵاوی لەناوچەکانی خەلان، سۆنی، شێنێ، دۆڵەڕەقەی ئاکۆیان، ڕانیە، سەنگەسەرو سیدەکان دا هەر یەکە لەوی دی کاریدەکرد(٦٥).

ڕاستیەکی دی ئەوەیە کەڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ونێوخۆی شۆڕش بە جۆرێکی واخێرا تێدەپەڕین و هاوکێشە سیاسییەکان بەچەشنێکی سەیر پێچەوانە دەبوونەوە کەئەندامانی حیزبی دیموکراتی تووشی واق وڕمانێکی کەم وێنە کردبوو، هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان شۆڕش و حکومەتی عەبدولسەلام عارف دا لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٥دا، گەڕانەوەی ئەندامانی مەکتەبیسیاسی کۆنی پارتی ولایەنگرانیان لەهەمەدانی ئێرانەوە بۆ ناوشۆڕش، بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی شۆڕش و ڕژێمی شاهەنشاهی ئێرانی، هەڵاتنی چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆن لەناوچەی دۆڵەڕەقەوەو کارکردنیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەناوی پارتی باسکی جەلالییەوە (لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی)و گرێدانی پەیوەندییان بەڕژێمی عێراقییەوە، قوڵ بوونەوەی دووبەرەکی و هەڵگیرساندنی شەڕی کوردکوژەی ناسراو بەداستانی (مەلایی وجەلالی) لەمێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا(٦٦)، هەموو ئەو ڕوداوانە کاریگەری بنەڕەتیان لە ڕەوتی ڕوداوەکانی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکردو کادرو ئەندامەکانیان بەسەر لایەنە جیاوازەکانی هاوکێشە جیاوازەکاندا رادەکێشا، وەك: دانیشتن و وەستاندنی چالاکییان هەڵسوڕان بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری، لایەنگری لەمەلایی یاخود پشتگیری لە ڕەوتی جەلالی بانگەشە بۆ سیاسەتی یەکێتی شورەوی و نزیکی لەحیزبی تودە یاخود پشتگیری لەبۆچوونەکانی ماویزم و بەستنی پەیوەندی لەگەڵ سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە کەئەودەم بەڕابەری (کۆرشی لاشائی)لە بەکرەجۆ بنکەیان



دانابوو، خۆ بەدوورگرتن لە ڕژێمی عێراق و چاوەڕێکردنی ئاکامی شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق یاخود هەوڵدان بۆ بەستنی پەیوەندی و هاوکاری لەحکومەتی عێراق بەمەبەستی هەڵگیرساندنی کاری چەکدارانە لەکوردستانی ئێران. ئەم مەسەلە دژ بەیەك وناتەباو ناکۆکانە کە پەیڕەوی لە هەرکامیان وردبوونەوەو لێکدانەیەکی قوڵی دەویست.

لە هەل ومەرجێکی ئاڵۆزی وادا ژمارەیەك لەلاوە خوێن گەرم و مارکسیستەکانی حیزبی دیموکراتیکوردستان کەبەچەپ و پێشکەوتووخواز دەناسران و بریتیبوون لە (سمایلی شەریفزادە، حەمەدەمینی سیراجی، مەلا ئاوارە، سنار مامدی، سەعید کاوە، مەلا عەبدوڵڵای سەربازی، سالاری حەیدەری) لە ١٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٦دا لەسەرووی گوندی نزیك خەلان بڕیاری دامەزراندنی (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان)یان دا بەمەبەستی چەسپاندنی بیری خەباتی چەکدارانەو جەنگی پارتیزانی لەنێو ئەندامانی حیزبداو بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی چەکدارانە لەکوردستانی ئێران و ئامادەکاری بۆ کارێکی لەو چەشنە، هەر بۆیە لەوکۆبوونەوەیەدا بڕیار درا بڵاوکراوەیەکیش بۆ ئەو مەبەستە چاپ بکەن و بۆ دەستهێنانی هاوکاری و یارمەتی پەیوەندی بەلایەنە جۆراوجۆرەکانەوە بکەن(٦٧).

شایەنی باسە سولەیمانی موعینی لە دوای تیرۆرکردنی ئەنجیری ئازەرو دوورکەوتنەوەی ئەحمەد تۆفیق لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە بۆ ناوچەی(کانی ماسی)ی بادینان، بەتەنیا مابۆوە ئەویش خۆی بەلای چەپ و مارکسیستەکاندا ساغ کردبۆوەو بەتوندی بانگەشەی بۆ جەنگی پارتیزانی و هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران بەدژ ڕژێمی شاهەنشاهی دەکردو بۆ ئەو مەبەستەش چەند ژمارەیەکی لەگۆڤاری (ڕۆژ)بەناوی لقی٣ی (ح.د.ك)بڵاوکردەوە کەتیایدا لایەنگری

لەڕێبازی ماویزم دەکردو دژی شورەوی بابەتی بڵاو دەکردەوەو بانگەشەی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکدارانە بەپشت بەستن بە ئۆردوی جوتیارو زەحمەتکێشان لەکوردستانی ئێراندا دەکرد(٦٨).

بەم چەشنە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات تادەهات زیاتر پێی خۆی دەچەسپاندو بیری هەڵگیرساندنی خەباتی چەکدارانە لەکوردستانی ئێراندا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەی دەگرت و فراوانتر دەبوو، پەیوەندییەکانیشیان بەهێزەکانی سەر شانۆی سیاسی ناوچەکە تادەهات زیاتر ڕوون دەبۆوە، لەم ڕووەوە ئیبراهیم جەلال نوسیویە((لەساڵی١٩٦٦ بەدواوە ئەم باسکەی حیزبی دیموکرات زۆر گەشەیان کردو ڕێکخستنێکی زۆر فراوانیان هەم لەناو ئاوارەکان لەخواروی کوردستان و هەم لە پەیوەندییان بەناوەوەی وڵات لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست کردەوەو کەوتنە پێکهێنانی دەستەی چەکداریو جموجوڵ لەسەر سنورەکان لەو دیوی ئێراندا، ئەم باسکەی حیزبی دیموکرات کەلە لایەکەوە لەپارتی باسکی(جەلالی)یەوە نزیك بوون،لە لایەکی تریشەوە حکومەتی عێراقیش یارمەتی دەدان، وەدیسانەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانیدا بەتایبەتی سەرسنوری عێراق- ئێران لە ناوچەی پێنجوین و شارباژێڕو سیوەیل و پشدەر دا کاریان دەکردو لەوێوە دەچوونە ئەودیوی سنوور، بۆیە ڕژێمی شای ئێران مەترسی لێنیشت))(٦٩).

دیارە بەشێك لەو فارسە ماویستانەی کەلە حیزبی تودە جیاببوونەوە وبەناوی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە هەڵدەسوڕان لەبەکرەجۆی ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی باسکی جەلالی بەڕابەری کۆرشی لاشائی کۆبونەوە وبەگەرمی پشتگیریان لە پەرەسەندنی بیری جوڵانەوەی چەکدارانەو جەنگی پارتیزانی دەکردو بۆئەو مەبەستەش دواتر بڵاوکراوەیەکیان بەناوی (پیروزباد راه محاصره شهرها از طريق



دهات/ بڕی شێوەی گەمارۆدانی شارەکان لەڕێگای گوندەکانەوە) چاپکرد(٧٠). ئەوانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراندبوو، سەبارەت بەمەسەلەی هەڵگیرساندنی جوڵانەوەیەکی چەکدارانەش لەکوردستانی ئێران هانیان دەدان، هەر لێرەدا لەسەر بنەمای ئەو پەندە بۆکورد هەڵەیە کە دەڵێت (دوژمنەکەم دۆستمە) تێکڕای ئەو لایەنانە بەباسێکی چەپی حیزبی دیموکراتیشەوە بەمەبەستی وەدەستهێنانی هاوکاری و یارمەتی پەیوەندییان بەحکومەتی عێراقەوە کرد(٧١)، لەکاتێکدا بەپێی ڕاپۆرتەکانی ساواك تا ساڵی١٩٥٦یش هەولێك لەپەیوەندییەکی بەوجۆرە نییە(٧٢).

سەبارەت بەپەیوەندی نێوان لایەنگرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات وباسکی جەلالیش لە ڕاپۆرتێکی ساواکی کەلە ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦نوسراوە هاتووە: ((جەلال تاڵەبانی لەشارە کوردنشینەکانی عێراقدا خەریکی دامەزراندنیحیزبی دیمکراتی کوردستانەو تائێستا لە شارەکانی هەولێر، پێنجوێن، قەڵادزە، ڕەواندوز شەقڵاوەدا چەند لقێکی حیزبی بۆ کردونەتەوەو دەوڵەتی عێراقیش بەتەواوەتی پشتیوانیان لێدەکات، هەواڵەکانی پێمان گەیشتوون باس لەوە دەکەن کە کەسایەتییە حیزبییەکان (مەبەستی کادرەکانی باڵی چەپی حیزبی دیموکراتە-ل)بەشێوەی نهێنی لەناو ئێراندا خەریکی دامەزراندنی شانەی حیزبین و بەنهێنی هەڵدەسوڕێن))(٧٣).

دیارە ڕاپۆرتێکی بەم چەشنە جگە لەوەی سروشتی پەیوەندی تەواو دۆستانە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات و باسکی خورت بووی جەلالی نیشان دەدات، ترس ودڵە ڕاوکێی دەزگای جاسوسی ساواك و ڕژێمی شاهەنشاهی لەمەڕتەقینەوەی ڕاپەڕینێکی چەکدارانە

لەکوردستانی ئێران و ئەگەر قۆزتنەوەی مەسەلەیەکی وا لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە دەخاتە بەرچاو، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان لەم قۆناغەدا سیخوڕەکانی ساواک بەلێشاو ڕاپۆرتیان بۆبەرپرسانی خۆیان بەرزکردەوە کەباس لەپیلانی میسرو حکومەتی عێراق دەکات بۆ هەڵگیرساندنی جولانەوەیەکی چەکداری و ئاژاوەنانەوە لەکوردستانی ئێراندا(٧٤)، مەسەلەیەکی بەو جۆرە کەخودی شەخصی محەمەد ڕەزاشای خستبووە دڵە ڕاوکێ، وەك پژمان ئاماژەی بۆ داوە: ((ڕۆژێك کاتژمێر نۆی شەو پاکرەوان تەلیفۆنی بۆ کردم و چوومە لای ووتی: شا لە کاروباری باکوری عێراق ئەوەندە نیگەران نییە، بەلام لەبزوتنەوەی ئێرانییەکانی هەڵاتوو بۆ ئەو دیو دەترسێ))(٧٥).

لەڕاستیدا ترس ودڵەڕاوکێی ڕژێمی ئێرانی و خودی محەمەد ڕەزاشا لەهەڵگیرساندنی جولانەوەیەکی بێ جێ و لەخۆڕانەبوو، چونکە ئەو بارودۆخە دژوارەی لەو دەمەدا گەلی کوردو گەلانی تری ئێرانی تێدا دەژیا ئەگەری تەنینەوەی ڕاپەڕینێکی بەوجۆرەی لەسەرانسەری هەرێمەکانی ئەو وڵاتە هەموار دەکرد، مەسەلەیەکی واکە سەرئێشەیەکی گەورەی بۆ ڕژێمی شاهەنشاهی بەدواوە بوو، بەجۆرێك زۆر دوور نەبوو بەتەواوەتی لەگەڵ خۆیدا ڕایماڵێ.

لێرەدا بۆئەوەی هەل ومەرجی ڕاستەقینەکەی ئەو دەمی کوردستانی ئێران بزانین جێی خۆیەتی ڕاپۆرتێکی نهێنی دەزگای ساواك بخەینە بەرچاو کە لە١٩ی ئاداری ساڵی ١٩٦٦دا نوسراوە، لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە ((بێ زێدەڕۆیی، حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵایەکی گەورەو پڕ جۆش وخرۆشی لەنێو چینە ڕۆشنبیر- خاوەن بڕوانامەکان - خوێندەوارەکان - زۆرینەی وەرزێران و بەشێکی مولکدارە ناڕازیەکان و بنەماڵەی شێخەکان و مەلاو بازرگانە مهابادیەکان پێکهێناوە، خەڵکی



بەگشتی خۆیان لەپەیوەندی گرتن بەکارمەندانی دەوڵەتی دەگێڕنەوەو داوا دەکەن هەرکەسەو شکایەتەکانیان بەرنە لای نوێنەرانی حیزبی دیموکرات یا شانە حیزبیەکانیان، ئەوانەی کەلە زۆربەی گوندەکاندا لە ٣کەس پێکهاتون .

ئەو گەندەڵیەی کەلە تەواوی دەزگاکانی دەوڵەتی وەك دادوەری، فەرمانداری، کارمەندەکانی بەڕێوبەرایەتی، بانکی کشتوکاڵی و ڕیفۆرمی زەوی بەدی دەکرێت ناڕەزاییەتییەکی گەورەیی لەنێو خەڵکیدا پێکهێناوەو خزمەتێکی فرە کاریگەر بەحیزبی دیموکراتی کوردستان و گروپە نەیارەکانی دژبە دەوڵەت دەکەن .. حیزبی دیموکرات ئەمێستا خوازیاری ئەوەیە کەلە فاکتەری ناکۆکی و دوژمنایەتی ئێران لەلایەك و عێراق و جیهانی عەرەب لەلایەکی دییەوە .. بەهرە وەردەگرێت و بەهاوکاری ناصر (مەبەستی جەمال عبدالناصری سەرۆکی میصرە)و عێراق ئامانجە شۆڕشگێڕیەکانی خۆی لە کوردستانی ئێراندا پیادەبکات، حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر باش درکی بە مەسەلەی خراپی و قەیراناوی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق کردووەودەزانێت کەئێستا شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە هاوکاری دەکرێن، هەر بۆیە دەیەوێت مەسەلەیەکی وابە قازانجی خۆی بقۆزێتەوەو بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی میسر و عێراق و بۆ وەدەستهێنانی هاوکاری خەریکی گفتوگۆیە، دەوڵەتی عێراقیش هاوکات لە گەڵ پاڵپشتی ئێران لە کوردەکانی عێراق خوازیارە کۆمەك بە ڕابەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێراندا بکات.

ڕاستییەکەی زۆرینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە کوردستانی ئێراندا لە ناڕەزایەتییەکی تەواو دا دەژین و دژی ئەو بارودۆخە زاڵەی ئێستا ئامادەی وێرانکاری و ڕاپەڕینن، هەر بۆیە چ لایەن و هێزێك

پشتیوانی میللی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت دەتوانێت بە ئاسانی رابەرایەتی ئەو خەڵکە نا ئومێد و ڕەشبینە بگرێتە دەست، لە کاتێکدا ڕابەرە دەسەڵاتخوازەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە کینە و قینێکی زۆریان سەبارەت بە ڕژێم و دەزگاکانی دەوڵەتی شاهەنشاهی هەیە، ئەو هەلەیان بۆ خۆیان قۆزتۆتەوە و کەوتونەتە ئەنجامدانی کاری خەتەرناك و ئاژاوەنانەوە لە سەرانسەری ناوچە سنورییەکانی کوردستانی ئێراندا.

لە ناوچەی کوردستان و ئازەربایجانی خۆرئاوا دا زۆربەی توێژە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکان خاوەن هەستی ناسیۆنالیستین و لایەنگیری ئازادی و خودموختاری و تەنانەت سەربەخۆیی کوردستانیشن بە پشت بەستن بە ئیرادەی خودی خەڵکی کوردستان. خێڵەکانو عەشیرەتەکان، شێخەکان و پیاوانی ئایین لە ناوچەی کوردستان و ئازەربایجانی خۆرئاوادا کە لە ئاکامی پیادەکردنی یاسای ریفۆرمی زەوی و فشاری هەندێك کاربەدەستی خائین دا ناڕازین و زۆربەیان بیری وێرانکاری و خراپەکارییان لە کەللەدایە، ئەمانە هیچ کارێك ئەنجام نادەن قازانجی حکومەتی تێدا بێت، زۆربەی ئەو بنەماڵە کوردانەی کە خزمەتی وڵاتیان کردوە وەك عەلییارییەکان ئێستا بەئاشکرا باس لەوە دەکەن کەدەسەڵاتی حکومەتو دەوڵەت جگە لەچەند ڕۆژێکی دی ناخایەنێتو لەبێ‌ورەیی و ڕەش بینییەکی گەورەدا خۆیان بینیوەتەوە.

جوتیارو زەویدارە بچوکەکان وێڕای ئەوەی لەپیادەکرنی یاسای ریفۆرمی زەوی بەهرەمەندن، کەچی لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هەڵدەسوڕێنو تەنانەت پیادەکردنی ڕیفۆرمی زەویو ئەنجامدانی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو تەندروستیش نەیتوانیوە کاریگەری لەسەر گیانی تێکدەرانەیان جێبهێڵێت، ئەوانە



زۆربەیان بەسەری سولەیمانی موعینی سوێند دەخۆن ودژی دامەزراندنی سوپای زانیارین (ئەو گروپە شۆڤێنستە فارسانەبوون کەبەناوی خوێندەوارییەوە بۆ بەفارسکردنی منداڵانی کورد لەگوندەکاندا دادەمەزران– ل) لەگوندەکانی وەك لاهیجانو دەوروبەریدا.. ئەوانە کوێرانە لەسۆنگەی هەستی نەتەوایەتیو ئازادیخوازانەیانەوە لایەنگری لەحیزبی دیموکرات دەکەن، بەتایبەتی لەناوچەی مەهاباددا کەخەڵکی سەبارەت بەو دەمارگیرییەی لەمەڕ خۆشەویستی قازی محەمەدو ئازادی کوردستانەوە لایەنگری لەحیزبی ناوبراو دەکەن))(٧٦).

لەلایەکی دییەوە لێپرسراوانی ڕژێمی شاهەنشاهی کەدەیاندیت کادرو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوانەی پەیوەندییان بەباسکی جەلالیو تودەییە ماوییەکان وحکومەتی عێراقەوە هەیە، بەردەوام لەسنورەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دا دێنە ئێرانو چالاکی‌سیاسیو چەکداری دژی پۆستو بنکەی ژاندرمە ئێرانییەکان ئەنجامدەدەن، کەوتنە گومان لەلێپرسراوانی شۆڕشو بەرامبەر خودی بارزانی دڕدۆنگ بوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی سلێمانی موعینی دەگەڕێتەوە کوردستانی ئێرانو لەجەولەیکی‌دا لەگەڵ ژمارەیەك لەژاندرمەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی لەگوندی (پانەسەر)ی مەنگوڕایەتی پێکهەڵدەپڕژێنو دوای بریندارکردنی ژاندارمێكو بەدیل گرتنی ژمارەیەکی دی بەسنووری ژێر دەسەڵاتی شۆڕشەوە هاتبوونەوە کوردستانی عێراق (٧٧)، لەڕاپۆرتێکی ساواك دا هاتووە کەفەرماندەی ژاندارمەری گومانی لەبارزانی هەیەو وای بۆ دەچێت کەئەو دەستەیەی سولێمانی موعینی لەلایەن خودی بارزانی‌یەوە دەپارێزرێت، چونکە مەلا مستەفای بارزانی هەموو کاتێك ئەو توانایەی هەبووە ڕێگری لەم تاقمە بکات بەڵام خۆی لەمەسەلەیەکی وا دەپارێزێت، هەر بۆیە وەك لە

ڕاپۆرتەکەدا دەردەکەوێت ساواك بەتوندی بارزانی ئاگادار کردۆتەوە کەپێویستە هەرچی زووترە تەوای ئەو ئێرانییانەی لەناوچە ئازادکراوەکان و ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدان دەستگیر بکرێن و تەسلیم بەحکومەتی ئێرانی بکرێنەوە، ئەگەرنا ئیدی حکومەتی ئێرانی بەهیچ قسەوگوفتارێکی بارزانی بڕوا ناکات(٧٨).

دیارە ڕێبەرایەتی شۆڕش لەکوردستانی عێراقدا لەهەل‌ومەرجێکی واناسکدا کەفشارێکی گەورەیان لەلایەن سوپای داگیرکەری عێراقەوە لەسەر بوو، ئامادەنەبوون لەوقۆناغەدا هەروا بەئاسانی ئێران لەخۆیان بتۆرێنن، چونکە خاکی ئێران بەدرێژایی تەمەنی شۆڕش، سەرەتا لەلایەن خەڵکی کوردو دواتر وەك حکومەت سەرچاوەی هاوکاری و دابینکردنی پێویستەمادیی و لۆجستیەکانی شۆڕش بوو دژی حکومەتە یەك بەدوا یەکەکانی عێراق، ئێران لەم قۆناغەدا وەك پشتی جەبهەیەکی لەبار وەك تاقە دۆستێکی تاکتیکی شۆڕش خۆی دەنواند کەلەدەستدانی وابەئاسانی قەرەبوو نەدەکرایەوەو ئاکامەکەشی ڕوون نەبوو، هەربۆیە ڕێی تێنەدەچوو ڕێبەرایەتی شۆڕش لەکوردستانی عێراق زەمینە بۆ ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات و لایەنگرانی هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری لەکوردستانی ئێران خۆش بکەن لەسنووری دەسەڵاتی ئەوانەوە پەلاماری پۆستەکانی ژاندارمی حکومەتی ئێرانی بدەن و ئەو تاقە پشتی جەبهەیەی شۆڕش بئاڵۆزێنن و لەو دۆخە ناسکەدا کار لەهاوکاری و پەیوەندی نێوان شۆڕش و ڕژێمی‌شا بەقازانجی حکومەتی عێراقی بکەن.

هەر بۆیە ڕێبەرایەتی شۆڕش لەکوردستانی عێراق لەسەر ئەو باوەڕە بوون کەپێویستە لەوساتەوەختەدا تەواوی هێزو تواناکان بۆسەرخستنی شۆڕشی گەلی کورد لەکوردستانی عێراق تەرخان بکرێت و تائاسۆی



شۆڕش لەم پارچەیەی کوردستاندا ڕوون نەبێتەوە هەوڵی جوڵانەوەی چەکدارانە لەکوردستانی ئێراندا نەدرێت و ڕژێمی شاهەنشاهی لەم کاتەدا نەوروژێنرێت، ئەو بۆچوونەی کەزۆرجار لێپرسراوانی شۆڕش بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتیان دووپات دەکردەوە (٧٩)، هەر لێرەدا پێویستە بوترێت کەڕێبەرایەتی شۆڕش کەتاساڵی ١٩٦٦یش چ ڕێگرییەکی ڕاستەوخۆیان لەبەردەم چالاکی و هەڵسوڕانی سەران و ئەندامانی حیزبی دیموکراتدا پێکنەدەهێنا، بگرە ژیانیشیان بۆ دابین کردبوون و مووچەی پێشمەرگایەتیان دەدانێ، لەدوای فشاری ئێران و ئاڵۆزبوونی ناکۆکیەکانی ناوخۆو کەوتنەوەی دەنگۆی هەڵگیرساندنی جوڵانەوەی چەکدرای لەکوردستانی ئێران سیاسەتێکی توندترو ئاکتیوتریان لەمەڕ مەسەلەکە گرتەبەر، بەتایبەتی جگەلەوەی پەیوەندی بەتینی باسکی چەپی حیزبی دیموکرات بەباسکی جەلالی‌یەوە لای سەرانی شۆڕش ڕوون‌وئاشکرابوو، هەر لەم سەرو بەندەدا بوو کە (مونەتەقیمی قازی) هاوکارو هاوبیری سولەیمانی موعینی لەلایەن دەزگا ئاسایشیەکانی شۆڕشەوە گیراو ناوبراو دانی بەوەدانابوو کەویستوویەتی بەمەبەستی پەیوەندی‌کردن بەحکومەتی عێراقەوەو وەرگرتنی یارمەتی بچێتە هەولێر، ئەو ڕوداوەی کەبووە هۆی تووڕەبوونی بارزانی لەسولەیمانی موعینی و هەڵهاتنی ناوبراو لەناوچە ئازادکراوەکانەوە بۆناوچە سنوریەکانی کوردستانی ئێران (٨٠).

لێرەدا بەدواوە ڕێبەرایەتی شۆڕش بەتەواوی لەهەڵس‌وکەوتی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات کەوتنە گومانەوەو بەدرێدۆنگییەوە سەیری هاتوچۆیان بۆ سنورەکانی کوردستانی ئێران دەکردن و لەپەیوەندییان بەباسکی جەلالی و حکومەتی عێراقەوە دەسەڵەمانەوە، هەر بۆیە جگە لەوەی بنکە سنوریەکانی حیزبی

دیموکراتیان لە ناوچەی سۆنێ و شێنێ کۆکردەوە، ناوچە سنورییەکانی نێوان کوردستانی ئێران و ژێر دەسەڵاتی شۆڕشیان خستە ژێر چاودێرییەوە(٨١). ئەحمەد تۆفیق کەئەویش بەرکەبەرێی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات لایەنگرانی خۆی دەناردەوە کوردستانی ئێران و لەگوندەکاندا بەڕێکوردەرو بەدەنگی هەژاری شاعیر هۆنراوەی (بەرەو مورکریانی)دەدا بەگوێی خەڵکدا(٨٢).

لەم قۆناغەدا بەتوندی لەلایەن ساواکەوە داوا دەکرایەوە، مەلا مستەفا کەخزمەت و هەڵسوڕانی ئەحمەد تۆفیقی بۆشۆڕش لەبەرچاو بوو دژی ئەم داواکارییەی ساواک وەستا و داوای کرد خۆی لەبەر چاوان ون کات و بچێتە گوندی(کانی‌ماسی) بەرواری باڵا لای سنوری تورکیا(٨٣). دواتر شۆڕش کادرو ئەندامەکانی دی حیزبی دیموکراتی لەمەڕ دوابڕیاری خۆی ئاگادار کردەوە کە: یان بێ‌چالاکی سیاسی و تەبلیغاتی لەژێر دەسەڵاتی شۆڕش و لەناوچەی ئازادکراوەکاندا دانیشن و ژیانی ئاسایی خۆیان بەڕێوەبەرن، یالەناوچەی شۆڕش دوورکەونەوە و بچنە بەغداو شارەکانی عێراق ببنە پەنابەر، یاخود بەتەواوی بڕۆنەوە دیوی ئێران و هەموو پەیوەندییەکیان بەعێراق و خواروی کوردستانەوە بپڕن(٨٤).

شایەنی‌باسە کادرو ئەندامەکانی حیزبی دیموکرات بەبیستنی ئەم بڕیارە بوونە دووبەش، بەشێکیان بڕوایان بەوەهەبوو کەناکرێت لەو هەل‌ومەرجەدا بێ‌هاوکاری ڕاستەقینەو ڕەزامەندی شۆڕش و خودی مەلامستەفای بارزانی ئاگری جوڵانەوەی چەکدارانە بەدژی ڕژێمی شاهەنشاهی لەکوردستانی ئێراندا هەڵگیرسێنرێت لەمانە (٤٠-٥٠) کەسێك دەبوون بەسەرپەرشتی (ئەمیری‌قازی) و بەناوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لەسەنگەسەرو لەناوەندی دەسەڵاتی شۆڕشدا دانیشتن.



بەشی دووەم کەکادرو لایەنگری کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات بوون، نەك هەر ئامادەنەبوون چالاکی سیاسی و تەبلیغاتی خۆیان بوەستێنن، بەڵکو لەوباوەڕەدا بوون کەئەوانیش هیچیان لەکوردی عێراق کەمتر نییەو دەتوانن لەڕێگای جەنگی پارتیزانی و هەڵگیرساندنی جوڵانەوەی چەکداری لەکوردستانی ئێران لەژێر تیشکی ڕێبازی (ماویزم)دا ڕژێمی شاهەنشاهی لەڕەگ‌وڕیشەوە دەرکێشن، ئەمانە داوای کۆبوونەوەیەك سەرکردایەتییەکی (٢١) کەسییان پێکهێنا و بڕیاریاندا گۆڤارێك بەنێوی(تیشك)ەوە بڵاو بکەنەوە تێیدا بانگەشە بۆ جوڵانەوەکەیان بکەن. لەڕاستیدا ئەم تاقمە بوون بەدوو گروپ، گروپێکیان کەنزیکەی (١٠٠) چەکدارێك دەبوون دەبوایە بەدوو قۆڵ بەرەو ناوچەی سەردەشت و خانێ و مەهاباد بڕۆن و دەست بەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بکەن لەگوندو ناوچەکانداو زەمینە بۆ جوڵانەوەکەیان بخوڵقێنن. گروپی دووەمیشیان دەبوایە لەدەرەوەی دەسەڵاتی شۆڕش و نزیك بەکرەجۆی ناوەندی باسکی جەلالی، بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی کاری سیاسی و پەیوەندی بەبەشەکەی ناوەوەی وڵات و گەیاندنی چەك و تەقەمەنی پێویست بەڕێگای نهێنی‌دا بمێننەوە(٨٥).

شایەنی‌باسە هێشتا سەرکردایەتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات بڕیاری گەڕانەوەی بۆ نێو خۆی وڵات نەدابوو کاتێك دووئەندامی سەرکردایەتی ئەو کۆمیتەیە بەناوی (سەنار مامدی و سالاری حەیدەری)(٨٦) ، لەبنکەی سیدەکانەوە بێ ڕاوێژوپرس گەڕابوونەوە کوردستانی ئێران و پاش ماوەیەك جەوڵەکردن خۆیان تەسلیم بەهێزەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی کردبۆوە، مەلا عەبدوڵڵای سەربازیش کەهەر ئەندامێکی بنەڕەتی کۆمیتەکە بوو، ئەویش گەڕابۆوە ئێران و دوای خۆ تەسلیم کردنەوە لێی‌دانیشت بوو(٨٧).

لەڕاستیدا گەڕانەوەی دەستە چەکدارەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات بۆ کوردستانی میلیتاریزەکراوی ئێران، بڕیاردان لە جوڵانەوەی چەکدارانە بێ ئامادەکارییەکی سیاسی- ڕێکخراوەیی - چەکداری، بێ بوونی هەستەی نهێنی لەناوچە جۆربەجۆرەکان، بێپشتو پەناو دۆستێکی ستراتیژ، بێپشتی جەبهەیەکی متمانە پێکراو، بێئاگاداری پێویست لەسەر خاڵەلاوازەکانی دوژمن، بێبەرنامەو دیدێکی یەکگرتوو لەمەڕ مەسەلەکان، بێ لێکدانەوەی وەزعی نێوخۆی ئێرانو بارودۆخە هەرێمییە ئاڵۆزەکە، تەنیا بەئومێدی گوڕزلێدانی دوژمنو پشت بەستن بەهەستی هەڵچووی لاوانو بەڵێنە بێئەنجامەکانی هەندێ لایەن، دروست دووبارە بوونەوەی هەمان مەرگەساتی مێژوویی بووکە (گیڤارای) شۆڕشگێڕو هەڤاڵانی لەچیا گەمارۆدراو میلیتاریزەکانی پۆلیڤیا لەهەمان ساڵدا واتە (١٩٦٧)دا تووشی هاتن.

هەر لەم ڕووەوە (مەلا بەختیار) جوانی بۆچووە کە نوسیویە: ((ڕەنگە پانچەپەکان بتوانن لەپایتەختو شارە خۆشەکانی هەندەراندا شۆڕشی درێژخایەنیش! بەبێ پشتوپەنای هیچ دەوڵەتێك بکەن، بەڵام لەناو خاکی نیشتماندا کەدەستدرایە چەك شۆڕشی بێ پشتیوانیو بێپارە، گەدەی تاکە پێشمەرگەیەك تێرومەخزەنی کلاشینکۆفێکیش پڕناکات، لەبەرامبەر ڕژێمە لەچەك پەرداختەکان بەقسەخۆشە، شۆڕش بێ پشتیوانی تەنیا لەڕێی دەستکەوتی شۆڕشگێڕانەوە سەربخرێ، دیارە خۆ ئەگەر پارتیزانەکان هاوسنوری وڵاتێکی دۆست نەبن لەبەرامبەر دوژمنی باڵادەست دا زۆر دژوارە بتوانن بەچەکی باشیش، بەپێشمەرگەی ئازاو زۆریش بۆماوەیەکی دوورودرێژ دژی چەکی قورسی دوژمنو شاڵاوی پەیتا پەیتای لەشارەکان، بۆردومانی فڕۆکەکان، تۆپ بارانی تۆپەکان خۆیان لە بنکە هەمیشەییەکاندا بگرن)) (٨٨).



دیارە کاتی خۆشی کەسانێك هەبوون لەئەندامانی حیزبی دیموکرات ئەو مەسەلانەیان لێکداوەتەوەو مەسەلەی جوڵانەوەی چەکدراییان بەو توانا لاوازیو بێپشتوپەنایییەوە پێڕاست نەبوو یەك لەوانە مەلائاوارە کە دواتر گیانیشی لەجوڵانەوەکەدا بەخت بوو، کاتێك لەنامەیکیدا بۆمەلاعەبدوڵڵای حەسەن زادە لەنێوخۆی وڵاتدا نوسیویە: ((وەك دەزانی ماوەیەکە مقۆمقۆی خەباتی چەکداران داکەوتووە، خەباتی چەکدارانە بێتەشکیلات، خەباتی چەکدارانە بێپشتی جەبهە، داوات لێدەکەم بەهەر جۆرێ بۆت دەکرێ مەیەڵە ئەو فکرە پەرەبستێنێو لەنێو خەڵکدا جێبگرێ))(٨٩).

مەلاحەسەنی ڕستگاریش کەئەو دەم یەکێك بووە لەهاوکارەکانی سولەیمانی موعینی، لەدەمە تەقێیەکدا ئاشکرای کرد فارسە ماویزمەکانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە سەردانی بنکەی حیزبی دیموکراتیان کردووەو مەسەلەکەیان لەگەڵ هێناونەتە گۆڕێو وتویانە ئێمە هەر دەتوانین (هاوکاری مەعنەویتان بکەین)، لەوەڵامدا مەلاحەسەن پێی وتوون ((شۆڕشی چەکداری تەنیا بە هاوکاری مەعنەوی ئەنجام نادرێ، شۆڕش بەچەكو تەقەمەنیو پارەو بەیارمەتی ماددی هەڵدەگیرسێت، ئەو بڕوایەی وای لەمەلاحسەن کردووە لەگەڵ جوڵانەوەی چەکداریدا نەبێت(٩٠).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو ڕاستیەش بکرێت کەتۆڕە جاسوسییەکانی ساواك چ لەناو کوردستانی ئێراندا یاخود لەناوچە سنورییەکانو لەدیوی کوردستانی عێراقدا، بگرە لەناو خودی ڕیزەکانی دەستە چەکدارەکانی حیزبی دیموکراتدا، کەوتبوونە کۆکردنەوەی وردودرشتی هەواڵەکانو بۆدەزگا لێپرسراوەکانی ژاندارمو لەشکری شاهەنشاهییان دەناردو هاوکارییەکی زۆر باشیان دەکردن سەبارەت

بەرووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێك کەبەتەواوەتی چاوەڕوانکراو بوو، بەچاوخشاندنێك بەڕاپۆرتە نهێنییەکانی ساواکدا دەردەکەوێت کەئەو دەزگایە چ زانیارییەکی وردیان لەسەر جۆری کارکردنی حیزبی دیموکرات، ناکۆکی نێو ئەندامەکانی، دابەش بوونی پێشمەرگەکانی، پەیوەندییەکانی، لایەنگرانی لەناو کوردستانی ئێران، شوێنی حەوانەوەو هاتوچۆیان.....هتد هەبووە، دیارە جگە لەو جاسوسانەی وەك (کوێخاشەریف)کەلەلایەن ساواکەوە خزێنرابوونە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە، ئەوانەشی دەگیران یان خۆیان تەحویل دەدایەوە، بەزۆرو ئەشکەنجەیان بە خواهش هەموو زانیارییەکیان لێ وەردەگیراو دەخرایە خزمەتی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمەوە، بەکورتی بۆ کارێکی سەختوگرنگی بەو شێوەیە نهێنییەکی ئەوتۆ نەمابوو لەسەر دەستە چەکدارەکانیحیزبی دیموکرات ساواك پەی پێ نەبردبێ. مەسەلەیەکی واکە باش بەفریای ڕژێمی شاهەنشاهی کەوتو هەر زوو چەند هەنگاوێکی لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە هەڵهێنان بۆ ڕێگرتن لەتەنینەوەی هەر جوڵانەوەیەکی چەکداری لەکوردستانی ئێران.

هەربۆیە بەدرێژایی تەمەنی هەژدە مانگی جوڵانەوە چەکدارییەکەی ساڵەکانی ١٩٦٧–١٩٦٨، وێڕای ئەوەی ئەندامانو لایەنگرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات لەخۆبووردوانەو ماندونەناسانە هەڵدەسوڕانو قارەمانانە بەرەنگاری پەلامارەکانی ژاندارمو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی دەبوونەوە، کەچی نەیانتوانی لەنێو خۆی کوردستانی ئێراندا ناوەندێکی شۆڕشگێڕانەوەو بارەگایەکی ئاشکرا لەسەر بستێك خاکی ئازادکراو دابمەزرێنن، بەڵکو دەستە چەکدارەکان لەترسی هێرشی کۆپتەرو فڕۆکەی جەنگی ئەمەریکی (F14)و پەلاماری لەشکرو ژاندارمو جاشدا کێو بەکێوو گوندبە گوند بێ بەرنامەو



لەبێسەروبەرییەکی تەواودا بێهودە دەسوڕانەوە، هەلومەرجێکی واکە تاڕادەیەکی زۆر لەبەرژەوەندی ڕژێمی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمدا بوون، ئەو دەزگایانەی لەڕێگای تۆڕە جاسوسەکانیانەوە شوێن پێی دەستە چەکدارەکانیان دیاری دەکردو لەناکاوێکدا بەهێزێکی زۆرەوە گەمارۆیو پەلاماریان دەدان، مەسەلەیەکی واکە هەرلەسەرەتای دەستپێکردنی پێکهەڵپڕژانە چەکدارییەکانەوە تاسەرکوتکردنی جوڵانەوەکە دەستە چەکدارەکانی لەشەڕی نابەرامبەرو لەناکاودا دەگلانو یەك بەدوای یەك کادرو سەرکردەکانیان یان لەمەیدانی شەڕدا دەکوژران، یاخود دەگیرانو دواتر تیرەباران دەکران.

لەم ڕووەوە یەکەمین دەستە چەکدارەکانی لەلایەن ژاندارمە ئێرانییەکانەوە پەلاماردران، بریتیبوو لەتاقمێکی پێنج نەفەری کەلەلایەن (نحۆشکاك)ەوە سەرکردایەتی دەکران، ئەم دەستەیە دوای ئەنجامدانی چەند جەولەیەك لەناوچەی سەڵماس دا لە ١٨ی ئایاری ١٩٦٧دا لەکاتی حەوانەوە لەلایەن هێزی سازو تەیاری ژاندارم دا پەلامار دران، لەئەنجامدا نحۆو هاوەڵانی پاش شەڕێکی دلێرانەو کوشتنی (٢)ژاندارم لەنێوبران هەروەها لە ١٣ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ هێزەکانی ژاندارم توانییان لەگوندی (بەیرەم)ی ناوچەی میرقازی مەهاباد کادرێکی لێوەشاوەی حیزبی دیموکرات بەناوی (مەلامەحمودی زەنگەنە) بکوژنو هاوڕێیەکیشی برینداربکەن(٩١).

شایەنیباسە حکومەتی ئێرانی سەرەتا لەو بارودۆخەدا کەتا دەهات پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیلو عەرەب گرژ دەبوونو بەرەو ئەو دەچوو جەنگێکی گەورەی لێبکەوێتەوە، هێشتا لەسەر مەسەلەی پەلامارێکی سەرتاسەری بۆ سەر کوردستانی ئێرانو سەپاندنی شەڕی ڕاستەقینە بەسەر دەستە چەکدارەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتدا

بڕیاری لێبڕاوی نەدابوو، ڕژێمی شاهەنشاهی دەیویست لەهەلومەرجێکی وادا مەسەلەکە زۆر نەوروژێ‌و جارێ هەوڵ بدات بۆلاوازکردنی عێراق لەڕێگای دەستپێکردنەوەی شەڕەوە لەنێوان شۆڕش‌و حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف دا، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان لەو کاتەدا گفتوگۆو ئاگربەس لەنێوان شۆڕش‌و حکومەتی عێراقدا بەردەوام بوو، جگە لەوەی جەنگی عەرەب‌و ئیسرائیلیش لەدەمەدەمی دەستپێکردنی دابوو، ئەو جەنگەی لەحوزەیرانی ١٩٦٧دا هەڵگیرسا و بەشکستی میسرو وڵاتە عەرەبە هاوپەیمانەکانی کۆتایی هات کەلە مێژووی هاوچەرخ دا بە (جەنگی شەش ڕۆژە) ناودەبرێت(٩٢).

ڕاستەوخۆ دوای سەرکەوتنی ئیسرائیل لەجەنگی شەش ڕۆژەدا، ڕژێمی شاهەنشاهی کەوتە ئامادەکارییەکی تەواو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەلومەرجە خەتەرناکەکەی کوردستانی ئێران، بەخێرایی تەواوی هێزەکانی ئەرتەش، ژاندارمەری مەرزەبانی، شەهرەبانی‌و ساواکی لەکوردستاندا سازداو لەحاڵەتی ئامادەگیدا ڕایگرتن، کەلوپەلێکی‌جەنگی زۆری لەناوەندەوە بۆ سەربازخانەکانی کوردستان گواستەوە، نزیکەی(١٠-١٢) هەزار ژاندارمی بەسەرکردایەتی (سوپەهبود اویسی) فەرماندەی گشتی ژاندارمەری ئێرانی لە تارانەوە ڕەوانەی سەربازخانەی جلدیان کردو ملیۆنەها تومانی خستە بەردەست، هەروەها دەستکرا بەپێکهێنانی دەستەی پارتیزانی لەجاشی خۆماڵی‌و نزیکەی (١٢٠٠) جاش ناونوس کران‌و چەکدارکران، ئەوانەی زۆربەیان خەڵکی کرماشان‌و لورستان بوون‌و جگەلە خواردن‌و مەسرەفی ڕۆژانەیان مانگانە (٣٠٠)تومانیشیان دەدرایە، هەندێکیش لەوانەی پێشتر لەڕیزەکانی حیزبی دیموکراتدا بوون‌و خۆیان ڕانەگرتبوو، گەڕابوونەوەو ببوونە جاش، کەسانی وەك (هەڵمەت، ئەحمەدخانی کێوەڕو، ڕەحمانی



شێلمجاڕان‌و محەمەد ئەمین چیچوانە... هتد) نموونەی ئەو خۆفرۆشانە بوون. شایەنی‌باسە ڕژێمی شاهەنشاهی گەمارۆیەکی سەربازی‌و ئابوری سەختی بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا هەر لەخانێوە هەتا سنەو پاوەو نەوسود سەپاند، بێسڵەمینەوە لەهیچ هێزێکی ناوخۆو دەرەوەو بەگرتنەبەر لەبارترین شێوازی شۆڕشی چەواشە پەلاماری بەربڵاوی بۆسەر دەستە چەکدارەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستپێکرد(٩٣).

لەم ڕووەوە سمایلی شەریفزادە لەنامەیکیدا بۆکەریمی حیسامی لەبولگاریا لە سەرەتای ساڵی١٩٦٨ نوسیویە: ((حکومەت کەوتۆتە توندو تیژییەوە. لەلایەك خەڵکی سوێن‌و تەڵاق ئەدا کەنان نەدەن بەپێشمەرگەکان‌و یارمەتیان نەدەن‌و لەلایەکیش بەشێوەی ئەمەریکایی یابە هێڵی کۆپتێر تەعقیبی برادەران ئەکەن، لەهەر لاوە جاش دروست ئەکاو خۆقایم ئەکا، پۆستەکان لەسەر سنور نەفەراتیان زۆر ئەکاو دەیەوێ هەر پاسگایەك هێڵی کۆپتێرێکی لێبێ، هێندێ هەواڵ هەن کەوا دەرئەخەن حکومەت بەنیازە لەسەرە بەهاردا لەلایەك زمانی کوردی‌و لیباسی کوردی یاساخ بکاو زمانی فارسی‌و لیباسی پەهلەوی بخاتە کایەوە، لەلایەکی ترەوە دەست بکا بەگرتن‌و تەبعیدکردنی نیشتمان پەروەران))(٩٤).

شایەنی‌باسە شەریفزادە لەم قۆناغەدا هەوڵیدا سوود لەو پەیوەندییانە بۆ جوڵانەوەکە وەرگرێت کەلە ساڵانی خوێندنی‌دا لەتاران لەگەڵ ڕۆشنبیرو خوێندکارە ئێرانییە مارکسیست‌و لایەنگرەکانی ڕەوتی چەپی نوێدا دایمەزراندبوو، هەر بۆیە چەند نامەیەکی بۆ هەندێك لەوانە وەك (بهروزی دهقانی‌ورضا نابدل) ناردبوو، تیایدا داوای لێکردبوون هاوکات لەگەڵ جوڵانەوە چەکدارییەکەی کوردستاندا هەوڵ بدەن دەست

بەکاری چەکدارانە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی لەتاراندا بکەن، ئەو داواکارییانەی شەریفزادە کەلەبەر زۆر هۆ وەڵامی ئیجابی پێنەگەیشتەوە(٩٥).

هەر پاش ماوەیەکی کەم دوای ئەو پەیوەندییانە واتە لە ١٨ی ئایاری ١٩٦٨دا کاتێك شەریفزادە لەگەڵ چەند چەکدارێکی پارتیزاندا لەناوچەی بانە دەسوڕێنەوە، لەلایەن یەکێك لە چەکدارەکانی خۆیەوە بەناوی (کوێخا شەریف)کەپێشتر وەك جاسوس لەلایەن ساواکەوە خزێنرابوو نێو ڕیزەکانی باڵی چەپی حیزبی دیموکرات بریندار دەکرێت، کوێخا شەریف دوای ئەنجامدانیئەم کەتنەی ڕادەکا لای ڕژێمو شوێنی دەستە چەکدارەکە بەژاندارمو جاشەکان نیشان دەدات،هەر بۆیە هێزێکی (٤٠٠)کەسی لەژاندارمو جاش هەڵدەکوتنە سەر شەریفزادەو هاوڕێیانی کەبۆ حەوانەوە خۆیان لەئەشکەوتێکدا خزاندبوو، پاش شەڕوپێکدادانێکی شەش سەعاتە خودی شەریفزادەو سێکەس لەهەڤاڵەکانی بەناوی(میرزا محەمەدی شادومانی، حوسێنی ڕەحمانیرابی، عەلیعەبدوڵڵا) لەلایەن ژاندارمەکانەوە دەکوژرێن، وەك دەوترێت شەریفزادە لەلایەن ئەحمەدخانی کێوەرو دوا فیشەك بەکەللەی سەریەوە دەنرێت(٩٦).

لەڕاستیدا ڕوداوەکان وردەوردە دەریان ئەخست کەقسەکەی مەلائاوارە کەپێشتر بۆ مەلاعەبدوڵڵای حەسەن زادەی نوسیبوو لەمەڕ بێچەکیو تەقەمەنیو پشتی جەبهە لەسەداسەد ڕاست وەرگەڕان، وڵاتی میسر کەپێشتر خەیاڵێکی ئەوتۆیان لەسەردابوو بەهۆی کوردە ئێرانییەکانەوە سەرئێشە بۆ ڕژێمی شاهەنشاهی دروست بکەن، دوای تێکشکاندنیان لەجەنگی شەش ڕۆژە بەجۆرێك گرفتار بوون هەلومەرجەکەی خۆشیان پێهەڵنەدەسوڕا، هەر بۆیە چاوەڕوان نەدەکرا



خێرێکیان بۆ جوڵانەوە چەکدارانەکەی کوردستانی ئێران لەدەست بێتەوە(٩٧).

ڕژێمی عێراقیش لەگەڵ ئەوەی هەڵگیرساندنی جوڵانەوەیەکی بەو شێوەیەی لەکوردستانی ئێراندا پێناخۆش نەبوو، بگرە پێشتر هەندێ بەڵێنی سەرزارەکیشی بەرابەرەکانی دابوو، بەڵام لەکاتی تەنگانەدا ئامادە نەبوو یارمەتیەکی ئەوتۆ بەجوڵانەوەکە بکاتو خۆی لەمەسەلەکە دزییەوە، دیارە ئەو هەڵوێستەی حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف لەو ڕاستیەوە سەرچاوەی دەگرت کە شەڕی حوزەیران بەشکستی عەرەب کۆتایی هاتبوو، عێراقیش لەتەنگەژەو قەیرانێکی سیاسی- سەربازی- ئابوریدا دەژیاو لەو قۆناغەدا لەبەرژەوەندیدا نەبوو لەبەر خاتری کورد لەگەڵ ڕژێمی شاهەنشاهیدا ڕاستەخۆو ڕووبەڕوو بێتەوە، عارف دەیویست لەڕێگای گفتوگۆوە هەم ناکۆکییەکانی نێوان عێراق -ئێران کۆتایی پێبهێنێتو هەم هاوکاری ڕژێمی شاهەنشاهی لەشۆڕشی کوردستانی عێراق ببڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش عارف ڕێگای تارانی گرتەبەر کەئاکامێکی ئیجابی تێدا دەست نەکەوت(٩٨).هەربۆیە کاتێك سولەیمانی موعینی بەمەبەستی فریاخستنی هاوکاریو یارمەتی بەهەڤاڵەکانی لەکوردستانی ئێرانەوە گەڕابۆوە عێراقو لە گەڵ عەبدولڕەحمانی زەبیحیوحیلمی عەلی شەریف دا چووبوونە بەغداو سەردانی ڕوکنی(٢)ی ئیستخباراتی عەسکەرییان کردبوو جگە لەبڕێکی کەم پارە هیچی تریان پێنەدابوو، هەربۆیە بەنائومێدی گەڕابۆوە سلێمانی(٩٩).

حیزبی تودەش کەئەو دەمە ناوەندی ڕێبەرایەتییەکەیان لەشاری لایپزیکی ئەڵەمانیای خۆرهەڵات بوو، سەرەتا خۆیان لەمەسەلەکە لەگێلیداو ئامادە نەبوون پەیوەندی بەسەرانی جوڵانەوەکەوە بکەن، دوای

پەرەگرتنی ڕووداوەکانو قەومانی هەڵپڕژانەکانی نێوان ژاندارمو دەستە چەکدارەکان، حیزبی تودە کەوتە خۆو لەژێر فشاری کوردە تودەییەکانی وەك (قاسملو وحیسامی) کەئەو دەم لەئەوروپای ڕۆژهەڵات بوون، ئامادەیی خۆیان بۆ وتوویژ نیشاندا، هەربۆیە دکتۆر رادمنیشی سکرتێری تودە لەگەڵ حیسامیو قاسملۆدا هاتنە بەغداو لە گەڵ نوێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتدا لە ٩ی شوباتی ١٩٦٨دا کۆبوونەوە حیزبی دیموکراتو مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد لەسەر بنەمانی لێنینیەتو پێکهێنانی دەوڵەتێکی گەلی فیدراتیو لەئێراندا نابوو، جوڵانەوەی چەکدارییەکەشیان وەك جوڵانەوەیەکی دیموکراتیو شۆڕشگێڕانە، وەك بەشێك لەجوڵانەوەی گەلانی دژی کۆنەپەرستیو ستەمی ڕژێمی شاهەنشاهیو ئیمپریالیزم ناساندبوو، هەروەها بەڵێنی ئەوەشیان بەنوێنەرانی جوڵانەوەکە دابوو کەهاوکاری مادیو مەعنەویو جوڵانەوەکە بکەنو کەلوپەلی پزشکیو ئامێری چاپو چەكو تەقەمەنیشیان بۆدابین بکەن(١٠٠)، ئەو بەڵێنانەی کەهیچ جێبەجێنەکرانو بەتەواوەتی لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزبی تودەوە پشت گوێخران، هۆکارەکەشی جگە لەناکۆکی نێو ڕێبەرایەتی تودە کەزۆری نەخایاند بەلادانی دکتۆر رادمنیش کۆتایی هات، بۆسیاسی شورەویش دەگەڕێتەوە، لەڕاستیدا شورەوی دوای باشکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ڕژێمی شاهەنشاهیدا لەدوای ناوڕاستی شەستەکانەوە نەیدەویست لەکارێکەوە بگلێت کەئەمەریکاو ئێرانی لێ بوروژێ لەپێناوی جوڵانەیەکدا کەشکستەکەی هەر لەسەرەتاوە ڕادیار بوو(١٠١).

دیارە بۆ هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینێکی چەکداری لە کوردستانی ئێران هەڵوێستی شۆڕشی کوردستانی عێراقو سەرۆك مستەفا بارزانی



مەسەلەیەکی لەڕادەبەدەر گرنگو چارەنووس سازبوو، چ وەك پشتی جەبهە وچ وەك لایەنگری سەرۆکێك کەئەودەم هەموو لایەك وەك ڕابەری نەتەوەیی گەلی کوردیان دەناسی، لەڕاستیدا کەریمی حیسامی هەر زوو بەنامەیەك سولەیمانی موعینی لەو ڕاستییە ئاگادار کردبۆوەو بۆی نوسیبوو: ((١-هەر هەنگاوێك لەو بارەوە بنێن باشترە بەپرسوڕاو پەسەندی سەرۆکی شۆڕش مستەفا بارزانی بێ. لەهەلومەرجی ئەوڕۆدا بزوتنەوە بەبێ پرسو پەسەندی ئەو هەڵەیە. خۆ سووتاندنە. هیوادارم ئەوەتان بەباشی لێك دابێتەوە. بناغەوبنچینەو دەست بەکاربوون باشترە بەڕەزای ئەو بێ))(١٠٢).

شایەنی باسە وەك پێشتریش ئاماژەی بۆکرا ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق هەرلە سەرەتاوە لەسۆنگەی پەیوەندی باڵی چەپی حیزبی دیموکرات بەباسکی جەلالیو حکومەتی عێراقەوە تا ڕادەیەکی زۆر لەچالاکییەکانی ئەو تاقمە دردۆنگ بوونو لەمەڕ دوا بڕیاری ڕێبەرایەتی ئاگاداریان کردن، گیرانی مونتەقیمی قازی کەدەیویست پەیوەندی بەحکومەتی عێراقەوە بکات لەهەولێرو دواتر گەیشتنی هەواڵی چوونی سلێمانی موعینی بۆ بەغداو پەیوەندی دی کاریگەری خراپی کردە سەر هەڵوێستی ڕێبەرایەتی شۆڕشو مەسەلەکەی زیاتر قووڵ کردەوە، لەڕاستیدا ڕێبەرایەتی شۆڕش مەسەلەی جوڵانەوە چەکدارییەکەی لەکوردستانی ئێران بەو جۆرە لێك دەدایەوە کەپیلانێکی جەلالی- عێراقییەو بەفیتی ئەوان بۆ وەتاق خستنی پارتیو بارزانی بەڕێوەدەچێت(١٠٣)، وەك دکتۆر رادمنیش دوای گەڕانەوەی لەلای بارزانی بەڕاشکاوی ئاماژەی پێدا: ((مەلا مستەفا- م دڵنیا کردوە کەجوڵانەوەی کوردستانی ئێران دژی ئەو نییە. ئەویش هەستی بەوە کردوە کە (جەریانێك) لەپشت ئەم جوڵانەوەیەوە ڕاوەستاوە))(١٠٤)، هەر

لەبەر تیشکی ئەم بۆچوونەوەیە کەدەتوانرێت تیرۆرێکردنی کەسانی وەك (فایەق، قادر شەریفو مەلا ڕەحیمی مەلا نسرولّلا)و تەسلیم کردنەوەی کەسانی وەك صالح لاجانیو هاوەلاّنی بەڕژێمی شاهەنشاهی لەناوچەی ژێر دەسەلاّتی شۆڕشەوە لێك بدرێتەوە، شایەنی باسە لەم لایەنەشەوە تاڕادەیەك زێدەڕۆیی دەکرا، چونکە هەندێك لەئامیرهێزەکانو لێپرسراوەکانی نێو شۆڕش بێ‌پرسو ئاگاداری ڕێبەرایەتیو لەسۆنگەی پەیوەندی بەرژەوەندیخوازانەو نهێنیان بەساواکەوە جارجار بێ‌حیساب ڕەشو سپیان دەدایە بەر(١٠٥).

دیارە بیرۆکەی هەڵگیرساندنی جولاّنەوەی چەکداری لەکوردستانی ئێران لەوەختێکی هێند ئاستەم سەری هەڵدا، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات لە هەلومەرجێکی هێند نالەبار بۆ پراکتیزەکردنی ئەم بیرۆکەیە کەوتەکار، پەیوەندییەکان هێند بێ‌لێکدانەوەو وردبوونەوە دەبەسران، بۆتە هۆی ئەوەی زۆر کەس کەباسی ئەم جولاّنەوەیەیان کردوە لەو ڕوانگەیەوە لێی دەڕوانن کەبە فیعلی جەریانێك لەپشت مەسەلەکەوە بووە، جەریانێك جگە لەدژایەتی شۆڕشو بارزانی ئامانجێکی تری نییە، لەم ڕووەوە هەژارموکریانی بەجۆرێك مەسەلەکە هەڵدەسەنگێنێتو قسەی وای بە ڕابەرانی جولاّنەوەکە وتووە کەلە بابەتێکی ئەکادیمیدا جێگای باسکردن نییە(١٠٦)، (ع.شاربازێڕ) ئەویش ڕابەرانی جولاّنەوەکەی بەموچەخۆری دەزگای ئیستخباراتی عێراقی لەقەڵەم داوە(١٠٧)، تەنانەت دکتۆر جەمال نەبەز کەئەکادیمییەکی ناسراوەو بابەتەکانی بەوردبینیو قوڵی ناسراون ئەویش سەراپای مەسەلەکە بەپیلانی جەلالیو بەعس لەو سەردەمەدا لەقەڵەم دەدات کەسەد دەر سەد وانییە(١٠٨)، چونکە بەپێی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دیموکراتو ڕاپۆرتەکانی خودی دەزگای ساواك بیرۆکەی خەباتی



چەکدارانەو لاسایی کردنەوەی ئەزموونەکانی کوباو جەزائیر بۆپێش دروست بوونی باسکی جەلالیو هاتنە سەرکاری بەعس لەعێراقدا (جاری دووەم لە١٧ی تەموزی ١٩٦٨) دەگەڕێتەوە.

بەهەرحاڵ دەستە چەکدارەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات لە کوردستانی ئێران بێ‌وەدەست هێنانی هیچ هاوکاریو بێ‌دۆستو پشتو پەنایەك کەوتبوونە نێوان بەرداشی هێزەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیو پشتی جەبهەیەکی ڕم ڕێژکراو، هەربۆیە لەنێوان بەرگریکردنی تامردن یان خۆ بەدەستەوەدان چانسێکی دیان نەبوو.

لەمانگی حوزەیرانی ١٩٦٨دا هێزێکی ئێرانی سازو تەیار لەناوچەی گەورکایەتی مەهاباد لەنزیك گوند (قالوی) پەلاماری دەستەیەکی چەکدارەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیان دا کەلەژێر ڕابەرایەتی عەبدوڵلای موعینی دابوون، دوای بەرگرییەکی قارەمانانەو کوشتنی چەند ژاندارمو جاشێك، موعینیو هەڤاڵێکی بەناوی (مینەشەم) دکوژرێنو یەکێکی دیکەیشیان بەناوی (حەسەن خورخورەیی) بریندار دەکرێت کەپاش بەدیلگرتنی بەبەرچاوی خەڵکێکی زۆرەوە بەناوی چەتەو ڕێگرە تیرەباران کرا، ئەو ناو وناتۆرەی ڕژێمی شاهەنشاهی بۆ شاردنەوەی نێوەرۆکی ئازادیخوازانەی جولاّنەوەکەو بەمەبەستی چەواشەکردنی ڕای گشتی ئێرانیو دەرەوە بلاّوی دەکردەوە (١٠٩).

لەکاتێکدا هێزێکی ڕژێم لەناوچەی بەندەنی زەریران شاڕێگەی شەقامی مەهابادو سەردەشت بۆ پشکنینی ناوچەکە دەسوڕانەوە، دەستەیەکی چەکدارە پارتیزانەکان لێیان ڕاپەڕینو دوای پێکهەڵپژان فەرماندەی هێزەکەیان بەناوی (شفامقدم) بریندارکراو چەند دیلێکیشیان لێگرتن کەپاش ماوەیەك ئازادکرانو لەگەڕانەوەیاندا بەفەرمانی سبهپود اویسی تیرەباران کران(١١٠).

هەروەها کاتێك مەلائاوارە بەفەرماندەیی دەستەیەکی چەکدار لەناچەی سەردەشت دا لەجەولەکردندا بوون، لەگوندی (دێوالان) بەهۆی خۆفرۆشێکەوە خرانە داوەوەو جگە لەمەلا ئاوارە خۆی، چەند هەڤاڵێکی تریشی بەناوی (مەلا کەچەو ڕەحمان وەتمان چاوشین) لەلایەن ژاندارمەکانی ڕژێمی شاهەنشاهییەوە دەستگیرکران و پاش ماوەیەك ڕاگرتنیان لەسەربازخانەی جڵدیان لەڕۆژی ١١ی ئەیلولی ١٩٦٨ گوللەباران کران(١١١).

پێویستە بوترێت کەکادرو ئەندامەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات جگە لەوەی ئەزموونێکی جەنگی پارتیزانیان نەبوو و لەکۆڕی خەباتی چەکدارانەدا قاڵنەبوونەوە، نەشیانتوانی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوەو بۆکارێکی گرنگی لەو جۆرەیان سازبکەن،لەم قۆناغەدا زۆربەی ئاغاو مولکدارەکان و بنەماڵە ئاینییەکان لەسیاسەتی ڕیفۆرمی زەوی و شۆڕشی سپی بێزارو جاڕس بوون کەلەلایەن کۆمیتەی شۆڕشگێڕەوە هیچ ئاوڕێکیان لێنەدرایەوە، جگە لەوەی کەلە ڕووی مارکسیستی جولاّنەوەکەو پێداگرتنیان لەسەر مافی وەرزێر ئەوەندەی دی ئەو چینەی بالاّی هەرەمی کۆمەڵگای کوردەواری لە جولاّنەوەکە دڕدۆنگ و دوورەپەرێز ڕاگرت، مەسەلەی کوردو کوردستان و مافی نەتەوایەتی زیاتر لەپەراوێزدا باس دەکرا، ئامانجی سەرەکی چۆك دادان بە ڕژێمی شاهەنشاهی وابستەی ئەمەریکاو هێنانە سەرکاری حکومەتێکی ئیئتیلافی گەلی دیموکراتی شۆڕشگێڕبوو، ئۆردوی جوتیارو کێشەی چینایەتی نێوان وەرزێر- ئەرباب کە جولاّنەوەکە پشتی پێدەبەست و پێی لەسەر دادەگرت، لەم قۆناغەدا وەك ئاکامێکی سروشتی ڕیفۆرمی زەوی خاوبۆوەو ئەو تواناو توندوتیژییەی ڕۆژانی حکومەتی موسەددەقی نەمابوو.



ئەو جوتیارانەی زەوی خۆیان وەرگرتبوو لە ڕیفۆرمی زەوی بەهرەمەندبوون ستەم و توندوتیژی ئەربابیان لەسەرنەمابوو تابەو بانگەشە ڕابچڵەکن، ئەوانەشی بێزەوی مابوونەوە وەك کرێکاری وەرزی لەدەرەوەی شارەکانی کوردستان کاریان دەکرد یاخود لە شارەکانی کوردستاندا بوون، نەلەجولاّنەوەکە نزیك بوون، نەوەك چینێکیش تان وپۆیان ئاشکراو تۆکمە ببو تاڕۆڵێکی کاریگەریان لە جولاّنەوەیەکی چارەنووس سازی بەوشێوەیەدا هەبێت(١١٢).

هەرچۆنێك بێت لە (٢)ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٨دا لەچیای حاجی کیمی نێوان ئاواییەکانی کوکەو چواردیواری نزیك شاری مەهاباد، هێزێکی ئێران کەزیاتر لە (١٠٠٠)کەس دەبوو بەپاڵپشتی شەش تانك و بەچەك وچۆلێکی زۆرەوە پەلامارێکی لەناکاویان کردەسەر دەستەیەکی چەکدارە شۆڕشگێڕەکان کەلە هەشت کەس پێکهاتبوون و لەلایەن(سەید فەتاحی نیزامی)یەوە فەرماندەیی دەکران، لەئاکامی دوازدەسەعات شەڕو کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکانی ڕژێم سەید فەتاح و تەواوی دەستە چەکدارەکە لەنێو بران(١١٣).

بەم شێوەیە جولاّنەوەکە پاش لەدەستدانی بەشێکی زۆری ڕابەرو فەرماندەو ئەندامەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕو کوژرانیان لەشەڕی نابەرامبەردا لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرە پۆشتەو پەرداختەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی بەجۆرێك تێکشکا کەدەرفەتێکی مانەوەی خۆڕاگری بۆ نەمایەوە، هەربۆیە ئەوانەی گیانیان دەرباز کردبوو یان ناچار بوون خۆیان تەحویل بەڕژێم بدەنەوە وەك (سەعیدکاوە)(١١٤)، یاخود هەرچۆنێك بوو خۆیان گەیاندەوە کوردستانی عێراق و لەدەرەوەی دەسەلاّتی شۆڕشدا لەدەوروبەری سلێمانی خۆیان حەشاردا، محەمەد ئەمین سیراجیش کەبەناوی پەیداکردنی یارمەتی و هاوکاری، هەڤاڵانی

خۆی لە چیاکانی کوردستانی ئێران بەجێهێشتبوو چووبووە بەغداو لەبنکەی حیزبی شیوعی عێراقی خۆی مەڵاس دابوو، خێراخێرا نامەی بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لەئەورووپای ڕۆ ژهەڵات دەنووسی تاوەك و پەنابەری سیاسی وەریبگرن(١١٥).

لەچاوپێکەوتنێکی کاك حوسێنی مەدەنی داو لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی جوڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ لەکوردستانی ئێران وتی: ((وەڵڵاهی، بەتەجرەبەو عەقیدەی ئێستام، ئەو دەمە مەسەلەکە زۆر بێ ئەزمون و کاڵ وکرچ بوو، ئەوساکە سیاسەت بەئیحساساتەوە دەکرا نەك بەواقعییەت، تەماشاکە ئیحساسەکە ئیحساسێکی خاوێن و پاك بوو، منیش حیزبی دیموکراتی کوردستانم، مەوجودییەتی خۆم هەیە، موستەقیللم، حەقی خۆم هەیە، وڵاتی خۆم هەیە، چەوساندنەوەم لەسەرە ئەبێ شۆڕش بکەم،حکومەتێکی فوق العادە سەگ وسەگباب وشۆڤینستم هەیە، ئەوە بۆخۆی واقیعەو هیچ گومانێکی تێیدا نییە، بەڵام لەباری عەمەلییەوە دەبوایە هەل ومەرجەکە زۆر باشتر هەڵبسەنگێنرێ بۆ ئەوەی لەدنیای خەیاڵ بێینە دەرێ و بچینە دنیای واقیعن لەڕاستیدا من بەعەقلییەتی ئێستام قەت موافیقی ئەو حەرەکەتە چەکدارانەیە نەبووم لە ساڵەکانی ١٩٦٧-١٩٦٨دا لە کوردستانی ئێران، دیارە ئینسانەکان پاك بوون، خاوێن بوون، ئەلحەق شۆڕشگێڕبوون ئەوە لەجێی خۆیەتی، ئایا شەرایەت و هەل ومەرجەکە بۆ کارێکی واموساعید بوون، ئەوە گرنگە، وەڵڵاهی عالەمەکە هەمووی سەریان تێدا چوو، عەرزی بەحزورت دەکەم هەمووی سەریان لێ شێواو هەریەکەو بەلایەکیدا پەرتەوازە بوون.

وەختی خۆی مەلا مستەفا مەرحووم شتێکی دەگوت ئێمە پێمان وابوو سەرۆك عەشیرەتەو لەسیاسەت نازانێ و چارەی کوردی ئێرانی ناوێ، ئەو



دەیگوت: (ئێوە لەو هەڵبەز هەڵبەزەیە گەڕێن، ئێستا شۆڕش لەکودرستانی ئێرەیە (مەبەستی کوردستانی عێراقە- ل)، ئەمن بەتەنیا دەرەقەتی ئەو هەموو دەوڵەتەی نایەم، ئەگەر شۆڕش وەختی هات بۆخۆی دێت لەدەرگاتان دەدات)، بەهەقەت ئێمە لەو حەقیقەتەی نەدەگەیشتین، یاخراپیمان تەفسیر دەکردو پێمان وابوو مەلامستەفا نایەوێ ئێمە شۆڕش بکەین و بۆ خۆی دەیەوێت هەموو شتێك بگرێتە دەست و چارەی کوردی ئێرانی ناوێ، بەڵام ئەگەر لەئەساس دا لەمەسەلەکە ورد بوینایەتەوە، دەبینرا کەکورد لەو دەمەدا کۆمەڵێك گرفتی ئێگجار گەورەی هەبوو. ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان مەلامستەفا و مەکتەبی سیاسی، ململانێی نێوان ئێران و عێراق، ئەو دەیویست عێراق بشێوێنێ و ئەم دەیوست ئێران بشێوێنێ، ئەو مەسەلانەی کەدەبوو زۆرباش لێکدرابانەوەو هەڵسەنگێندرابان ئەوسا بڕیار لەحەرەکەتێکی چەکداری بەو شێوەیە کرابایەتەوە))(١١٦).

لەلایەکی ترەوە رژێمی شاهەنشاهی کەبە تێکشکاندنی جوڵانەوە چەکدارییەکەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ی کوردستانی ئێران دڕتر بوو، بەپشتبەستن بەو لیستانەی پێشتر ساواك سەبارەت بەکەس وکارو لایەنگرانی بەشداربووانی جوڵانەوەکەو نەیارانی رژێم ئامادەی کردبوون، شاڵاوێکی بەرفراوانی بۆ گرتن و موحاکەمەکردنی ئەو کەسانە دەستپێکرد کەهەرلە کرماشان و ڕەوانسەرو هەورامانەوە تامەرگەوەڕو تەرگەوەڕی گرتەوە، شاڵاوێکی واکە پێشتر نموونەی کەم بووەو سەدان کەسی لەجوتیاران، خوێندکاران، کاسبکاران، مەلاو شێخەکان، ڕۆشنبیران و مامۆستای قوتابخانەکان ڕاپێچی سەربازخانەو ناوەندی جلڵدیان کران و پاش دادگایی کردنێکی قەڵب و سەپێییانە ژمارەیەکی بەرچاویان بەئیعدام و باقی تریش بەزیندانی درێژخایەن مەحکوم کردن،

شایەنی‌باسە عەشیرەتی لهۆنی کەبەدرێژایی حوکمی محەمەد ڕەزاشا لەشادۆستەکان حیساب دەکران و لەزۆربەی ڕوداوەکانی ناوچەکەدا بەقازانجی ڕژێم دەجولانەوە، ئەوانیش بەتۆمەتی هاوکاری و پەیوەندیکردن بەتەیمور بەختیار ڕاکرد و لەعێراق تاوانبار کران و بەشێکی‌گەورەی ڕابەرو ئەندامانی ئەم عەشیرەتە یان کوژران، یاخود بۆ زیندانەکانی قزڵ قەڵاو باشووری ئێران ڕاپێچ کران(١١٧).

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەبەسەرپەرشتی ئەمیری قازی لەسەنگەسەر دانیشتبوون لەم ڕووەوە نامەیەکیان بۆ بارزانی نوسیوە و لە ڕەفتاری دڕندانەی ڕژێمی شاهەنشاهیان ئاگاریان کردۆتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

**سەرۆك بارزانی زۆر موحتەرەم:**

**بەحورمەتەوە** ١٩٦٨/١٠/٢١

وەك ئاگادارین پەلاماری حکومەتی ئێران مەڵبەندی کوردەواری لە کوردستانی ئێران جارێکی تر بە پان و بەرینی گرتۆتەوە و لێدان و حەبس و کوشتن و بڕی کوردی بێدیفاع و بێ دەسەڵات لە وڵاتەکەماندا بەشێوەی توند وبێ ڕحمانەتر لە هەموو پەلامارێکی رابردوو دیسان دەستی پێکردۆتەوە.

ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە هەر لە زوەوە بەپێی حاڵ و وەزعێکی کە لە کوردستانی ئێراندا پێك هاتبوو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەمان دەکرد و بە تێکرا قیادەی شۆڕشمان ئاگادار کردەوە ئەو پەلامارە بە شتێکی مدبر و نەخشە دەزانین کە دەزگای حاکمەی ئێران لەسەر ئەساسی (( لە ئاوی



لیخن ماسی گرتن )) پێوە هەستاوە. هێرشی نوێی حکومەت پاش گەڕانەوەی سپهبد شویسی لە سەردانی مەهاباد بۆ تاران دەستی پێکرد. سپهبد ئوسی فەرماندەی گشتی ژاندارمری ئێران بۆ هەڵسەنگاندن و شارەزایی زیاتری دەوری ( ٢٥ ) ڕۆژ لەمەوبەر خۆی گەیاندە مەهاباد و بە زۆر پیاوە خاوەن نفوزەکانی موکریانی لە تالاری فەرهەنگی مەهاباد کۆکردەوە. ناوبراو لە نوتق و خیتابەیەکی هەرشەشاوی کە بەو بۆنەوە کردی بەئاشکرا نیازی دەزگای حاکمەی دەربڕی. تەنانەت بەسەراحەت بێ پەردە ڕای گەیاند کە ((کورد عامە خائین بەشاهەنشاو تەواویەتی ئەرزی ئێرانە بۆیە حەق‌ومافی ژیانی نیە......

پێنج ڕۆژ پاش گەڕانەوەی فەرمانەدەی ژاندارمری بۆ تاران شاڵاوی ژاندارم ناوچەکانی کوردەواری داگرت و لێدان و گرتن و کوشتن بەشێوەی گشتی و لەسەر ئەسڵی(بێ‌باوەڕی و بێ‌ئیعتیمادی بەکورد) چاك‌وخراپ، پیروجەحێل درایە بەرقۆنداخی تفەنگ و زیندانەکانیان لێ ئاخندرا تەنانەت ژنیش بێ‌بەش نەمانەوە. تائێستا بێجگە لەنزیکەی (١٢٠) کوردێك کەخۆیان گەیاندۆتە کوردستانی ڕزگارکراو هەروەها بێجگە لەوانەی کەلە ترسی تعذیب و کوشتن بەچیاوەن، زیاتر لەهەزار کەس تەنیا لەناوچەی موکریان لەچینە جۆربەجۆرەکانی کورد بە تایبەتی چین‌وتەبەقەی مەلا و عولەمای دینی بەتێکڕایی خراونەتە ژێر داری ئەشکەنجەو حەبس کەجیا لەمەلا مستەفای پەسوی کەلەژێر داردا پشتی شکاوەو مردووە چارەنووسیان بۆ ئێمە ڕوون و معلوم نیە.

هێرشی بێ‌شەرمانەی حکومەتی ئێران گەیشتۆتە ڕادەیەك کەبەبێ‌ترس و خۆف، بەبێ هیچ لێ‌پرسین و مەحکەمەیەك کورد وەك بەرخ سەردەبڕێ)) (١٨٠).

لەڕاستیدا بەتێکشکاندنی جوڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨و پەلاماری بەربڵاوەکەی دەزگای داپڵۆسێنەرەکانی رژێمی شاهەنشاهی، حیزبی دیموکراتی کوردستانو گەلی کوردو جوڵانەوە نەتەوایەتییەکەی لە کوردستانی ئێران گورزێکی هەند مەزنیان وێکەوت کەتا دەساڵی ڕەبەق نەیتوانی شوێنی خۆی بگرێتەوە، وەك ئاماژە کرا باشترین کادرو ئەندامەکانی حیزبی دیموکرات یالە جوڵانەوە چەکدارانەکەدا سەریان تێدا چوو، یان گیرانو حوکمی درێژخایەنیان بەسەردا سەپێنرا، مەسەلەیەکی وا کەلە ڕیشەو بنچ وبناوانەوە پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکانی ئەو حیزبە لەشارو گوندەکانی کوردستاندا هەڵکێشاو جگە لەپەیوەندییەکی سۆزوبیرو باوەڕ لەولایەنەوە شتێکی ئەوتۆی نەهێشتەوە، دیارە لێرەدا نابێت ئەو تاقە لایەنە ئیجابییەی جوڵانەوەکە لەبیر بکرێت کەلەکاتێکدا ڕژێمی شاهەنشاهی هەموو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی لەسەر شانۆی سیاسی وڵات وەدەر نابووو تەواوی ڕێکخراوو گروپەکانی دژ بەڕژێمی حکومەت کردبوو، وئێرانی بە (جزیرەء ثبات/ دورگەی ئارام)لەنێو بارودۆخی پڕقەیرانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ناو دەبرد لەهەلومەرجێکی واداو لەچیا سەختەکانی کوردستانەوەو لەلایەن دەستەی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دیموکراتەوە(١٨) مانگو ڕاپەڕینو پێکهەڵپڕژاندنی چەکداری بەردەوام بوو. جگە لەو دەنگدانەوە مەزنەی کەلە ئەنجامی جوڵانەوەکەو دڕندایەتی ڕژێمی شاهەنشاهییەوەو لەلایەن ڕێکخراوو ڕۆژنامە ئازادیخوازەکانی ناوچەکەو جیهان بەرپا کرا، کەبە گشتی بەبەدناوبوونی ڕژێمو ئاگاداری ئازادیخوازانی جیهان لەسەر نەبوونی جوڵانەوەیەکی ئازادیخوازی لەئێرانو کوردستان کۆتایی هات، کەهەوڵ دەدەین لێرەدا چەند دەقێکیان لێ بخەینە بەرچاو وەك حیسامی بڵاوی کردۆتەوە:



گۆڤاری ئاشتیو سوسیالیزم ئۆرگانی تیئوریکی حیزبە کۆمۆنیستو کرێکارانی دنیا، لەژمارەیەکی ساڵی ١٩٦٩دا نوسیبووی ((لافاوێکی تازەی ئیعدامی کوشتوبڕو گرتنی دیموکراتەکانی ئێرانی کەوتۆتە ڕێ. تەنیا لەم چەند مانگی دوواییدا دەها کوردی دیموکرات ئیعدام کراون، دەزگا ڕەسمیەکانی ئێران بە ئەنقەست خەبەری گرتنو ئیعدامەکان بڵاو ناکەنەوە، لەکوردستان دەیان کەس گوللەباران کراون. حکومەتی ئێران نیشتمان پەروەرانی کورد بەچەتەو ڕێگری تاوانبار دەکا. بەڵام لەڕاستیدا ئازادیخوازانی کورد لەسەر ئەوە گوللەباران دەکرێن کەداوای دیموکراسی بۆ ئێرانو لەماف و مەسەلەحەتی گەلی کورد دیفاع دەکەنودژی ئیمپریالیزم تێدەکۆشن))(١١٩).

ڕۆژنامەی (ال سیگلۆ) ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی شیلی لەژمارە (٢٢)ی نۆڤەمبەری ١٩٦٨دا نوسیویە: ((......لەئێراندا موخالیفەکان ئیجازەی هیچ شتێکیان نیە، هەرکەس زمانی بۆ ڕەخنە گرتن بگەڕێ، دەیخەنە بەندیخانەوە، گرتنو نەفی کردن گەیوەتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کەزەحمەتە باوەڕبکرێ زوڵموزۆری ڕژێمی ئێران بەوە نابڕێتەوە، لەم دواییەدا کوشتوبڕی خۆیان لەسەر کوردەکان توندو تیژتر کردووە، کوردەکان کەوتونەتە بەر هەموو جۆرە زەبرو زەنگێکی حکومەتی نیوە فاشستی ئێرانەوە. حکومەتی ئێران دەیەوێ ئەو فەرهەنگەی کە بۆ کوردەکان بێگانەیە بەسەریاندا بسەپێنێ، وەك کەمایەتییەکی میللی لەناویان بەری. وەڵامی کوردەکان بۆ ئەو بێعەدالەتیە خەباتێکی بێوچانە کەبۆ پاراستنی میللیەتو دیفاع لەژیانی خۆیان دەیکەن. هێز چەکدارەکانی حکومەتی ئێرانی خەریکی پەلاماردانو کوشتاری کوردەکانن شارەکانی کودستان کەوتونەتە بەر

پـەلاماری قـشون و ژاندارمـەکان کەلەلایـەن حکومـەتی ناوەندییـەوە لەکوردستان دەرکراون.

تەنیا لەماوەی دووسێ مانگی دواییدا دەیان کەس لە دیموکراتەکانی کورد کەوتوونە بەر ئازارو جەزرەبەی وەحشیان و کوژراون. کوشتاری وەحشیانەی کوردەکان درێژەی هەیە....وادێتە بەرچاو کەڕەوتی سیاسی حکومەتی ئێران فەوتاندنی کوردەکانی بەجۆرێکی ئەوتۆ کەشوێنەواری نەتەوایەتی کوردەکان نەمێنێ...))(١٢٠).

ڕۆژنامەی (ایل پارتێتۆ) چاپی ئیتالیا لەژمارەی (٢٨)ی ژوئینی ١٩٦٩دا نوسیویە: ((کوردستان ناوچەیەکی ئێران ساڵی ١٩٦٨ بەهۆی ڕاپەڕینی وەرزێرانەوە (٢٢) کەسی لێ ئیعدام کرا، سەر لەنوێ کەوتۆتەبەر پەلاماری فاشیستی (٥٠)کەس لە زەحمەتکێش و ڕووناکبیرانی کورد بە تاوانی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی گوللەباران کراون، پاش کوشتن تەرمی ئەوانیان لەمەیدانی شارەکانی بەخەڵك نیشان داوە. ئاشکرایە کەوەك هەمیشە کوشت وبڕو فشاری کۆنەپەرستەکان بێجگە لەپەرەگرتنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی و نزیك بوونەوەی ڕۆژی ئازادی نەتیجەیەکی تری نابێ))(١٢١).



## سەرچاوەو پەراوێزەکان

١) عبدالله حسن زادە، نیو سەدە تێکۆشان:

ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی کۆمسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، گەلاوێژی ١٣٧٤ی هەتاوی، ل٢٥ – ٢٦ .

٢) شایەنی باسە ( أوبالاس ) ئەم دووبەرەکییە بۆ زاڵبونی فەرهەنگی دەورانی کۆچنشینی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواری دەگێڕێتەوە، واتە پەلاماری خێڵە کۆچەرەکان بۆ سەر نیشتەجێکان، جگە لەوەی لاوازی گیانی ناسیونالیستی و زاڵی عەقڵییەتی خێڵخوازی بۆ ئەو دیاردەیە دەگێڕێتەوە کە هێزێکی کوردی لە پێناوی لێدانی هێزێکی نەیاری خۆجێدا پەنا بۆ بێگانە دەبات. بڕوانە:

ادگار أوبالاس، جنبش کردها مؤسسه انتشارات نگاه، چاپ اول، ١٣٧٧، ص٣٤ – ٣٥ .

٣) ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول: بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ – ١٩٧٥، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٢٨ – ٢٢٩ .

٤) سەعید کاوە ئاوڕێك لەبەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بێشوێن، خاکەلێوەی ١٣٧٥/١٩٦٦ ، ل ٤٥

٥) هەمان سەرچاوە ،ل ٤٧

–جەلیل گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردوو، بێشوێن ، ٢٠٠٠، ل ١٢٥

٦) کەریمی حیسامی، لەبیرەوەرییەکانم ١٩٥٧– ١٩٦٥ ، بەرگی دووەم، ستۆکهۆلم ١٩٨٧، ل ل ٥٧– ٥٨

٧) هـەژار موکریـانی، چێـشتی مجێـور، چـاپی یەکـەم، پـاریس، ١٩٩٧، ل ٢٦٦

٨) کەریمی حیسامی، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٥٨

٩) هەمان سەرچاوە،ل٦٨

١٠) جـەلیل گـادانی، ٥٠سـاڵ خـەبات: کورتەمێژوویـەکی حیزبـی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان، بێمێژوو ل١٢١- ١٢٢

١١) کەریمی حیسامی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٨٧-٨٨

- سەعید کاوە، سەرچاوەی ناوبراو،ل٥١-٥٢

١٢) بۆ زیاتر : غەنی بلوریان، ئاڵەکۆك: بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆڵم، ١٩٧٧، ل١٨٥-١٨٨

١٣) سەعید کاوە، سەرچاوەی ناوبراو، ل٦٣

١٤) جەلیل گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ل١٢٥-١٢٦

١٥) سەعید کاوە، سەرچاوەی ناوبراو، ل٦٤

١٦) هـەمان سەرچـاوە، ل٦٨. شـایەنی باسـە (دیـسان بـارزانی) هەفتەنامەیەکی ناڕێكوپێك بووە، ژمارەی پەڕەکانی ٢-٦ لاپەڕە بووە کە پێوانەکەی ٣٢,٥ ×٢١ سم بووە، تەنیا شەش ژمارەی لێبڵاوکراوەتەوە، ژمارە(١)ی لەشوباتی ١٩٦٢ ودواژمارەی لە٢٩ی مارتی هەمان ساڵدا بووە وبەزمانی کوردی چاپکراوە. لەئەرشیفی حەمە عەلی فەرەجەوە لەسلێمانی.

١٧) چپ در ایـران: بـەروایت اسناد ساواك، حزب دموکرات کردستان، جلد اول، مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، ١٣٧٨، موضوع: اطلاعات واصله، تاریخ گزارش: ٤٦/٦/١٠ ، ص ١٥٢-١٥٣

١٨) سەعید کاوە، سەرچاوەی ناوبراو، ل٧١



١٩) هەمان سەرچاوە، ل٧٩

٢٠) بۆ زیاتر: دیڤیدادامسن، الحرب الکردیة وانشقاق ١٩٦٦، ترجمة جرجیس فتح الله، ستوکهولم، ١٩٩٠

- ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی ناوبراو

٢١) عبدالله حسن زادە، سەرچاوەی ناوبراو، ل٣١

٢٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٠

٢٣) سەعید کاوە، سەرچاوەی ناوبراو، ل٧٥-٧٦

٢٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کاك حوسێنی مەدەنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (ح.د.ك)، ٢٠٠٠/٧/٣، لەکۆیە.

٢٥) سەعید کاوە، سەرچاوەی ناوبراو، ل٩٧-٩٨

٢٦) هەمان سەرچاوە، ل٩٩-١٠٠

٢٧) بەیاننامەی کۆمیتەی ساخ کەرەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان، ٢٧/ جۆزەردانی/١٣٤٣

٢٨) هەمان سەرچاوە

٢٩) هەمان سەرچاوە

٣٠) هەمان سەرچاوە

٣١) سەعید کاوە، سەرچاوەی ناوبراون ل١٠٨

٣٢) هەمان سەرچاوە

٣٣) هەمان سەرچاوە، ل١٠٩-١١١

٣٤) بەیاننامەی کۆمیتەی ساخ کەرەوە...

٣٥) چپ در ایران، شمارە گزارش:٤/١٨٠٣١هـ ، موضوع: حزب دموکرات کردستان، تاریخ: ٤٣/٩/٢٥ ، ص ٢٤٩-٢٥

٣٦) عبدالله حسن زادە، سەرچاوەی ناوبراو، ل٤٠

٣٧) هەمان سەرچاوە، ل٤١

٣٨) بەياننامەی دووهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان، سەرماوەرزی ١٣٤٣(نوامبری ١٩٦٤)

٣٩) کوردستان– ڕۆژنامەی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە٢٩١ ،٣١ی گەلاوێژی ١٣٧٩ بەرامبەر ٢١ی ئووتی ١٩٩٩

٤٠) بەياننامەی ٢هەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی......

٤١) هەمان سەرچاوە

٤٢) هەمان سەرچاوە

٤٣) هەمان سەرچاوە

٤٤) هەمان سەرچاوە

٤٥) عبدالله حسن زادە، سەرچاوەی ناوبراو،ل٤١

٤٦) بەياننامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دموکراتی کوردستان

٤٧) هەمان سەرچاوە

٤٨) هەمان سەرچاوە

٤٩) هەمان سەرچاوە

٥٠) کەریمی حیسامی، لەبیرەوەرییەکانم،١٩٦٥–١٩٧٠، بەرگی سێیەم، ستۆکهۆلم، ١٩٨٨، ل١٥

٥١)هەمان سەرچاوە، ل١٦

٥٢) بۆ زیاتر :

– دکتۆر سید جەلال مەدەنی، تأریخ سیاسی معاصر ایران، جلددوم، دفتر انتشارات اسلامی، قم، ١٣٦٢، ص ١٢– ٤٣

– سید حمید روحانی، بوسی وتەحلیلی از نهضت امام خمینی، بێجا، بێتا، ١٣٥٦.



٥٣) احسان طبري، کژراهە، خاطراتی از تأریخ حزب تودە، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٦م ص ٣٥٠ - ٣٦٠

٥٤) ابراهیم افراسیابی، تأریخ ایران، انتشارت علم، تهران، ١٣٦٧، ص ١٧٦ - ١٧٧

٥٥) ئەم ڕێکخراوە لەئەنجامی یەکگرتنی دووگروپ پێکهاتن، گروپی یەکەمیان ژمارەیەك لایەنگرو ئەندامانی حیزبی تودە بوون کەپاش جیابوونەوە لەو حیزبە بەڕابەری (بێژەنی جەژنی) لەساڵی ١٩٦٣دا مەوجودیەتی خۆیان ڕاگەیاند.

گروپی دووەمیش کۆمەڵێك لاوی مارکسیست بوون بەڕابەری (مەسعودی ئەحمەد زادە)، ئەم ڕێکخراوە بەپەیڕەوی کردن لەئایدۆلۆژیای مارکسیسم - لینینزمو سەربەخۆ لەبلۆکی جیهانی کۆمۆنیزم کەوتنەکار، بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی یەکێتی شورەویان قبوڵ بێت، بەڵکو زیاتر پەیرەویان لەچین و ڕێبازی ماویزم دەکرد، گرنگترین کاری ئەم ڕێکخراوە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی پەلاماری چەکدارانەی پاسگای (سیاهکڵ)ە لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٠دا بەسەرپەرشتی (عەلی ئەکبەری سەفائی)، پاش ئەم چالاکییەو ناسینی ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن ساواکەوە، ڕژێم پەلامارێکی توندی کردنەسەرو بەشێکی زۆری ڕێبەرایەتی و ئەندامەکانی کوشتن و باقی تریشی بۆ زیندانەکان ڕاپێچ کردن.

بڕوانە:

– دکتۆر سید جەلال مەدەنی، تأریخ سیاسی معاصر ایران، جلددوم، دفتر انتشارت اسلامی، قم، ١٣٦٢، ص ١٤٥ -١٤٧

٥٦) ئەم ڕێکخراوە لەساڵی ١٩٦٦ لەلایەن (محەمەد حەنیف نەژاد، عەلی ئەسغەر بەدیع زادەگان، سەعیدی موحسینی) کە خوێندنی زانکۆیان تەواو کردبوو دامەزرێنرا، ئەحمەدی ڕەزایی یەکێك لەو ئەندامانەی

ڕێکخراوەکە بوو کەبۆ یەکەم جار لایەنی ئایدلۆژی ڕێکخراوەی داڕشت و
کتێبێکی بەناوی (نهضت حسینی)دانا کەتێیدا ئامانجی ئیسلامی
لەقاڵبی خەبات دژی سەرمایەداری و دژی ئیمپریالیستیدا داڕشت،
لەڕاستیدا لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە ڕێکخراوی موجاهدین تێکەڵەیەکی
سەیر بوو لەبیری چەپی ئیسلامی، ناسیونالیستی پەڕگیر کەبە
مارکسیستی مائویسی سواغ درابوو، موجاهدین بەپێی ئایەتی(الذین
جاهدوا فینا لنهدینهم سبلنا) کەوتنە کارو ساڵی ١٩٦٩ پەنجا ئەندامیان
لەسێبواری ئایدۆلۆژی _ سیاسی _ چەکداری کاری دەکرد کەوتنە
خۆڕێکخستن و لەساڵی ١٩٧٥ مەوجودییەتی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام پاش
ماوەیەکی کەم و بێئەوەی فیشەکێك بتەقێنن تەواوی ئەندامانی
ڕێبەرایەتییەکەی لەلایەن ساواکەوە خرانە داوەوە، کەجگە لە (مەسعودی
ڕەجەوی) هەموویان گوللەباران کران- بۆزیاتر :
-علی حقجو، تحلیلی بیطرفانه از: سازمان مجاهدین خلق ایران،
انتشارات روج، مرکز پخش: ناصر خسرو،بیجا، بیتا
-ابراهیم افراسیابی، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٧٠-١٧١
٥٧) نورالدین کیانوری، خاطرات نورالدین کیانوری، انتشارات اطلاعات،
تهران، ١٣٧١، ص ٤٧٠
٥٨) گرنگی بزوتنەوەی خوێندکاری لە کۆمەڵگای ئێراندا، تیشك،
گۆڤارێکی سیاسی-ئابووری- مێژوویی- گشتییە، کۆمسیۆنی
فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا،
ژمارە(٥)، ساڵیدووەم، ڕەزبەری ١٣٧٨، ل ١٥
٥٩) وەرگیراوە لە: کریم حسامی، قافله من شهداء کردستان ایران،
ص ١٠٤



٦٠) وەرگیراوە لە : کەریمی حیسامی، لەبیرەوەرییەکانم، بەرگی سێیەم،
ل ٤٥-٤٦
٦١) وەرگیراوە لە : هەمان سەرچاوە،ل ١٠٣
٦٢) سەعید کاوە: سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٣٩- ١٤٠
٦٣) کاك حەسەنی رستگار لەباسکردنی ئەم مەسەلەیەدا گلەییەکی زۆری
لەخالیدی حیسامی (هێدی شاعیر) هەبوو، دەیوت ئەو ئاگاداری هەموو
مەسەلەکە بووە و لە ئێمەی شاردۆتەوە، چونکە سەدیق بۆ سەردانی
خالیدو برادەرانی دی کوردی ئێرانی چووبووە مامەڕووت و هەر لەماڵی
ئەویشدا فڕێندرابوو : چاوپێکەوتن، ٢٠٠١/٣/٧، کۆیە.
٦٤) سەعید کاوە، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٥٧
٦٥) چپ در ایران، شمارە گزارش: ٢٣٣/٠١ ، موضوع متواریان کرد
ایرانی، تاریخ: ٤٤/١/٧، ص ٢٧-٢٧١
٦٦) بۆ زیاتر :
- دیڤید ادامسن، سەرچاوەی ناوبراو
- ادگار اوبالاس، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٦٤ بەدواوە.
٦٧) سەعید کاوە، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٥٨-١٦٠
-چپ در ایران، شمارە گزارش: ٦١٦٦، موضوع: تشکیل کمیتە حزبی،
تاریخ: ٤٥/٩/١٤، ص ٣٨٣-٣٨٦
٦٨) گۆڤاری تیشك بڵاوکراوەیەکی نهێنی حیزبیبوو تەنیا(٣) ژمارەی لێ
بڵاوکراوەتەوە کەجگە لەباسی ڕووە دزێوەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی،
هەواڵەکانی نێوخۆی ئێران و کوردستانیشی تێدا بڵاودەکرایەوە، ئەم
گۆڤارە لەگوندی (ڕەزان)و بەهاوکاری مەکتەبی سیاسی کۆنی پارتی چاپ
دەکرا کە بانگەشەی بۆ خەباتی چەکدارانە پشت بەئۆردووی جوتیاران
دەکرد. جگە لەوەی باسی حکومەتی فیدراڵیشی لەئێران هێناوەتە

گۆڕیێو لەژمارە(٣)ی‌دا هەواڵی هەندێ چالاکی چەکدارانەو کوشتنی (مەلا سلێمان‌و خوشکاك بڵاوکردۆتەوە)، بڕوانە:

– عەولاّی مینایی، مەلا ئاوارە، ل ١٨

– سەعید کاوە، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٦١

– کەریمی حیسامی، لەبیرەوەرییەکانم، بەرگی سێیەم ، ل ٣٥

٦٩) ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان‌و شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١–١٩٧٥، ل ٢٢٩

٧٠) جەمال نەبەز،ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەرگڕی ئاگری جەنگی عێراق‌و ئێراندا، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٩، ل ١٧٢– ١٧٣

– پیرۆزباد راه محاصره شهرها از طریق دهات، از انتشارات سازمان انقلابی حزب توده ایران خارج کشور، ابان ماه ١٣٤٨

٧١) ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢٢٩

٧٢) چپ در ایران، شماره گزارش: ٤٦٢٤٥/ ٢٦٦، موضوع: تحقیق اطلاعیه، تاریخ: ٤٣/١٢/١٢، ص ٢٦٥–٢٦٦

٧٣) هەمان سەرچاوە، شماره گزارش: ٣١٤/٣٤٨٢٨، موضوع:اطلاعیه، تاریخ: ٤٥/٧/٢٠،ص ٣٨٠

٧٤) هەمان سەرچاوە، شماره گزارش : ٢٣٢/٤٨٩١٣، موضوع: اطلاعیة، تاریخ٤٦/٣/١٨، ص ٤٠٩

٧٥) عیسی پژمان، نهێنی‌یەکانی بەستنی پەیمان نامەی ئەل جەزائیر، ل ٩٦–٩٧

٧٦) چپ در ایران، صورتجلسه ، تاریخ ٤٤/١٢/٢٥، ص ٢٤٩–٢٥٢

٧٧) جەلیل گادانی، ٥٠ساڵ خەبات، بەرگی یەکەم، ل ١٣٠

٧٨) چپ در ایران، از: ٣١٤، موضوع: دەربارە ملا مصطفی، تاریخ: ٤٦/١٠/١٩، ص ٤٤٣



٧٩) جوناثان راندل، امه في شقاق، دروب کردستان کما سلکتها، ترجمة: فادی حمو، الطبعة الاولی، دارالنهار، بیروت لبنان، ص ١٧٥

– کەریمی حیسامی ، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێیەم، ل ٧٤

٨٠) چپ در ایران، شماره گزارش: ١٥٠٩٢/ ٢١٣، موضوع : سلیمان معینی تاریخ ٢٤٦/٢/١٦، ص ٤٣.

٨١) کەریمی حیسامی، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٨٨–٨٩

٨٢) چپ در ایران، شمارە گزارش : ٢/١٠١، موضوع : فعالیت گروه احمد توفیق در منطقة بانه ، تأریخ:٤٥/٢/٥، ص ٣٥٨

٨٣) هەمان سەرچاوە، شماره گزارش: ٤/١٣١٠٤هـ ، موضوع :فعالیت افراد حزب دموکرات کردستان، تأریخ: ٤٣/٩/٩: ص ٣١٤

٨٤) ئیبراهیم جلال، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢٣١–٢٣٢

٨٥) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٢

٨٦) سالاری حەیدەری کەیەکێك بوو لەهەرە ئەندامە ماوییە توندڕەوەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حزب، پاش خۆ تەسلیم کردنەوە وردودروشتی نهێنییەکانی حیزب‌و جوڵانەوەکەی بۆ ساواك هەڵڕشتبوو، بڕوانە :

هەمان سەرچاوە، شمارە گزارش: ٤٠٦٢/هـ، موضوع :سالاری حەیدەری، تاریخ: ٤٦/٤/٢٢، ص ٤١٣–٤١٧

٨٧) سەعید کاوە، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٦٦

٨٨) حیکمەت محەمەد کەریم(مەلا بەختیار)، شۆڕشی کوردستان‌و گۆڕانکاریەکانی سەردەم، خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان؟، چاپی سێهەم، هەولێر ، ١٩٩٤،ل ١٦٠، ١٧٨

٨٩) وەرگیراوە لە : عبدالله حسن زادە، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٤٦

٩٠) چاوپێکەوتن ، کۆیە، ٢٠٠١/٣/٧-

٩١) كريم حسامى، قافلة من شهداء كردستان ايران،ص ٦٠
٩٢) حميد مؤمنى ، دربارەء، مبارزات كردستان، انتشارات شباهنگ ،چاپ دوم، بهار، ١٣٥٨، ص ٥١
٩٣) هەمان سەرچاوە، ل ٥٤
-جەليل گادانى، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ١٣٧
٩٤) كەريمى حيسامى، لەبيرەوەرييەكانم، بەرگى سێيەم، ل ١٠٣-١٠٤
٩٥) حميد مؤمنى، سەرچاوەى ناوبراو، ل ٥٤
٩٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٥-٥٦
٩٧) حميد مؤمنى، هەمان سەرچاوە، ل ٥٢
٩٨) ئيبراهيم جەلال، سەرچاوەى ناوبراو، ل٢٣٦ - ٢٣٧
٩٩) چپ درايران، شمارە گزارش: ٦٤٢٣٣ / ٢٣٢، موضوع: سليمان معينى، تاريخ: ٢٧ /١٢ / ٤٦، ص٢٥٩
١٠٠) بۆزياتر: كەريمى حيسامى، سەرچاوەى ناوبراو، بەرگى سێهەم، ل٩٤ - ١٠٠
١٠١) الدكتور مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة السوفيتية حيال ايران، في: العلاقات الدولية لأيران، الجزء الأول، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، ١٩٨٨، ص١٣١
١٠٢) كەريمى حيسامى، سەرچاوەى ناوبراو، ل٣٢
١٠٣) هەژار موكريانى، چێشتى مجێور، ل٤٩٣
١٠٤) كەريمى حيسامى، سەرچاوەى ناوبراو، ل١٠١
١٠٥) هەمان سەرچاوە، ل٣
١٠٦) هەژار موكريانى، سەرچاوەى ناوبراو، ل٤٩٢ - ٤٩٦
١٠٧) ع. شارباژێڕى، بوختانەكانى كاك ئەمير بۆ وەڵام نامێنێتەوە، مامۆستاى كورد - گۆڤار، ژمارە ٩، بەهارى ١٩٩٠، ل٢١ - ٢٣
١٠٨) جەمال نەبەز، ئێستەو پاشەڕۆژى نەتەوەى كورد ........، ل١٧٣
١٠٩) كريم حسامى، قافلة من شهداء ........، ل٧١
- جەليل گادانى، ٥٠ ساڵ خەبات، ل١٣٨
١١٠) بەيانێكى چەكدارە شۆڕشگێڕەكانى حيزبى ديموكراتى كوردستان لەمەڕ چۆنێتى وەزعو كارەساتە خوێناوىيەكانى لەدژى كردەوەى ديكتاتۆرى شادا، خەزەڵوەرى ١٣٤٧ / ئۆكتۆبەرى ١٩٦٨
١١١) عەولاى مينايى، سەرچاوەى ناوبراو، ل٣٢ - ٣٣
١١٢) حميد مؤمني، سەرچاوەى ناوبراو، ل٦٠ - ٦١
١١٣) بەيانێكى چەكدارە شۆڕشگێڕەكانى حيزبى ديموكراتى كوردستان ........
١١٤) سەعيد كاوە، سەرچاوەى ناوبراو، ل١٧٨
١١٥) كەيمى حيسامى، لە بيرەوەرىيەكانم، بەرگى سێهەم، ل١٣٧ - ١٣٨
١١٦) چاوپێكەوتن، كۆيە، ٢٠٠٠/٧/٣
١١٧) محمد على سلطاني، جغرافياى تاريخىو تاريخ مفصل كرمنشاهان، چاپ اول، تهران، ١٣٧٢، ص٩٢ - ٩٤
١١٨) كەريمى حسامى، سەرچاوەى ناوبراو، بەرگى سێيەم، ل١٤٩ - ١٥٠
١١٩) هەمان سەرچاوە، ل١٦٨ - ١٦٩
١٢٠) هەمان سەرچاوە، ل١٦٩
١٢١) هەمان سەرچاوە، ل١٧٠.

# پاشبەند

## پاشبەندی ژمارە (١)

### بەیاننامەی (کۆمیتەی ساخکەرەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان) دەربارەی چۆنیەتی ماهیەتی حزبو ئاکارە گلاوەکانی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوللا ئیسحاقی)

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە حیزبێکی میللیو دیموکراتیە بنەڕەتی لەسەر شانی زوربەی خەڵکی کوردستانە وە ڕیشەی قوڵو مێژوویی لەناو جەرگەی نەتەوەکەماندا بنج بەست بووە بۆ وەدی هێنانی رزگاریو سەربەخۆیی پێکهاتووەو دامەزرێنەری جمهوری میللیو دیموکراتی کوردستانە کە حورمەتو پرستشیکی گشتی جیهانی بەخۆیەوە گرتووە وە تا ئێستا لەپێناوی رەوتو رێبازی ناوەرۆکە پێشکەوتووە مێژووییەکەیدا بەهەزاران رۆڵەی نەبەزو شەرافەتمەند گیانی شیرین و تەمەنی لاویەتیان بەختکردوەو بوونەتە قوربانی نەتەوەو نیشتمانەکەیان:.

هەرچەندە دامودەزگای کۆنەپەرستانو داگیرکەران بەپشتیوانی راستەوخۆی ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ تێکدانی ڕیزی حیزبو کە ئاڵا هەڵگری ئامانجی بەرزی نەتەوەکەمانە هەوڵو تەقەلایەکی بێ وێنەیان داوە: بەڵام بیروباوەڕی راستەقینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای بەکارهێنانی تاکتیکو ئامۆژگاریەکانی لەناو جەرگەی خەڵکی کوردستاندا رۆژ بەڕۆژ پتەو ترو بەهێز تر شەقامی پانو بەرینی تێکۆشانی بڕیوە وە لەهەموو هەلوکاتێکی ناسکدا بەئەرکی مێژوویی خۆی هەستاوە هەر ئەوە بوو کە لەبەرهەمی ئەو خەباتو تێکۆشانە



دەرفەتێکی هەرە لەبارو واقیعی لەساڵەکانی ٣٥ . ٣٧ بو حیزبمان خوڵقا بەم جۆرە:

### بەنیسبەتی ناوخۆ

١ـ گەلەکەمان بەهۆی ستەمی نەتەوایەتی وە بێ بەشی لەتەواوی پێویستی مرۆڤایەتیو چەوسانەوەی هەمە چەشنەیی هەستی هاتە جۆش وە بەعیشقو عەلاقەیەکی گەرمەوە پێشوازی لەبزوتنەوەی رزگاریخوازانەدا دەکرد هەروا رێکخراوەکانی حیزبمان رێكو پێك پەرە گرتوو تر لەجاران زوربەی مەڵبەندەکانی نشتیمانی گرتەوە وەدامودەزگای حکومەتی تاران بەو هەموو هێزەوە لەبەرامبەر بزوتنەوەی نەتەوەو حیزبمان دۆش دامابوو.

### بەنیسبەتی گشتی ئێران

٢. ئا لەم حەلەدا نەتەوەکانی فارسو ئازەرو کەمایەتیەکانی تر بەهۆی زاڵ بوونی دامودەزگای (ساواك) و پەیمانی شەڕاوی سەنتۆ کەوتبوونە ژێر توندترین باری ئازارو بەندو کوشتوبڕی لێ وەتەنگ هاتبوو وە بەهیوایەکی زۆر چاویان بریوە بزوتنەوەی نەتەوەکەمان کە ببێتە سەرچاوەی جووڵانەوەی گشتی لەسەر تاسەری ئێراندا.

### بەنیسبەتی جیهان

٣. مەسەلەی مێژوویی نەتەوەی کوردو هەڵکەوتی تەبیعی کوردستان کە بڕبڕەی پشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە بەهۆی زاڵ بوونی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی وێڕای قوت بوونەوەی پەیمانی شەڕاوی سینتۆ کە گەورەترین مەترسی بۆ بەرەی میللەتان وەهەروەها بزوتنەوەی رزگاری خوازانەیان پێکهێنابوو سەرنجی گشی وڵاتانی

ديموكراتى و هەروا كوردو كۆمەڵەكانى پێشكەوتەى جيهانى راكێشا بەجۆرێك لە كە لەهەموو رۆژنامەو راديۆكانى عالەمدا خرايە پێش چاو دەنگى دايەوە:

لەو سەر دەمەدا دوو (٢) مەسەلەى مێژوويى هەرەگرنگ بۆ حيزبمان هاتە گۆڕێ:

## یەکەم کۆنگرە: دووەم راپەڕین

لەمەڕ كۆنگرەوە كۆميتەى ناوەندى لەسەر داخوازى وەپێشنيازى زوربەى ئەندامانى پێشكەوتووى كۆڕى خەبات لەنەورۆزى (١٣٣٨)دا بەئيتفاقى كۆميتەى ئەيالەتى بڕيارى قەتعيان دا بۆ بەستنى كۆنگرە لە پوشپەڕى (١٣٣٨)دا نوێنەرانى كۆميتەكانى حيزب بۆ هاوبەشى لەكۆنگرە هەڵبژێردران وەجێگاى تايبەتى ديارى كرا:

**لەبارەى راپەڕين** : جولانەوەى رزگاريخوازانەى ميللەتان لەجيهاندا بەتايبەتى لەئاسياو ئەفريقيا لەدژى ئيرتيجاع و ئيستعمار تەئسيرێكى قووڵى كردە سەر بەهێزتر بوونى هەستى بزواوى نەتەوەكەمان بۆ راپەڕينى ئازايانە:

ئەوەبوو لەهەندێك مەڵبەندەكانى نشتيماندا وەكو سوما . برادۆست . شپيران وە هەروەها جوانڕۆييەكان چەكدارانە دژى داگيركەران راپەڕين تەنانەت لەرۆژنامەكانى جيهانى وەهەتا ئێرانيشدا دەنگى دايەوە:

كادرەكان بەئەركى ويجدانى حيزبيان زانى كە ئەوى مەسەلەيە گرنگە بخەنە بەرچاوى ناوەندى بۆ كەڵك وەرگرتن و پێ هەستانى: كۆميتەى ناوەنديش لەپووشپەڕى (١٣٣٦)دا لەڕووى لێكۆڵينەوەو بەرژەوەندى وەزعى گشتى ئێران و بەتايبەتى كوردستان وەهەروەها وەزعى گشتى جيهانى هاتە سەر ئەو رايە كە بەهەموو هێزو توانايەكەوە هەوڵ وتەقەلا بدرێ بۆ كەڵك وەرگرتن لەو هەلە هەڵكەوت و بەنرخە: بەم جۆرە دەستكرا



بەدانانى نەخشەو پيلان لەهەر بارێكەوە وە بڕيار درا كە بۆ وەرگرتنى نەزەرى گشتى جيهانى هەروا راكێشانى سەرنجى گەلانى ئازاديخواز (٢) كەس بنێردرێنە دەرەوە ئەوە بوو (ئەحمەد تۆفيق) بەنيوەى مسئول وەرەحمانى قاسملۆ بەنيوەى مشاوير رەوانە كران:

ئەو مەئموريەتە كە پێويست بوو زۆر گورجوگۆڵانە ئەنجام بدرێ (١٣) مانگى خاياند وە لەو ماوە دورودرێژەدا (ئەحمەد تۆفيق) نەك هەر ئەركە پێ سپێردراوەكانى بەجێ نەگەياند بەڵكو بەپێچەوانەوە دەستى دايە ئەو كردەوە گڵاو تاوانبارييانە:

١. لادانى لەڕەوت و رێبازى حيزبايەتى وە هەروا لەخۆدا نواندنى حيزب لەبەرچاوى هەموو كۆڕو كۆمەڵە ديموكراتيەكانى هەندەران:

٢ـ چاندنى تۆوى ناكۆكى و دووبەرەكايەتى و بەدزمانى و فيتنە گيرى لەنێو رێكخراوە سياسيەكاندا وە راگەياندنەوەى ئەو كردەوە ناپەسندانە بەكۆميتەى ناوەندى حيزبمان:

٣ـ رەفتار كردى ناڕەواو دوژمنانەى دور لەشێوەى حيزبايەتى دەگەڵ (رەحمانى قاسملو) بەم جۆرە بەكۆڵێك تاوانبارييەوە گەڕايەوە:

ئەو كردەوەو ئاكارانە بوونە هۆى نزم بوونەوەى حورمەت و ناوبانگى حيزبمان لەبەر چاو گشتى دەرەوە هەر وەكو بوونە هۆى بەجێ نەگەياندنى ئەو كارانەى خرابوونە ئەستۆى:

لەمانگى گەلاوێژى (١٣٣٧)دا لەسەر ئەو كردەوەو ئاكارە ناجوامێرانە لەلايەن هەندێك لە هەوالانى كۆميتەى ناوەندييەوە (ئەحمەد تۆفيق) بانگ كرا بۆ لێپرسينەوەو موحاسەبە كردن بەڵام بۆ خۆشاردنەوەو هەڵاتن لەبەردەمى لێكۆڵينەوەى تاوانباريەتى دەورێكى پڕ لەشەيتە (كانگستر) بازانەى بەشێوەى هەڵلاوبگر گێرا هەر لەو دەمەى دابوو كە بەبۆنەى شۆڕشى ١٤ى تەموزەوە كۆمارى عێراق پێكهات "بانگى هاوبەشيەتى

نشتیمانی و برایەتی کوردو عەرەب بەرز کرایەوە بۆیە هاوالآنی حیزبمان بەپێویستیان زانی کە (ئەحمەد تۆفیقی) تاوانبار لەژێر چاودێری و مسئوولیەتی هاوالێکی تردا بنێرنە کوردستان بۆ لێ گێرانەوەی هاورێیانی دیاری کراو وە پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوە هەروەها سەرێکیش لەکۆماری عێراق بدەن بۆ ئەوەی لەو دەرفەتە هەڵکەوتە سەبارەت بەمەبەستی باس لەسەر کراوی سەرو کەڵك وەربگیرێ لێرەدا پێویستە روونی بکەینەوە کە مەبەست لەناردنی (ئەحمەد تۆفیق) تەنیا لەبەر شارەزایی بوە بەڵام بەداخەوە لەنیوەی رێگادا هاوالی مسئول لەلایان دوژمنەوە دەستگیر کرا (ئەحمەد تۆفیق) مانەوەی بەتەنیایی خۆی بەدەرفەت زانی و یەکسەر بەهەڵەداوان چوو بۆ کۆماری عێراق وەلەوی لەژێر ناوی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوتە هەڵوێستی گێرەشێوێنی و تێکدەرانە وەدەست تێوەردانی نالەبارانەوە هەستان بەپێچەوانەی هەر جۆرە یاساو رێبازی حیزبایەتی وە چاندنی تۆی دووبەرەکایەتی و فیتنە گێری لەنێوان رێکخراو و کۆمەڵە سیاسیەکانی عێراق و هەروا پیاوانی سەر بەخۆی کورد لەکوردستانی عێراق بەتایبەتی دەورێکی پڕ لەسوورو ئاگربارانەی بەرامبەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان دەگێرا" ئەوە بوو دەستی کردە نانەوەی ئاژاوەو گێرەشێوینی لەنێوان ئەندامانی پارتی وەهەروا زورنای ناو و ناتۆری بەم جۆرە لێرەدا دەی وت:

پارتی بورژوازیە!!ناتوانێ ئامانجەکانی زۆربەی خەڵکی کوردستان بێنێتە دی!! پارتی کمۆنیستە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جوورنایەتەوە!! پارتی دەگەل ناصر رێك کەوتووە... هتد!! پیاوە سەربەخۆیەکانی کوردیش بەکرێ گیراون!! دیموکراتیەکانیش لەمبدأ لایان داوە: مەبەستی ئەو تاوانبارە لەرێکخستنی ئەو بەندو باوانە تەنیا و



تەنیا هاندانی کۆماری (٢٥)ی گەلاوێژ بوو لەدژی هەموو ئەحزابە سیاسیەکانی عێراق بەتێکڕای وەپارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی: هەروا گۆڕینی نەزەری گشتی کۆمەڵە پێشکەوتوەکانی جیهانی بەرامبەر جووڵانەوەی رزگاری خوازانەی گەلەکەمان دیارە ئەو کردەوە ناپیاوانە یارمەتیەکی گرنگە بۆ هێزەکانی کۆنەپەرستو ئیمپریالیزم لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا: لەسەر ئەو کردەوە چەوت و چەوێڵانە چەند گوزارشتێك درایەوە بەکۆمیتەی ناوەندی حیزب بەم جۆرە:

أ . لەیەکەمی مانگی خەکەلیوەی (٣٨)دا راپۆرتێکی دورو درێژ لەلایان هاوالێکی حیزبەوە پێشکەش بەکۆمیتەی ناوەندی کرا هاوالآن بەهاودەنگی بەنوسراوەیەکی بەرین تاوانباریان ئاگادار کرد کە دەست لەو تاوانانە هەڵبگرێ وە بەرەو رێبازی حیزب بگەڕێتەوە تەنانەت لەنوسراوەیەکی دۆستانەی حیزبیشدا داوا لەبارزانی کرا کە بەرهەڵستی جووڵانەوەی ئەم تاوانبارە بکات بەڵام نوسراوەکە بەر لەوەی بگاتە بارزانی کەوتە دەست تاوانبار (ئەحمەد تۆفیق) وە لەنێوی برد:

ب . لەمانگی بانەمەڕی (٣٨)دا هەوالێکی مشاویری کۆمیتەی ئەیالەتی لەلایان کۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە نێردرایە بەغدا بۆ گێرانەوەی تاوانبار بەڵام ئەو جارەش سەرپێچی کرد.

ج . لەمانگی جۆزەردانی (٣٨)دا تا رەزەبەری هەمان ساڵ (٦) نوسراوەی دیکەی لەلایان کۆمیتەی ناوەندیەوە بۆ نوسراوەکە بەزووترین کات بگەڕێتەوە وەدەست لەهەڵوێستی تاوانباری و سەرپێچی لەدەستووراتی حیزبی هەڵبگرێ دەنا بەپێی یاسای حیزب غیابا سزا دەدرێ دیسان تاوانبار فرمانی حیزبی خستە پشتگوێ ئەوە بوو لەنوسرای دواییدا سەلبی مەسئولیەتی لێکرا.

پێویستە ئەوەش بزانرێ کە ماوەیەك پێش سەلبی مەسئولییەتی وەسایلی چاپەمەنی حیزبی فراند وە بەتەنیایی نەشریاتی لەسەر بیروباوەڕی لا دەرانە بەنێوی حیزبەوە بڵاو دەکردەوە هەروەها بەدەست تێوەردان لەکاروباری کۆمیتەکانی نزیك سنوور "وەبڵاوکردنەوەی نهێنیەکانی حیزب وە ئیعترافاتی خائینانەی (اسماعیل قاسملو)" لەکاتی گیرانی کە بەرهەمی تەئسیراتی ناحەزانەی تاوانبار (ئەحمەد تۆفیق) بوو سەرئەنجامی پەلاماری دڕاندانەی (١١)ی خەزلوەری ١٣٣٨ی بۆ سەر حیزبمان پێکهێنا ئەوەبوو لەئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانە بەسەدان هاوەڵی پێگەیشتووی کۆڕی خەباتی حیزبمان وێڕای زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی خرانە بەندیخانەکانی دەوڵەتی زۆرداری تارانەوە بێ مەحکەمەو دادگای قانوونی کەوتنە ژێر ئەشکەنجەو ئازارو چەرمەسەریوە هەروا چەندان ئەندامی بەدیمەنی حیزب و لاوی نیشتیمان پەروەر ئاوارەی هەندەران بوون کە لەوانە نزیکەی (١٥٠) ڕۆڵەی قاڵ بووی مەیدانی تێکۆشان لە کوردستانی عێراق شاری (سلێمانی) کۆبوونەوە لەوێدا بەهۆی هەڵکەوتی لەباری کۆماری وەهەستی بەتینی هاونەتەوەکەمان شەرایتو هەلێك پێکهات کە هاوەڵان توانیان بکەونە خۆ بۆ چارەسەری گیرگرفتەکانیان لەبەر ئەوە کۆمیتەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی حیزب پێکهات وەدەستی کرد بەم ڕیزە کارانە:

١. ئیقداماتی ڕێکوپێك وەکو دەرکردنی بەیان " ئورگانی حیزب نووسینو بڵاوکردنەوەی مەقالات لەرۆژنامەکانی هەندەراندا" تیلگرافاتی اعتراز بۆ سازمانی میللەل وەباڵوێزخانەکانی ئێرانو...

٢. دانانی نەخشەو پیلان بۆ پڕکردنەوەی سەنگەرەکانی حیزب وەبەجێ هێنانی بڕیارەکانی پێشووی حیزب.



٣. ڕەنگدانەوەی ئەو بزوتنەوەیەی لەهەندەران بوو بەهۆی هێمن بوونەوەی باری گرژی سەر نەتەوەکەمان هەروا کەم کردنەوەی حوکم و ئازاردانی گرتوەکانمان لەبەندیخانەدا.

دیسان تاوانبار (ئەحمەد تۆفیق) کەوتە تەقلا بۆ تێکدانی ئەو بنچینەیە بەکەڵك وەرگرتن لەبەزیوو مەسڵەحەت پەرستان هەروا بەیارمەتی سازمانی ئەمنی عێراق کە پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵدا بەستبو بەرهەمی ئەو کردەوە خائنانە بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەو لێك بچڕانی هاوڕییان هەر یەکەو بەجۆرێك.

دوا بەدوای پەرتەوازەیی و دەربەدەری برادەرانمان (کۆمیتەی کاتی) کەوتە هەوڵو تەقەلادان بۆ ئەوەی (ئەحمەد تۆفیق) بهێننە بەردەمی لێکۆڵینەوەو پرسیار بەپێی توانا حورمەت و گیانی حیزبە پێشڕەوەکەمان لەکەڵبەی خوێناوی ئەو گورگە هارە بپارێزێت بەهەر قیمەتو هەوڵێك بوو تاوانبار سازکرا بۆ ئەوەی بێتە کۆڕی کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوەو حساب دەگەلا کردنی" لەرۆژی دیاری کراو کۆبوونەوە دەستی پێکرد دوای (٨) رۆژ درێژە پێ دانو بەو کۆبوونەوەیە تاوانبار (ئەحمەد تۆفیق) بەمەرگە مەلەو پەلەقاژە کردنی بۆ هەڵاتن و خۆدزینەوە لەبەردەمی لێ پرسینەوەی مێژوویی هیچ چارەسەرێکی بۆ تەقلەبازیو خۆڵنگدان نەمایەوە بێجگە لەوەی کە سەر شۆڕ بکات وەچاوی پڕ لەخیانەتو تاوانباری لەعەرزی بێ دەنگی بڕێ واستعفای لەهەموو مەسئولییەتێکی کە بەخۆیەوە دەبینی!! بەدەست خەتی خۆی تەقدیم کرد کە ئێستا لەلامانە وا لەخوارەوە ئەیخەینە بەر چاو:

**"هاوڕێیانی بەڕێز بەڕێوەبەرانی کاتی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان "**

**وێڕای سڵاو و حورمەت سەرەڕای ئەوەی کە دەزانم دەبوایە زۆر بەدرێژی لەو نوسراوەدا بدوابامو نوسیبام بەڵام چونکو چکاوەکەم بەزار بۆتان باس کرد ئیتر**

بە پێویستم زانی لێرەش لەسەری نەڕۆم دیارە درێژەی ئەو نوسراوە لەدوایی دا بەدرێژی پێشکەشی دەکەم.

هەلوەهەوایەکی کەوا ئێستا دەنێو هاوڕێیان دا خولقاوە لە پێشدا بەزۆر بونانەوە بەرامبەر من: بەهەموو لاو سەرێکەوە لێکم داوەتەوە (قۆناخی) ئەرکی چۆڵ کردنی (کورسی)و مەسئولییەتی خستۆتە سەر ئەستۆم وا بەدوای دوازدە ساڵ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ماوەیەك لەکەنار دادەنیشم تاکوبونەوەی بەڕاستو بەرزی (کۆنگرە) حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم جۆرە لەو جۆرە لەو بەروارەدا پێشکەش دەکەم: دیسان سڵاو و حورمەت.

**هاوڕێتان عبدللە اسحاقی**

**١١ی بانەمەڕی ١٣٤٠**

جێگای سەرنجە کە بزانین خەیانەتکار (ئەحمەد تۆفیق) ئەو دەرچوون و گۆشەنشینەی بردە سەر!! دەبێ بڵێین نەخێر "بەڵکو دوای چەند رۆژێك لەبەسەرچوونی کاتی استعفاکەی دەستی کردەوە بەڕیزە ئاکارێکی ئەوتۆ کە لاپەڕەی مێژوویی رەشی خیانەتکاران لەبەخۆوە گرتنی ئەو کردەوانەی شەر دەکات:

پاش ئەوەی خەیانەتکار (ئەحمەد تۆفیق)بۆی دەرکەوت کە تەواوی کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکان هەروا زۆربەی ئەندامانی حیزبمان هەستیان بەو ئاکارە تاوانباریانەی کردوە وە لەنێو ریزەکانی پێگەیشتووی خەڵکدا بێجگە لەتف و نەعلەت چی دیکەی بۆ نەماوەتەوە ئەوجا راستەو خۆ خۆی هاویشتە باوەشی قیبلەگای لەمێژینەی ئیمپریالیزم ئەوەبوو بەهۆی چەند زۆڵە کوڕێکی سەر بەئەمەریکایان دەگەڵ (ویلیام ئیگلتن)



بەڕێوەبەری دەرەوە (٢)ی دەزگای جاسوسی ئەمەریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی بەست وە بۆ ریزە ئیتصالاێکی جاسووسی خۆی گەیاندە مەنتیقەی هەورامان و مەریوان وەدەگەل (ش.م. ح.) کە شاو دەزگاکانی بەتایبەتی ئەمریکایەکان حیسابی لەسەر دەکێشن کەوتە گفتوگۆ تا بەهۆی وەرگرتنی گەلێکی خیانەت لەناوبراو پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکاییەکان سازبکەن دوو (٢) رۆژ درێژەکێشانی وتووێژ لەو بارەیەوە بڕیاردرا (ش. م. ع) بەتەدارەکاتی پێویستی هەڵبەستی وە نەتیجەکەی بەهۆی پۆستەی تاران . بەغداوە لەئەحمەد تۆفیق مەعلوم بکاتەوە: لەسەر ئەو بڕیارە خیانەتکارە گەیشتە بەغداوە (ش.م.ع.) بۆ قسەو باسی پێ سپێردراوی خائین بۆ شوێنەکانی دیاری کراوە رۆیشتە تاران ئەمریکاییەکان بۆ ئەوەی باشتر بتوانن ئەو خائینە بگرنە باوەشی وایان بەباش زانی لەنزیکەوە ببینن جا بەر ئەوە لەتارانەوە بە نوسراوی پێویست ئاگادار کرا (ئەحمەد تۆفیق)ی خائین کەوتە ڕێگاو هاتە سلێمانی وە لێرەوە خۆی گەیاندە شاری (سنە) وە هەر لەوێد لەگەڵ نێو براو بەماشێنی تایبەتی چوونە تاران: (ویلیام ئگلتن) بۆ چاوپێکەوتنی خائین (ئەحمەد تۆفیق) لەشیرازەوە هاتە تاران بەهاوبەشی (٢) کەس لەئەندامانی باڵوێزخانەی ئەمەریکا بەنێوی (گیڤ) وە (ریسك) لەدەروەی باڵوێزخانە جێگای تایبەتی بۆ کردبوونەوە دیاریکراو (خائین ئەحمەد تۆفیق) لەم کۆبوونەوەیەدا کە بەمەسئولیەتی (ریسك) پێکهاتبوو بەتەواوی خۆی لەباوەشی دەزگای جاسوسی ئەمەریکا هاویشت وە بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستە تەعلیماتی تایبەتیان دانا وە نوختەی ئیتصالاتیان (مسیو زەکیان) رەئیس خیریەی ئیسرائل لەتاران بوو ئەمریکاییەکان ئەو دەم وایان بەباش زانی کە لەلایەن خۆیانەوە (محەمەد رەزا شا) ئاگاداری ئەو مەسەل بکەن ئەوەبوو لەدواییدا لەجەلسەیەکی

تایبەتی: (سوپە هود عەلەوی کیا) رەئیسی ئیدارەی دووهەمی سیاسیەکە راستەوخۆ لەژێر چاودێری (حەمە رەزا شا)دایە بەشدار کرا: (ش. م. ح) بۆ ئەوەی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لەدوا رۆژدا توشی گیروگرفت نەبێ شا وە رەئیسی ستادی ئەرتەش (ساواك)ی ئاگاداری ئەو وەسیلەیە گەریەگرد وە نەتیجەی بیروڕای ئەوانی بە خائین (ئەحمەد تۆفیق) راگەیاندوە بەپێویستی دەزانین کەبەپێی ئەرکی ویجدانی وەئینسانیەت روونی بکەینەوە کە خائین (ئەحمەد تۆفیق) لەژێر نێوی مەسڵەحەتی کوردا (ش.م.ح) تەفرەدابوو:

سەبارەت بەو جەریانە (گیڤ) چووە بۆ ئەمەریکا زۆری پێ نەچوو (ریسك)ش بەدوایدا رۆیشتەوە.

خائن (ئەحمەد تۆفیق) پاش بەجێ هێنانی ئەرکەکانی پێسپێردراوی لەسەرەتای شۆڕشی کوردستانی عێراقدا لەلایان دەزگای جاسوسی ئەمریکاوە ئەمری پێ کرا بۆ وەرگرتنی تەعلیماتی جاسوسی هەروەها پەیوەندی بە(مەرکەزی سەرپەرشتی کەری دەزگای ساواك)ی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بچێتە (لوبنان):

بەو جۆرە گوایە خائین (ئەحمەد تۆفیق) بۆ مەسڵەحەتی!! شۆڕش چۆتە (لوبنان) بەڵام ناوبراو لەپێناوی بەئەنجام گەیاندنی ویستەکانی دەزگای جاسوسیدا ئەندامەتی رەسمی وەمەوقیعیەتی تایبەتی بۆ دیاری کرا هەروەها کارتی تایبەتی بۆ شوێنەکانی پێویست درایە کە ئێستاش لەلایەتی:

لەکاتی گەڕانەوەی بۆی دانرا کە هەواڵدەری (نیویورك تایمز) (دانا شمیت) کە عزویەکی بەرزی دەزگای جاسوسی ئەمریکایە بێ پاسپۆرت لەرێگای سوریاوە بیهێنیتە ناو شۆڕشی کوردستانی عێراق ئەوە بوو پێکەوە ماوەی مانگێك لەنێو سەنگەرەکانی شۆڕش گێڕاندا خولانەوە



دوای ئەنجامدانی فەرمانەکانیان (دانا شمیت) بێ بەرگری پرسیاری کاربەدەستانی ئێران خۆی گەیاندەوە مەرکەزی . پایەگای نیزامی (خانێ) وە بەفڕۆکە (طیارة)ی تایبەتی یەکسەر چووە تاران:

ئەو هەواڵدەرە لەبڵاوکردنەوەی هەواڵەکانیدا لەمەڕ شۆڕشی کورد دەربارەی خائین (ئەحمەد تۆفیق) لەژێر وێنەکەیەوە زۆر بەئابوتابەوە مەدحی لێ دەکا وە نووسیویەتی لاوی ئازا. دڵسۆزی کورد کوڕی عەلی خانی!!

خائنی خۆفرۆش بێجگە لەو دۆلارانە کە لەسوریاو بەغدا گۆڕیویەتیوە ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بووین لەتاران و تەوریزیش (٦٠/١٠٠) شەست هەزارو سەد دۆلاری بۆ کراوە بەئەسکەناس بەم جۆرە:

لەپووش پەڕی ١٣٤٢دا بەهۆی (د. ع.)ەوە (١١/١٠٠) یازدە هەزارو سەد دۆلار بەهۆی (ف. ق.)ەوە (٥٠٠٠) پێنج هەزار دۆلار بەهۆی (م. ر.)ەوە بەهەشت جار (٠٠٠/ ٤٤) چلوچوار هەزار دۆلار کە هەموو دەکاتە (٤٨٠/٠٠) چەوار سەدو هەشتا هەزارو شەش سەد تمەن:

تێ بینی: ئەم کەسانەی کە ئەم پارەیان بۆ خائینی گەل فرۆش گۆڕیوەتەوە هەموو دڵسۆزو بەشەرەفن تا ئەم بەیانە بڵاودەکرێتەوە ئاگاداری کردوەی خیانەتکارانەی (ئەحمەد تۆفیق) نین:

بەم جۆرە ئەو خائینە ویستویەتی وە دەیەوێ:

١ـ دەژێر نێو حورمەتو پەرستشی بەرزی حیزبیدا ئەرکی (کۆمەڵی شۆڕش)ی گۆڕکراوی سوپەهود بەختیار لەهەر بارێکەوە جێ بەجێ بکات.

٢. هاوكاری‌و یارمەتیدانی بیروباوەڕی رەگەز پەرستی (شۆڤینیەت) بۆ وەدیهێنانی ئامانجی دوژمنانی گەلەكەمان هەروەها كوێركردنەوەی رەوت‌و رێبازی دیموكراتیەت‌و پێشەكوتوانە لە كوردستاندا.

٣. بێجگە لەپەلامارە دڕندانەكەی (١١)ی خەزەڵوەری (١٣٣٨) بۆ سەر حیزبمان ئەو خائنە تا ئێستا سەدان ئەندامی دڵسۆزو بەجەرگی هەریەكە بەشێوەیەك لەمەیدانی تێكۆشان دەرپەڕاندووە هەروەها بەمەرجی ئەساسی بنچینەیی داناوە كە هەواڵانی زیندانمان ئازاد نەكرێن. بۆ ئەوەی بتوانی بەئاسانی ئەسپی سەركێشی بێ هەوساری خۆی لەمەیدانی خیانەتكاراندا تاوبدات.

٤ــ پارەیەكی ئەستوور كە لەساڵەكانی (٣٧-٣٨)دا بەهۆی بڵاوكردنەوەی بەڵگەی یارمەتی كۆكرایەوە كە بریتی بوو لە (٦٠٠٠) شەش هەزار دیناری عێراقی = (١٢٠/٠٠٠) سەدو بیست هەزار تمەن لەو پوولە تەنیا (٣٦٠) سێ سەدو شەست دینار = (٧/٢٠٠) حەوت هەزارو دووسەد تمەن وەدەست حیزبمان كەوت باقیەكەی خائن (ئەحمەد تۆفیق) وەك هەژدیها هەڵی لووشی سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو پوولە كە لەكوردستانی ئێران لەم ساڵانەدا بەنێوی شۆڕش كۆكراوەتەوە تا ئەو جێگەی ئێمە ئاگادارین لە ١٠٪ ی لەلایان خائن (ئەحمەد تۆفیق)ەوە بەشۆڕشگێران نەدراوە:

لێرەدا بەپێویست دەزانین سەر لەنوێ كورتەی كردوەو ئاكارە گڵاوەكانی خائن (ئەحمەد تۆفیق = عەبدوڵڵای ئیسحاقی) بخەینەوە بەرچاوی گشتی:

١ــ بەجێ نەگەیاندنی ئەركی پێ سپێردراوی حیزبی لەدەرەوە وە خۆخلافاندنی بۆ ماوەی (١٣) مانگ.



٢ــ گێڕانی دەوری گێرەشێوێنی لەنێو كۆڕو كۆمەڵە سیاسیەكانی دەرەوەدا كە بوو بەهۆی نزم بوونەوەی حورمەت‌و پەرستشی حیزبمان.

٣. سەرپێچی لەدەستورو فەرمانی حیزب بۆ گەڕانەوەی كە بە (٦) مانگ نوسراو پێی راگەییندرا.

٤ـ فڕاندنی كەرەسە (وەسایل)ی چاپەمەنی وەبڵاوكردنەوەی نەشریات لەسەر بیرو بڕوای لادەرانەی فەردی بەنێوی حیزبی دیموكراتی كوردستانەوە.

٥. دەربڕینی نەهێنیەكانی حیزب وە تەئسیری كردەوە نالەبارەكانی لەسەر روحیە مەعنویاتی (ئیسماعیلی قاسملو) كە بوو بەهۆی پەلاماردانی بەرینی ساڵی (١٣٣٨)ی دوژمن بۆ سەر حیزبمان.

٦ــ تێكەڵاوی پەیوەندی دەگەڵ ئەمنی عێراق وە پەرتەوازەكردنی‌هاوڕێیانی حیزب بەشێوەی تەبعیدو خۆشاردنەوەو خۆ بەدەستەوەدان بەحكومەتی ئێران.

٧ــ استعفا كردنی لەمەسئولییەتی حیزب و تێهەڵچوونەوەو دەست پێكردنەوە بەئاكاری ناپەسەند و لادەرانە بەپێچەوانەی ئیستعفاكە.

٨. خۆ فرۆشتن‌و تەسلیم بوونی بەدام‌و دەزگای جاسوسی ئەمەریكا.

٩ـ گێرەشێوێنی لەنێوان پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق‌و پارتی دیموكراتی سوریە وە دەرچوونی بەیاننامەی ئەو دوو حیزبە لەسەر خەیانەتكار (ئەحمەد تۆفیق).

١٠. خۆ نواندنی بەدۆلاری ئەمریكا وە دزینی پارەیەكی ئەستوری حیزب.

١١. لادان لە جەوهەرو ماهییەتی حیزبەوە بەجێ هێنانی ئەركی (كۆمەڵی شۆڕش)ی گۆڕ كراوی (سوپەهود بەختیار) لەژێر نێوو حورمەت‌و پەرستشی حیزبدا.

١٢ـ نانەوەی ئاژاوەو پێکهێنانی دوودڵی لەنێوان هێزەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانی عێراقدا کە ناوبراو دەستێکی باڵای هەیە لەقووڵ کردنی ئەو ناکۆکیە.

١٣ـ گێرەشێوێنی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان وە مەلا مستەفا بارزانی و چاندنی تۆی دووبەرەکی لەنێوانیاندا بەچەشنێك کە زیانێکی گەورەی هەیە بۆ شۆڕشە پیرۆزەکەی کوردستانی عێراق.

هاونیشتیمانانی خۆشەویست. دڵسۆزانی هەمیشەیی گەلە بەشخوراوەکەمان ئەندامانی بەشەرەف و پێگەیشتووی (حیزبی دیموکراتی کوردستان) ئەوا حیزبە پێشڕەوەکەمان پێ دەنێتە تەمەنی (١٩) ساڵیەوە وێڕای دەوروزەمان بەسەر ڕێبازی مێژوویی خۆیدا بەرەوپێش دەڕوات "لەبەردەمی خەبات و تێکۆشانی تاقە پێشڕەوەکەمان دوژمنانی خوێن مژ بەدرێژایی ئەو تەمەنەی بە (١٠) دەیان پیلان و پڕ لەهەست و بڕوا پیرۆزەمان کوێر بکەنەوە" بەڵام قارەمانانی پێگەیشتوی ئەو شۆرشە وە پاوانی خەباتکەرو شۆڕشگێڕی نیشتمان پەروەر زۆر چالاکانەو ژیرانە دە پێناوی پاراستنی دا تێکۆشاون وە هەرگیز تەسلیم نەبوون و نابن.

لاپەڕە خوێناویەکانی مێژووی نەتەوەکەمان شاهیدی دەرەوەی ئەو هەڵمەت و خۆ بەختکردنەن کە لەپێش هەموویانەوە وێنەی پێشەنگی کاروانی ڕێگای سەربەستی شەهیدی نەمرمان پێشەوا (قازی محەمەد) دەخاتە بەر چاو کە نەمامی (مردن بۆ ژیان) لەئاسۆیەکی دوا ڕۆژدا بۆ ڕزگاری گەلەکەمان ئاوەدێر دەکات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبەرەنگاری دەگەل ڕۆژانی ڕەش و تەماویدا قۆناخی دورودرێژی خۆی بڕیوە وە بەپشتیوانی شەبەقی بیروبڕوای راستەقینە بەسەر ناهەمواریەکانیدا تێ پەڕیوە وە لەهەنگاوی



بەرەوپێشچوونی لەبۆتەی تێکۆشاندا قاڵ بوە هۆشیارانەو ژیرانە نەزەرو فەلسەفەی دوژمنانی گۆڕ کردووە.

پاش ئەوەی دوژمن بۆی روون بوەوە کە نەتەوەی کورد بەتایبەتی ڕێڕەوانی حیزبە پێشڕەوەکەی پلەی پێگەیشتن و زانستی گەیشتۆتە رادەیەکی ئەوتۆ کە بەهیچ داو تەڵەکەیەکی دەرەوە ئەو بڕوا پیرۆزەی کە شارەگی لەمێژینەی لەنێو جەرگەی زۆربەی خەڵکی کوردستاندا کوتاوە قابیلی هەڵکەندن و لەنێو بردن نیە هاتە سەر ئەو رایە کە بەهەر جۆرێك بێ خەیانەتکارێکی وەك (ئەحمەد تۆفیق) لەنێو ریزی حیزبدا بەکرێ بگرێ بەڵکو لەو ڕێگەیەوە بتوانێ ئامانجە پیس و پەڵۆخەکەی وەدی بێنێ و هەر درێژە نێوی کوردایەتی و حیزبایەتیدا هەستی پاکو خاوێنی نەتەوایەتیمان بنج برو شوێنە ون بکات.

بەڵام دیسانەوە دوژمنانی کورد سەری خۆیان دا لەبەرد بەخەیاڵێکی خاوەوە خۆیان ماندووکرد ئەو پوولو پارەو دۆلارەیان بەفیڕۆدا "دەبێ بڵێین وەك قومارچی دۆڕاو بەهەناسە ساردی و داخ لەدڵی دەستەو ئەژنۆ کەوتنە گۆڕێ هەروا خائینی نیشتیمان فرۆش (ئەحمەد تۆفیق)یش بێجگە لەسەرشۆڕی چی دی بۆ نەمایەوە هەر وەکو دەبینین لەنێو تەواوی کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکانی جیهان بەتایبەتی ئەحزابە دیموکراتیەکانی کوردستاندا ئابرو و شەرەفی تکاو نەما" هەروەکوە شەیتان بۆ هەتا هەتایە بەلەعنەتکرا.

بۆیە کۆمیتەی ساغ کەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان داوا لەهەموو ئەحزاب و نەتەوە ئازادیخوازەکانی جیهان و بەتایبەتی خەڵکی دڵسۆزی کوردستان دەکات کە بەهیچ جۆرێك بڕوا و اعتماد نەکەنە سەر ئەو بەیان و ڕۆژنامانەی کە لەلایەن (ئەحمەد تۆفیق) و کلکەکانی وەکو فایەق ئەمین (سلیمان مەعینی) کە شەریکی تاوانەکانی ناوبراوە

لەساڵەکانی پێشوو ئێستابەنێوی حیزبەوە دەردەچن تاکو بەهەوڵو تەقەلای دڵسۆزانەی (کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان) بەبەستنی کۆنگرەو هەڵبژاردنی قانوونی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ حیزب پێکدێتەوە چونکە تەنیا و تەنیا هەر ئەوە جەنایەتکارە کە چەند ساڵە لەژێر نێوی: حیزب . سکرتێر. مەکتەبی سیاسی. کۆمیتەی مەرکەزی. نوێنەری کورد... هتد چارەنووسی حیزبمان دەپێناوی بنیات ومەسڵەحەتی فەردی وە ئاواتی ئاغاکانی بەرەو هەڵدێرگە بردوە.

جووتیاران. کرێکاران. رووناکبیران. مامۆستایان. پیشەوەران. عەشیرەتە نیشتمان پەروەرەکان لەو هەلە بەنرخو مێژووییەدا کە پەردەی خەیانەت و جنایەت لەسەر رووی رەشی (ئەحمەد تۆفیق) عبد الله ئیسحاقی هەڵدەدرێتەوە وەرن یەك بگرن هاوقەول و پەیمان لەسەر شەرەفو کەرامەتی رابردوی حیزبمان دەستبدەینە یەکتر بۆ یەکیەتی و هاوکاری و خەباتی تێکڕایی بۆ رون کردنەوەی ئەو سەرچاوە مێژووییەمان کە حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

پاش بڵاوکردنەوەی ئەو بەیانە هەر کەسێك پەیوەندی مستەقیم یا غەیری مستقیم بەجنایەتکار (ئەحمەد تۆفیق= عبد الله ئیسحاقی) بکات بەلادەرە لەرێبازی راستەقینەی کوردایەتی وەدەرچوو لە قانوونی حیزبایەتی دەدرێتە قەڵەم.

سەرکەوتن بۆ حیزبە مێژووییەکەمان حیزبی دیموکراتی کوردستان تاقە ئاڵاهەڵگری ئامانجی بەرزو دروشمی تایبەتی گەلەکەمان.

پتەوو بەهێز تربێ ریزی حیزبمان دەپێناوی یەکگرتنەوەو یەکیەتی راستەقینە.

شانازی بۆ شەهیدە قارەمانەکانی رێگای ئازادی و رزگاری کوردستان.



سەرکەوتوو بێ بزوتنەوەی نەتەوەکانی ئێران بۆ ئازادیو دیموکراتی دژی ئێرتیجاعو ئیمپریالیزم. پەرە گرتوو تر بێ جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکانی جیهان دەپێناوی ئازادی و رزگاری بۆ گورکردنی کەلاکی کەوتووی ئیستعمارو ئیمپریالیزم.

سەرشۆڕی بۆ خائینانی رەوتوڕێبازی نەتەوەو حیزبمان.

سەرکەوتو بێ شۆڕشی پیرۆزی کورد لە کوردستانی عێراق بەڕابەری پارتی دیموکراتی کوردستان.

**کۆمیتەی ساخ کەرەوەی حیزبی**
**دیموکراتی کوردستان**
**٢٧/جۆزەردان/ ١٣٤٣**

## پاشبەندی ژمارە (٢)

**یەکێتی. خەبات ←——— سەربەخۆیی ودیموکرات**

## بەیان نامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

I

دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ی هەتاوی بەرامبەری نوامبەری ١٩٦٤ لەژێر سێبەری ئالآی شۆڕشگێڕانە دروشمی یەکێتی. خەبات. سەربەخۆ و دیموکراتی لەنێوان لوتکەکانی چیای زاگرۆس دەستی پێ کرد. لەسەرەتادا نوێنەرانی کۆنگرە پاش خوێندنەوەی سرودی "ئەی رەقیب هەر ماوە کورد زمان" بۆ بیرەوەری رۆژانی دییلی کۆیلیەتی هەڤالآنی کە لەکۆت و زنجیری ئیستعماری نۆکەرەکانی شاو حکومەتی تاراندا یەخسیرن. لەگەڵ بردنی نێوی یەکیان رەشاش و تفەنگی پێشمەرگە قارەمانەکان دڵ و دەرونی سوتاوی دۆڵ و چیاکان دەزرنگانەوە بەڕابردووی خوێناوی بەربەرەکانی پر لەشانازی ح. د. ک. وەبیر خستنەوە.

نوێنەرانی کۆنگرە کە هەرکامیان لەجێگایە. لەژێر مەترسی گوللە وە سەرنێزەی دوژمن. بەهەزار زەحمەت و کوێرەوەری خۆیان دەرباز کردبوو بە"نێو" یەکتریان نەدەناسی لهجەو بەرگ و پشتیان یەک نەبوو بەڵام هەموو تێکڕا زمان و ئاوات و دڵ و دەرونیان یەک بوو. ئەو کۆنگرەیە، لەمێژووی خەباتی کوردستان بۆ هەوەڵین جار، بەشێوەیەکی تایبەتی و نەهێنی بەگورج وگۆڵی و ژیری و سەرەبەرزی دوور لەچاوی پیس وگڵاوی حکومەتە بەکرێ گیراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک هات.



بەداخەوە پێویستە بڵێین هێندێک لەهەڤالآن لەبەندیخانەدا بوون و بەشێک لەنوێنەران لەبەر فشارو کۆسپەی دوژمنان نەیانتوانی لەکۆنگرەدا بەشدار بن.

سەرەتای وتووێژی دەستوری کۆنگرە بە "تەلاوەتی ئایەتی انا فتحنا لك" لەلایەن مامۆستایەکی ئاینی خەباتکەرو کۆڵ نەدەر دەستی پێ کرد و لەپاشان یەکێک لەهەڤالآنی بەڕێوەبەر مێژووی ١٩ ساڵ خەباتی خوێناوی و پڕ لەئازارو جەزرەبەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەڕاپۆرتێکی هەموو لایەو بەرین پێشکەش بەنوێنەرانی کۆنگرە کرد:

**رابردووی ح.د.ك. لەکاتی جمهوری کوردستان**

لەو رۆژەوە کە ئالآی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێچراوە دوژمنی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێرانیانی دارودەستی شا و ئیستعمار توانایی هەوەڵی دامەزراندا و کەم فامی سیاسی و کۆمەڵایەتی وزۆرداری لەسەر سنگ و ملی ئەوکاتی حیزب بۆ راکێشاندنی کۆمەڵی وەرزێرانو جوتیاران و رەنجبەران تری لادێکان کە ئوردوی بنچینەیی شۆڕش ئەژمێردرێن و هەروەها هێنانە سەر کاری دەرەبەگ و فئودالەکان بەشداربونیان لەناو کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا و زاڵ بوونیان لەسەر جوتیارو "رەعیەت" باعس بوونە حیزب و نەتەوەکەمان لەمەڕ رێکوپێکی بناخەی شۆڕش رێگای بێ بیری و نالەباری و لالوتی بگرێتە بەر.

سەرانی حزد.ك. لەساڵی ١٣٢٥ دا ئۆردوی شۆڕگێڕی وەرزێرو جوتیار بێ بەری بوون لەسەر بناخەی کۆمەڵایەتی پێی خۆی نەچەقاند بوو. هۆیەکانی بنچینەیی ئەو "کایە" بەدۆڕاندنی هەلو هەڵکەوتی زۆر مێژوویی و پڕ دەسکەوت دەچوە سەرتاڵی و بێ تەجروبەیەیی

بەڕێوەبەرانو پەروەردەو قاڵ نەبونیان لەناو کورەی خەباتی بەردەوامی حیزبایەتی بوو.

هەڕەشەوگوڕەشەی شاو ئەربابەکانی لەلایەکەوە "قەولو قەراری" چڵکاو خۆرو نۆکەرەکانی بەدفەڕی ئیستعمار لەلایەکی تر شوێنە ونکەی "لەڕابەرانی" حیزب کردبوو. بەسەر سوڕماویو داماوی خۆیان تەسلیم بەسیاسەتێکی "قەزاوقەدەر" کرد.

ئەو بابەتە راست کە ئەگەر یارمەتی... و "پیشتوان" لەناودا نەبایە حکوومەتی خوێڕیو چڵکاو خۆری تاران بەدوو دڵی لەگەڵ ئیمپریالیزم زووتر لەوەش هێرش و شاڵاوی بۆ سەر جمهوری کوردستان و ح. د. ك. ئەهێنا.

سەرانی ح. د. ك. نەتەنیا لەو هەلو دەرفەتە گرینگە بۆ رێکووپێکی ناوخۆ پتەوی دەوڵەت و قایم کردنی بناخەی لەشکری چەکدارو هێزی پێشمەرگە سوودیان وەرنەگرت بەڵکو لەسەر سەنیری خاترجەمی پاڵیان دابووە وە پێیان وابوو کە بێشکەی شۆڕش هەتاهەتایسە ئەبێ بەدەست وان رابژێ.

لەلایەکی ترەوە رابەرانی "لای تر" بەهۆی راوێژەکەرە نەزانەکانیان وایان ئەزانی کە ئەو کۆرپە ساوایە پێی هەڵگرتووە. فامی کراوەتەوەو ئەتوانی ماف وژیری خۆی بپارێزێ. بێخەبەر لەوەی کە ئەوە مەلۆتەکەیە لەبێشکەدا تاسابوو.

هەروەکی خۆشیان لەکاتی پێوستی پشتگیری پشتیان لەومەلۆتکە تاساوە کردو خۆیان خستە خەوی کەروێشکی.

بەبەرچاوخستنی ئەوبابەتانەی سەرەوە پێویستە بەداخەوە ئیقراربکەین، پێش ئەوەی کەدوژمنی خوێڕی ئامادەگی پەیدا بکاو توانای تێکشکاندنی گەلی کوردی هەبێ سەرانی حیزبو کاربەدەستانی



جمهوری کوردستان مەیدانیان بۆ هەڵکوتانەسەر نەتەوەی کورد لەناو دەوڵەتو حیزبدا خۆش کردو هورەیان بۆ قەڵشاندنو تێکدانی خۆمان سازکردبوو. تاگەیشتە ڕادەیەك کەدەستەوئەژنۆ لەدوژمن ڕامابووین کەچیمان بەسەر دەهێنیێو کەی دووچاری چەرمەسەریو چارەڕەشی ئەبین!!.

لەکۆنگرەدا لێك دراوە کەکەموکورتی خەباتی حزب لەڕابردوو ودەوری حکومەت ئەوە بوو کەسەرانی ح.د.ك لەنێوان بەربەرەکانی "پارلمانتریزم"و " شۆڕشی چەکدارانە" دامابوون. لەلایەکەوە لە "مجلس شورای ئێرانی" نوێنەری هەبوو کەلە "تریبون" نەك بۆهەڵگیرساندنو خۆش کردنی ئاگری شۆڕش لەناودڵو مێشکی خەڵکی وەرنەگرت بەڵکو. زیاتر لەمەڕ تەئسیرو نفوسی خەباتی پارلمانی حزبەکانی تاران بۆ دامرکاندنی بڵێسەی شۆڕش جاروبار ڕاوێژ دەکرا.

تەواوی ئەوچەكوچۆلانەی کەدەبوایە لەخزمەتی شۆڕش بەکارهێندرابایەو بۆ پارستنی حکوومەتو گیانو ماڵی نەتەوەکەمان هەڵسوڕابایە، لەڕۆژی پێویست دا بێسوودو کەڵك کەوتە دەست"حکوومەتی تاران" دوژمنو داگیرکەری وڵاتمان.

دیارە حزب لەسەرەتای کاردا لەکاتی خۆی دەیتوانی کەهەردوولای خەبات یانی پارلمانیو چەکداری وێگرا بگرێتەپێشو بەژیریو وریایی لەتەواوی هەلو فرسەتە پێشهاتوەکان سوود وەربگرێتو فریونەخوا. بەڵام لەپێش ئەوکارەدا ح.د.ك ئەبوایە لەشێکی ساخو بیروڕاوێژێکی تەواوشارەزا وتی بینینی گرنگی لەمەڕ نەتەوەی خۆیودوژمنەکانی هەبا.

لەدونیای ئەوڕۆدا مرۆۋ دەکرێت هەم "خودای" بوێ هەم "خورما" بەڵام لەپێش ئەو ئاواتەدا لەسەری پێویستو فەرزە کەخۆی بناسێو خوداوخورماش بناسێ تابەتامی" شیرینی خورما" خۆی لێنەگۆڕێو

بەهەڵەنەچێ بەبردنی ناوی"خودا" خۆی تەفروتوناو خەڵکیش بەفریونەبا.

کورتی‌و کەم‌وکوڕی گەورەی خەباتی ح.د.ك ئەوەبوو کەلەخەباتی چەکدارانەی "سمکو" و" قەدەم خێر" وهتد... دەرس‌وسەرمەشقی وەرنەگرت. شێوەی زیندوو نەمری ئەو قارەمانانەی ڕێگای ڕزگاری‌و خەباتی بێ‌کەڵك‌و سوود هێشتەوە.

لەمەڕ تەسلیم بەدوژمن‌و هاتنەوەی سوپای داگیرکەر.

هەروەها کۆنگرە هاتەسەرباسی کشانەوەو تەسلیمی بیلا قەیدوشەرتی حکومەتەکانی کوردستان‌و ئازربایجان کەکاتی خۆی حزبی دیموکراتی قوام السلطنة لەگەڵ زۆر لەکاربەدەستان‌و خاوەن بیروباوەڕیی فراوانی حیزبی لەتاران "قەرارو مەداریان" بەستبوو وە بەچوونی قوام السلطنة بوو مۆسکۆو کۆبوونەوە لەگەڵ ستالین‌و دەوروبەرەکەی ئەوی ڕۆژێ بەدەلیلی داتا ڕاو برینی خەڵکیان بەوە سارێژ دەکرد کەگوایا ژێرپێ خستنی چارەنووس‌و ڕەنج‌وکوێرەوەری نەتەوەکانی کوردو ئازربایجان بۆتە قوربانی‌و بەلاگەردانی ئازادی گەلی چین.

لەولاشەوە حزبی تودەی ئێران‌و دەستەکانی میللی تر کەپێشوو بە زمان‌و قەڵەم‌و قەول‌و قەرار پشتیوانیان لەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی دوو نەتەوەی کوردو ئازربایجان کردبوو تەنانەت بەجوڵانەوەی ئازادی ئێرانیان ناودەبرد ویستیان بەو دەلیلە پڕوپوچانە خۆحەشاردەن وەك کەوەکە سەریان لەبەفر گرتبوو لەشیان بەدەرەوە بوو دەیانەویست ئەوڕاستیە بشارنەوە کەلەو کاتەدا تەواوی هێزی ڕەش‌و بەدفەڕی شا_ ئەمپریالیزم‌و دوژمنە سوێندخۆرەکان کلکیان لێك بەستبوو لەتارانەوە "بەدڵنیایی" ڕوویان کردە کوردستان.



وچەپەڵ کەزۆربەی بەرهەمی خەباتی نەتەوەکانی ئێرانیان بێ‌سوودو کەڵك هێشتەوەو غەدرو دوژمنایەتیەکی گرنگیان لەگەڵ حزب‌و نەتەوەی خۆیان کرد. بەداخەوە دەری بڕین وەختێك لەگەری‌شانی هاتنە خوار کەئاولەئاش بڕابوو. وکودەتای ١٨ی مورداد سەرکەوت هەر ئەو دەمەش ئەیانتوانی بەژیری‌و وریای هێزو تاقەتی خەباتی خڕکەنەوە بەگۆڕنی هەڵوێست دەست بەپەلاماردان بۆ سەر دوژمن بکەن بەلام ئەو وەختیش هەرچەند بەڕێوەبەرانی ح.د.ك لەگەڵ گەلێك لەکادرەکانی حیزبی تودەی ئێران بەهۆی کۆکردنەوەی ئەسنادو بەڵگەی حیزبی بۆ نیشاندانی نادروستی ڕێگای ڕابردوو دۆزینەوەی ڕێبازێکی ڕووناك لەسەر ئەو دروشمانە:

١-تەقەلا بۆ هێنانە سەرکاری حکومەتی میللی دکتۆر مصەدەق

٢-ڕەواو وەڕوخستنەوەی میللی بوونی نەوت

٣-بێ‌لایەنی ئێرانی بەکۆمیتەی ناوەندی ح.ت ئێران پێشنیارکرا .بەلام پێشنیارەکەیان لەژێر پێ‌ی هاوێشت . هەروەها پێشنیاری بەڕێوەبەران‌و هەڤالانی ح.د.ك لەمەڕ گۆڕین‌و گواستنەوەی تەکنیك‌و تاکتیکی حیزبی لەوەوپاش. یانی تێکەڵکردنی ڕێگای خەباتی چەکدارانە لەگەڵ ڕێگای خەباتی شەقامی‌و پەرلەمانی. بەتایبەتی لەولاتی کوردستان‌و" ناوچەی فارس" وەپاش گوێ‌خراو ئەیانەویست سەرلەنوێ کوێرە ڕێگای پڕ لەهەڵەو گێرەشێوێنی کۆنیان بۆ ح.د.ك برنگێنەوە. لەو کاتەدابوو کەمەسئولان‌و ڕابەرانی حیزب لەش‌وگیانی ح.د.ك یان لەو ڕابەرانە جوێ کردەوە ڕێبازێکی تازەو نوێیان وەبەرچاوی خەڵك خستوو بەگوێ‌ی ح.ت ئێرانیان ڕاگەیاند کە:

" برامان برایەتی‌و چیغمان جودایەتی" .

## ح.د.ك و سياسەتى دەرەوە.

كۆنگرە بڕيارى دا ح.د.ك ئەبێ بەباشى و ژيرى و گورج وگۆڵى لەو تەنگ وچەڵەمەى سياسى و ئابورى ئێران و لەهەڵوێست و وەزعى تايبەتى نەتەوەى كورد لەڕۆژهەلاتى ناوەڕاست بەتايبەتى لەگەڵ حكومەتە نيشتمانييەكانى بێلايەن. لەگەڵ دەوڵەتە پێشكەوتووەكانى گێتى. پێويستە كەڵك و سوود وەرگرێ و لەوهەل وفرسەتە مەزنە بۆ ڕزگارى نەتەوەى كورد و نەتەوەكانى ترى ئێران لەهيچ فيداكارى و گيان بازيەك درێغى نەكات.

لەسەر ح.د.ك فەرزو پێويستە كەبە گوێرەى هەڵوێستى تايبەتى خۆى. شارييەكى خەباتى چەكدارانەو ڕزگاركەرانە بۆ ئێران و نەتەوەكانى بدۆزێتەوەو بەشێوەيەكى شۆڕشگێڕانە بەهاوكارى و هاوخەباتى حيزب و دەستە سياسيەكانى ترى ئێران رەغەمەڵى بينى.

## ح.د.ك و شۆڕش

كۆنگرە بۆى روون بووەوە كەپێش گرتنى ڕێگاى خەباتى پەرلەمانتاليزم و "هەڵبەزدابەزى شەقامى" بێجگە لەوە كەخەڵكى ئێران زياتر دوچارى" سەركوتى"و " ملكەچى و شل وشەكەتى و سەرشۆڕى" بكات (بەخيانەتێكى مسەلەم بەنەتەوەكانى دەژمێردرێت) سوودو كەڵكى نىيە.

كۆنگرە سەلماندى كەڕێگاى خەباتى ڕاستەقينە. ڕێگاى ڕزگارى نەتەوايەتى. خەباتى چەكدارانەو شۆڕشگێڕانەيە دژى ئيستعمارو چڵكاوخۆرانى (شاو حكومەتى تاران)و تەفروتونا كردنى بناغەى هەيئەتى حاكمەى ئێران (سەرمايەدارى و دەرەبەگى گەورە).



بەڵێ تەنيا ڕێگاى خەباتى چەكدارانەو شۆڕشگێڕانەى خوێناويە كەلەسەر بيروڕاوێژێكى نوێ و تێبينێكى ژيرانە ئەتوانێ تەنگوچەڵەمەو چارەڕەشى حيزبايەتى لەناو خەڵكى ئێران بنەڕەت بكات.

يەكێتى‌يەكى ئەوتۆ پتەو نيشتيمانى بۆ ڕزگارى نەتەوەكانى ئێران تەنيا لەناو كورەى ئاگرى شۆڕشدا وەدى دێت. كۆنگرە بڕيارىدا كەلەسەر شانى ڕابەرانى ح.د.ك فەرزو پێويستە كەهەرچى لەتواناياندايە بەتەواوى هێزو بيروڕاوێژى حيزبايەتى بۆ گەيشتن بەئامانجى مەزنى نەتەوەكانى ئێران يانى تێك وپێكدان و ڕوخاندنى ڕژێمى بۆگەنيوى شايەتى و هەڵوەشاندن و لەناو بردنى ياسا ڕەشەكانى هەيئەتى حاكمەى تاران و شاخ و لك وپۆپەكانى لەسەرانسەرى ئێران. ئەبێ لەتەواوى حيزب و دەستە سياسيەكانى پێشكەوتوى ئێران بگێڕێتەوەو داوا بكات كەبۆ گەيشتن بەئامانجى گشتى كوێرەڕێگاى خەباتى پەرلەمانتاليزم (كەتەواوى جەماوەر لێ ماندوبون و پێى وەستاون) تورهەڵدەن و ڕوو لەڕێگاى نوێى شۆڕشگێڕانەى ح.د.ك بكەن. بەدڵ ودەرونێكى خاوێن و بەبيرو هەستێكى تازە دەستى يەكێتى و خەبات بدەنە دەست ح.د.ك لەمەڕ وەديهێنانى يەكێتيەكى پتەوى نيشتيمانى بۆ ئازادى ئێران و ڕزگارى نەتەوەكانى.

تەجروبەى شۆڕش لەكوباو جەزائيرو گەلێك جێگاى تر بەباشى وەدەرى خست كەڕێگاى سەركەوتنى شۆڕش بەهاندان و ڕێكخستنى چينى جوتيارو وەرزێرو كێشانى وان بۆژێر ئالاى خەباتى چەك و چەكدارانە لەچياو دەشت و كێوو پەيوەندى لەگەڵ چينە زەحمەتكێشەكان و بەشخوراوەكانى نەتەوايەتى لەشارەكان شۆڕش سەرناكەوێ و دەبەزێت. ئومێدو هيوا بەستن بەخەباتى سەرشەقامى خەتايەكى گەورەو ڕەنج بەخەسارييەكى زۆرى پێوەيە.

هەروەها پێویستە بزانرێت کەخوورەوشتی حیزبێکی سیاسی نەك لەڕووی گفت‌وگوفتار بەڵکو لەمەیدانی کردەوەدا نیشان ئەدرێت. لەئێران ماوەی خەباتی خوێناوی گەلی ئێران دژی ئیستعمارو شاو نۆکەرەکانی ڕێگای پەرلەمانتالیزم تەنیاوتەنیا بەڕێگای خەبات ئەژمێردرا چ بۆ "جەبهەی میللی"و چ بۆ "ح.ت" ئێران وەچ بۆ حیزب‌و دەستە سیاسیەکانی تر. لەو ڕێگایەدا تەنیا" جەبهەی میللی" بەڕابەرایەتی موصەدەق توانی بەقەول‌وقەراری خۆی عەمەل بکات‌و بیروباوەڕی خۆی وەدی بهێنێ بەسەر ئەو ڕێگەیەدا بەحکومەت بگاو نەوتی میللی بکا هەروەها ئیستعمارو شاو هەیئەتی حاکمەی تاران وەهانکەهانك بخاو نیوە گیانی بکات."جەبهەی میللی" گەرچی بۆماوەیەك توانی گەلێك کاری شۆڕشگێڕانە بکات بەڵام توانایی ڕاگرتن‌و پاراستنی ئەو هەنگاوە بەرزو شۆڕشگێڕانەی حکومەتی میللی دکتۆر مصەدەق نەبوو.

گەورەترین کۆسپ‌و بەرهەڵستی لەم بابەتەوە دوبەرەکی‌و ناکۆکی لادانی بەڕێوەبەرانی ح.ت ئێران لەگەڵ جوڵانەوەی ئازربایجان‌و ئەوانیش لەحەیاتی بەربەستی لەپەلاماری ئەو دوژمنە هاوبەشی بکەن‌و ئەم لەپشتی جەبهە زەڕەباتی یەوە بەشێوەی تێکدەرانەو سابوتاژ لەدوژمن بدەن خۆیان خستبوە گوێی گاو چونەناو خەونی سەرەمەرگەوە بەو مانایە متەقیان لەخۆیان بڕیو هەتا بەناوی نارەزایی بیروباوەڕی " شۆڕشگێڕانەو دیموکراتیانەیان" دەرنەبڕی ئابەو جۆرە لەودەمەوە تائێستا شاو ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستان‌و دوژمنانی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێرانیان بەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلەکانی ئێراندا (.) قوام السلطنة بەڕیشی موبارەکی هاوپەیمانەکان‌و مۆسکۆ- تاران پێدەکەنی.



خوڕەوشتی سەرۆك‌و سەرانی ئەو جۆرە حیزبانە لەمەڕ "ئەودست ئەودەست کردن" بۆ وەشاندنی زەڕبەو "خۆگونجاندن"و "خۆدەرخستن" لەکاتی هەڵکەوتی شۆڕشگێڕانە لەپاشەڕۆژەکانی داهاتودا یانی ڕۆژانی ڕەش‌و تەنگانەی" کودەتای ٢٨ مرداد"دا ڕوناکترو ئاشکراتر وەدی هات.

## نەخشی شۆڕشگێڕی پێشەوا بارزانی

پێویستە بزانین کەهەر لەو کاتانەدا بوو کەقەومی بارزان لەکوردستانی گەرمیان بەڕابەرایەتی پێشەوا بارزانی مستەفا لەقۆناغی خەباتی چەکدارانەی خۆیان بۆناو کوردستانی کوێستان گواستبۆوە پاش ئەوەی کەتەجروبەی خوێناوی‌و پڕ لەشانازی ئەوان دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزو حکومەتی شای بۆگەنی‌و- تۆپیوی عێراق لەکاتی پێویست‌و تەنگانە ح.د.ك بەکاری نەهێنا. بارزانیان بێئەوەی چەك دانێن بەسەر بەرزی‌و ژیری‌و گورج‌وگۆڵی دەستیان بەکشانەوەیەکی چەکدارانەی شۆڕشگێڕی بۆلای یەکێتی شورەوی کرد کەنەتەنیا چەك‌و تەواوی هێزی حکومەتەکانی ئێران‌و عێراق‌و تورکیاو فڕوفێڵی ئیستعمار نەیتوانی بەرهەڵستیان بکات بەڵکو گشت پسپۆڕەکانی سیاسی‌و جەنگی دوونیا لەدۆست‌و دوژمن لەمەڕ بەرزی بیروڕاوێژی چەکدارانەو شۆڕشگێڕانەی بارزانیان‌و پێشەوا مستەفا بارزانی کۆڵنەدەر سەریان تێدا سووڕماوە.

بەوهۆیەوە نەتەنیا ئابڕو شەرەفی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کوردیان کڕیوە بەڵکو دەرسێکی مەزنی مرۆڤایەتی‌و بەرهەڵست‌و سەربەرزی بوو، بۆهەموو تێکۆشەرانی خەبات کەری گێتی.

ئەو کردەوە شازو پڕ لەقارەمانێتیە بۆتە ئالای سەربەخۆیی بیروباوەڕی نەتەوەی کوردو بەو پەندە قووڵ‌و جوامێرانەیە نەتەوەی کوردی بەدونیای ڕاگەیاند کە: " پۆلێکی سیاسی‌و چەکداری یەکگرتوو،

ژێرو پێـەو لـەژێر سێبەری بیروڕاوێـژی مرۆڤێکـی فیکـری‌و جـەنگی ئـەو توانی نەتـەنیا لەگەڵ لەشکرێکی پڕچەك‌و چۆڵی دەوڵـەتێك بەربـەرەکانی بکات‌و ڕوسووڕو سەربەرز سەرکەوێت. بەڵکو توانای ڕوخاندن‌و تێکدانی ئەو حکومەتانەشی هەیە کەبە هەموو چەك‌وچۆڵ‌و تفاق‌و پارەیەك لەلایـەن دەوڵەتە گەورەکانی ئیستعماریش یارمەتی بکرێن.

بەڵام زۆر لەسـەرۆك‌و ڕابـەرانی ئـەحزاب‌و دەستە سیاسیەکان کەلەمـەڕ بەهەڵەچوون لەسەر بیروباوەڕی ناوخۆوە لادان لـەڕێبازی کردەوەو عەمـەلی شۆڕشـگێڕانەو چـەکدارانەو لـەڕۆژو کـاتی تەنگانـەو پێویستدا دەسـتەو ئەژنۆ لەدوژمن ڕادەمێنن. داماوو کەساس‌و "بەستەزمان"و "حەپەساو" و خۆیـان بـۆ گـەل‌و حیـزب بێکـەڵك‌و سـوود دەهێڵنـەوە لێـرەدا، پێویسـتە بەسـەربەرزیەوە بڵـێین کەزۆربـەی ئـەو هەڤاڵانـەی کەلـەماوەی حەڤدەسـاڵی ژیـانی ڕابـردووی حیزبمـان خـاوەن بیروڕاوێـژێکی ژیروپێـەو، خـاوەن مەسئولیەت‌و ئەرك‌و خاوەن قەڵـەم‌و دڵ‌وەدەرونێکی خاوێنی مرۆڤایـەتی‌و کوردایەتی بوون. لەماوەی ئەو ١٩ساڵەی خەباتدا. بیروکردەوەی سەرۆکی فیکـری بارزانیـان لـەیاد نـەکرد. هـەر ئەوانـەی ئـاڵای: یـەکێتی، خـەبات، سـەربەخۆیی‌و دیموکراتیـان لەدەسـت دوژمـن ڕفانـدو کـوڵان بـەکوڵان. شاربەشـارو پایتـەخت بەپایتـەخت لەسـەر شان‌وشـەپیلکی خوێنـاوی خۆیـان ڕاگـرت‌و پاراسـتیان تاگەیاندیانـە سـەر لوتکـەی شـاخەکانی زاگرۆس‌و لەناو دڵ‌وەهەناوی دووهەمین کۆنگرەی ح.د.ك بەرزیان کردەوە.

لـەناو نوێنـەرانی کـۆنگرەدا. کـەم نـەبوون ئەوانـەی کەلـە زینـدان‌و ڕەشەچـاڵەکانی تـاران وەك" قـزڵ قـەڵا" و "لەشـکری دووی زەرهـی" و "قەصری قاجار" جەزرەبەو ئەشکەنجەو چەرمەسەریان کێشابوو هـەزاران کۆسـپ‌و کـوێرەوەری‌و هەڕەشەوگوڕەشـەی دوژمـن سـەربەرزی‌و ژیـری‌و بیروباوەڕی مرۆڤایەتی‌و کوردایەتی وانی تێك شکاندبوو.



## لادانی کۆمیتەچیەکانی حیزبی تودەی ئێران.

هەروەها لەکۆنگرەدا کەم نـەبوون ئـەو نوێنەرانـەی کەبـەبیرو کـردەوەی خۆیان شاهیدی زیندوی لادان‌و بەهەڵە چوونی سەران‌و ڕابـەرانی حیزبی تودەی ئێـران لـەدەوری هاتنـە سـەرکاری حکومـەتی ڕەشـی" ڕەزم ئـارا" و بەربەرەکانی لەگەڵ دروشمی "میللی کردنی نەوت" و تورهەڵـدانی نفوزی ئـابوری‌و سیاسـی ئیسـتعمار ئینگلیـز لـەنێوان "دکتـور محمد مـصدق" و هاوڕێ‌و هاوخەباتەکانی وی لـە" جەبهـەی میللی" یان دەکرد. وەلـەکاتی تەنگانـەو گرنگـی مێـژوویی‌و نەتەوایەتیـدا بـەدروشمی چـەوت‌و چـەپەڵ‌و نالـەبار ئاوایـان بەکورگـەی ئاشـی دوژمنـانی سـوێندخۆری نەتـەوەکانی ئێراندا دەکرد.

لەکاتی گرنگدا کەدکتۆر مصەدەق بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ میلیتاریزم‌و دیکتـاتۆری لەتـەواوی حیـزب‌و دەسـتەکانی سیاسـی لـەناو "مەجلیسـی شورای میللی" دا داوای دەکرد کەهـەموو لەڕێگای خـەباتی نیشتیمانی یەك بگرن. زۆربەی سـەرانی ئـەو حیزبـە لـەباتی تێکـەڵبوون‌و خۆتێکێشان لەخـەباتی گـشتی نەتـەوەکانی ئێـران گوێیـان بـۆ زرم‌وهـوڕی چـەکمەی دیکتاتۆری " ڕەزم ئارا" شل کردبوو. هەر ئەو لادانە ڕابەرانی ح.ت ئێران لەکۆنگرەی ٢ هەمی حیزبی تودە بەکەم‌وکورتی بڕیاری لەسەر درابوو بو بەهۆی هەڵوێستێکی چەوت‌و نەوایەتی ئێران، بەسـەرۆکایەتی موصـەدەق بوو ئەو حیزبەی کەچەندییەتی کۆمەڵایەتییەکی باشی پێك هێنابوو. بەڵام لەمەڕ چۆنیەتی شۆڕشگێڕانەی حیزبی داماو کەساس کـەوتبوو و لـەڕۆژی تەنگانەو پێویستدا شعوروفامی دیتنەوەی ئەو ".... ئاڵقەزنجیرەی کەبە هـۆی وەدەسـت هێنـانی ئـەو. تـەواوی لەشـی زنجیرەکـە ڕادەکێـشرێت..." نەیان بوو.

## مەسەلەی جوتیارو گیروگرفتی ئەرزی.

کۆنگرەی لەسەر وەزعی ڕەش و ناکۆك و ژیانی نالەباری جوتیارو توێژە زەحمەتکێشەکانی لادێ بڕیاری‌دا کەگۆڕانی ژیانی تاڵ و پڕ لەنەگبەتی ئەوان پێویستە بەبیروڕاوێژێکی تێبینانەی زانستی چارەبکرێت.

زەوی‌وزارو ئاووبەرهەم. بەبێ هێزی باسك و کوێرەوەری جوتیارو ئارەقەی نێوچاوانی وی. هیچ کەڵك و سوودێکی لێ وەرناگیرێ، "دەرەبەگی" کەنیشانەی پاش کەوتویی و چارەڕەشی ئەبێ لەبنەڕەت ڕا هەڵقەندرێت ڕیفۆرمی (ڕواڵەت) ئەرزی کەنێوی "اصلاحاتی ئەرزی" لەنێو ئێراندا کراوەتە ڕاوێژوباو.

شێوەیەکی "ئالۆز" و تێکدان و هەڵوەشاندنی پەیوەندی زاڵمانەی نێوانی "ئەرباب" و "ڕەعیەت" لەئێراندا بەدەست تاقمێکی ناڕازی و ئیصلاح خواز پێشنیارکرا بۆ دامرکاندنی دەماری خەباتی شۆڕشگێڕانە لەناو جوتیاران و زەحمەتکێشانی لادێکانی ئێران. فئودالیزم و دەرەبەگی گەورە کەلە ئێران پاڵ‌وەپاڵی حکومەتی شاو ئیستعمار داوە وەخەتێك ژیان و ئاغایەتی خۆی لەمەترسی‌دا دیت دەستی بەفڕوفێڵ و بەرهەڵست کرد تاگەیشتە ڕادەیەك کەبە یارمەتی شاو ئیستعمارو بێ‌هێزی خەڵك توانی ئەرك و تەقەلای ئەو تاقمەیەی کەڵك و سوود بکا و لەزۆربەی جێگاکان نەتەنیا لەشوێنی داندراوی خۆی لای‌دا بەڵکو بۆ سەرکوت کردن و ئاژاوە نانەوە (لە–ناوخان و دەرەبەگەکانی قەشقایی و بوێر احمدی و مەسەنی لەفارس)و دووبەرەکی و تەفرەقەی سیاسی (لەناو خان و دەرەبەگەکانی کوردستان)و هەروەها بۆ سەرخستن و لاواندنەوەی دەرەبەگەکانی (ذوالفقاری لەزەنگان) نەخشەی شەیتانی خۆی عەمەلی بکات بێ‌ئەوەی کەتوێژی جوتیار بەئاواتی خۆی بگات. لەهەندێ جێگا



کەزۆر بەکەم‌وکورتی بەشێوەیەکی وەپاش کەوتوو پارچەزەوییەکیان بەسەر جوتیاردا دابەش کردووە لەبەرئەوە کەخۆی ئازاد نییەو لەژێر سێبەری حکومەتێکی دڵسۆزو نیشتیمانی‌دا نییە هیچ دواڕۆژێکی ئەمین و ئاراوم و بەختیارو کامەران شك نابات.

شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە دابەش کردنی زەوی زارو لەبەین بردنی پەیوەندی زاڵمانەی "ئەرباب" و "ڕەعیەت" کەبۆ ح.د.ك لەپێشدایە بەلێکدانەوەیەکی قووڵ ووتی بینێکی نەتەوایەتی بەستراوەتەوە بەڕزگاری سەرزەمینی کوردستان لەدەست داگیرکەرو چەوسێنەرو گەڕانەوەی زەوی‌وزار بەخاوەنی ئەسلی کە ٩٠٪ دانیشتوانی کوردستان پێك دەهێنن و ئەو لە ٩٠٪ ڕەگ و پێست و لەش و خوێن و ئێسکی حیزبی دیموکراتی کوردستان یان پێکەوە ناوە.

کۆنگرە دەری بڕی کەتەنیا حزبێکی شۆڕشگێڕ بەهۆی دامەزراندنی حکومەتێکی دیمکراتی ڕاستەقینەی نەتەوایەتی ئەتوانێ ئاساری زوڵم‌وزۆرداری کەهەزاران ساڵە باوە لەبین ببا جوتیار وەرزێری کورد خاوەن زەوی‌وزارو سەربەخۆو ئازادو بەختیار بکات.

ئاغاوەت و عەشیرەتە نیشتیمان پەروەرەکان پێویستە تاگەیشتن بەحکومەتێکی دیموکراتی و نیشتیمانی کورد. هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بەڕێوو شوێنی سیاسی و ئابوری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکردەوەو کردار لەئاست چینی زەحمەتکێش و کوێرەوەری کێشی دێهات ڕووناك بکەنەوەو خۆیان نەکەنە داردەست و وەرگێڕکەی حکومەتی بۆگەنی شاو ئیستعماری رزیوی بێگانە.

حزبی دیموکراتی کوردستان لەجیاتی "اصلاحاتی ئەرزی" بێ‌جێ‌و ڕێشا"شۆڕشی ئەرزی" یانی ڕزگاری یەکجاری و پتەوی خودی جوتیارو سەرزەمینی بن پێی جوتیارو گشت دانیشتوانی کوردستان دەخاتە

بەرچاو. هەروەکی ئەوڕێبازە لەپرۆگرام (مەرامنامە)ی حزبماندا بەجۆری خوارەوە دەنوسێت:

"...حزبی ئێمە سوودیخۆی لەوەدا دەزانی کەلەڕێگای خەباتو ڕزگاریکوردستان لەخانو خاوەن مڵکەکانی بەشەرەفو کورد پەروەر بگیرێتەوە کەپشتی "حکوومەتی تاران" بەتەواوی بەردەنو بەدڵێکی خاوێنو بیروباوەڕی کوردانەوە خۆیان لەباوەشی دایکی نیشتیمانو ڕێبازی کوردایەتی بهاوێژنو پاڵو پاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبی ڕزگارکەرو شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد بدەنو دەستی خەباتی ئەندامانی حیزب لەدەست گرنو بۆ ڕوخاندنی ئیستعمارو " حکومەتی تاران" لەکوردستانو سەرتاسەری ئێران هاوخەباتی حیزبمان بن جابۆیە ح.د.ك لەمەڕ ئیصلاحاتی ئەرزی لەکوردستان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتیو زانستی کوردانە هەنگاو هەڵدەهێنێ.

ح.د.ك لەسەر ئەو بیروباوەڕەیە کەزەویوزارو کشتوکاڵو داروەدەوەنو ئاووکانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردەو مافی ڕەنیوهێنانو دابەشینی ئەرز بەتایبەتی لەمافە تایبەتیە هەرەگرنگەکانی حکومەتی دیموکراتی کوردە کەبەهۆی بەڕێوەبەرانی ح.د.ك وە وەدیدێت.

ئەوکاتەیە کەحاکمەیەتی نەتەوایەتیو حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرزو ئاو وزەویوزارو دارودارستان دا دەبەشێت.(مادەی ٣٩- بەندی نۆهەم - بەشی شەشەم).

## لەمەڕ ناوەندیەتی حیزب.

کۆنگرە دەری بڕی کەبەهۆی فشارو گرتنو بڕینو نەبوونی هەلوفرسەت ح.د.ك نەیتوانیوە کۆنگرە پێك بێنێتو خاوەن مەرکەزییەتێکی قانونی هەڵبژاردەی کۆنگرە یانی کۆمیتەی ناوەندیو



خاوەن قانونو یاسای حیزبی یانی پرۆگرام ببێت. هەر بەو بۆنەیەشەوە ح.د.ك دوچاری گەلێك لادانو بەهەڵەداچوونو گێرەشێوێنی ئەندامانو هێندێك لەکادرەکانی خۆی بوە: "چەپ گەری" و"ڕاست گەری" سەردەمانێك ناکۆکیو نالەباری لەناو حیزب خستبۆوە. ڕابەرانی حزب هەر گیروگرفتو دەرچوون لەشوێنی خۆیانو بەندنەبوون لەجێگایەکی تایبەتیو هەروەها دەربازبوونی هەندێك لەهەڤاڵانی ڕابەر بۆ ناوچەی ترو گواستنەوەی قۆناغی خەبات. جاروبار بۆتە هۆی شێوەیەکی کاری فەردی.

بێجگە لەکەموکوڕی سازمانیو گیانولەشی حزب لەلایەن دوژمنانی جۆربەجۆرو ڕەنگ بەڕەنگ. وەبەرشاڵاو لێدان دراوە لەلایەك ئیستعمارو حکومەتی ((شا)) بۆ تێکشکاندنی لەشی ح.د.ك زۆربەی فشاری دڕندانەی خۆی لەڕێگای جەزرەبەی زیندانو کوشتنو بڕینو جاسوسیو .... بەتەواوی هێزە ڕەشەکانی خۆیان ویستویانە لەشی حیزبی ئێمە زامارو بریندارو درماوی بکەن.

لەلایەکی ترەوە دوژمنانی بیروباوەڕی حیزبی بەپڕوپاگەندەو درۆودەلەسەو کڕینو بەهەڵەبردنی هەندێك ناسراوی ڕووڕەش کەوەختی خۆی بە"گرنتیك" سەری خۆیان بۆ خزمەتی سازمانی" ئەمنیەت" شۆڕکردەوە. وەلەکاتێکدا هەم لەتورەکەیان دەخواردو هەم لەئاخوڕ .وەگەلێك کارەساتی دیکە. ویستویانە گیانی حیزبی ئێمە دووچاری مەترسیو ئازارو عەزاب بکەن. وەبۆ تێکدانی ڕیزی حزب لەهیچ گێرەشێوێنیەکی چەوتوچەپەڵ کۆتاهیو دریغیان نەکردوە.

ئەو دوو چەشنە دوژمنانە گەرچی لەدوولاو لەلایەن دووتاقمی ناجۆر لەگیانولەشی حزب بەردرابوون بەڵام مەبەستو ئامانجی هەردوکیان

لەناوبردن و کوژاندنەوەی ئاگری خەباتی ح.د.ك بووە. کەئەو ئاواتەی خۆیان دەبەنە بن گڵ و ژێر قەبری.

کۆنگرە بڕیاری" لێبوورین و بەخشینی" ئەو تاقمە کوردپەروەرانەی دەربڕی کەهەست و دڵ وەدەرونی بیروباوەڕی کوردایەتیان پاك ماوەتەوە. بێجگە لەوکەسانەی کەبە جاسوسی و خیانەت دەستیان ئاڵودە کردوە. ڕێگای گەڕانەوەو لێبورین بۆ ئەو دەستە کوردپەروەرانە کراوەتەوە کەپاش دەربڕینی پەشیمانی و هۆی بەهەڵەچونیان لەکارەساتەکانی ڕابردوو بەدڵ وەدەرونێکی خاوێن و بیروباوەڕێکی تازە خۆیان لەباوەشی ح.د.ك باوێژنەوە.

## مەسەلەی نەتەوایەتی

کۆنگرە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی و بەرژەوەندانە و تێبینێکی زانستی دوا، نەتەوەگەری و زوڵم وزۆرداری نەتەوەیەکی بەدەسەڵات و لەسەرحوکم بەسەر نەتەوەکانی تری ئێران (کەلەمەڕ سەرزەمین و عەرد هاوبەشێکی گرنگیان هەیەو هەرکامیان خاوەن زمان و مێژوو خوڕەوشت و لیباس و ئاکارو سوننەتی تایبەتین) لەمێژ زەمانەوە لە"ئێران" باو بەردەوام بووە. "انقلابی مشروطیت" تەنیا مەبەستی تێکدان و سەرنوخونکردنی پاشایەتی قاجار نەبوو، بەڵکو هەڵوەشاندنی دەسەڵات و زۆرداری حکومەتی "مەرکەزی" یانی ئاغایەتی نەتەوەی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی تری خستە بەرچاو، بەڵکو داوای هاوبەشێکی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی لەناو حکومەتی تاران دا دەکرد، (بۆ ڕێكوپێك خستنی حکوومەتێکی دیموکراتی و برایەتی هەموو نەتەوەکان لەمەڕ کاروباری سیاسی و جەنگی و...هتد) هەروەها سەربەخۆیی نەتەوەو قەومەکانی "ئێران" کەبریتی یە لە"ایالت و ولایت" بوون. بەشێوەیەکی گرنگ خرایە ناو قاڵبی قانونەوە بەناوی "قانونی



اساسی ئێران" هەروەها مەبەست لەمافی هێنانە سەرکاری " ئەنجومەنی ایالتی و ولایتی" لەقانونی ئەساسی کەبەرهەمی خوێناوی "انقلابی مشروطیت"بوو، وەدیهێنانی ئەو ئاواتە مەزنەی سەرەوە بوو کەلەناو دەوڵەتەکانی ئەوروپادا بە AUTODETERMINATION , AUTONOMIE لەقەڵەم دراوە.

پاش لەناوچوونی بەرهەم و سەمەری "انقلابی مشروطیت" بەتایبەتی دوای کۆتای١٢٩٩ هێنانە سەرتەختی پاشایەتی ڕەزاخان بەدەست ئیستعمار، نەتەنیا نەتەوەکانی کورد و ئازربایجان و عەرەب. بەڵکو خودی نەتەوەی "فارس" کەبناغەی زۆرداری و دیکتاتۆری پاشایەتی لەتاران لەسەر سنگی ئەو دامەزراوە، نەتەوەکانی تری دەچەوساندەوە، دوچاری ڕوڕەشی و کەساسی و زوڵم و زۆری کرد.

شاو هەیئەتی حاکمەی تاران کەچڵکاوخۆرو نۆکەری ئیستعمارن، نەك گوێی خۆیان بۆلەکار خستن و وەدیهێنانی ئەو بەشە گرنگەی "قانونی ئەساسی" شل کردوە، بەڵکو بەتەواوی هێزی ڕەش و فروفێڵ لەهیچ بووختان و ساختەچیەتی و گێرەشێوێنی لەم بارەوە گوناهی ناکەن.

ڕوودانی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کوردستان و ئازربایجان لەساڵانی ٢٤-١٣٢٥ . بێزاریان نیشان دان وەدەربڕینی هەستوقینی نەتەوەکان دژیدیکتاتۆری شاو حکومەتی تاران بوو.

بۆیەکەمین جار لەئازربایجان و کوردستان بەگوێرەی "قانونی ئەساسی" دەستیان کرد بەوەکارخستنی "ئەنجومەنی ایالتی ولایتی" وە وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی بەمانای AUTONOMIE (ئۆتۆنۆمی).

بەڵام، هەموو شاهیدبووین کەحکومەتی شاو ئیستعمار بۆ پارستنی تالان و خوێن مژی خۆیان. چ بەزم و ڕەزمێکی خوێناوی و دڕندانەیان گێڕا، وەحازر نەبوون مافێکی نەتەوایەتی کەدەیان ساڵ لەمەوبەر بەهێزی

چەكدارانەو شۆڕش و گەلەكانی ئێران قانوونی كرابوو، مەبەستی مافی (اتونومی - خودمختاری) بەشكرایی و ڕووناكی تێدا گونجاندرابوو، بێننە دی.

پێویستە سەرنج بدرێت كەحكومەتی شاو ئیستعمار، نەك تەنیا لەم بابەتەوە، بەڵكو بۆبەشەكانی تریش لە "قانونی ئەساسی"نرخی بەرزەگایەكیشی بۆ قایل نەبوون.

وەختایەك حكومەتی میللی مصەدەق بۆ پاراستنی مافی گەل و حكومەتی خۆی (بەگوێرەی "قانونی ئەساسی" كە دەڵێ " شا حەقی نیە حكوومەت بكا. بەڵكو تەنیا حەقی شایەتی هەیە.وەسەرۆك وەزیر لەبەرامبەر مەجلیس و قانون دا ئیٚپرسراوە وەمەسئولیەتی هەیە. شایەتی مەقامێكی تەشریفایەتیەو تەواوی وەزیران لەبەرامبەر سەرۆك وەزیردا مەسئولن نەك لە موقابل شادا..") بیروباوەڕو كردەوەی خۆی بەدەرخست. هەموو دونیا شاهیدبوون كەئیستعمارو شا چڵكاوخۆرەكانی كارەساتێكی خوێناوی و چەوت وچەپەڵیان بەسەر حكومەتی میللیدكتۆر مصدق و گەلی ئێران هێنا.

جالێرەدا بەباشی و گرنگی ڕوون دەبێتەوە كە: هێنانەسەركاری حكومەتێكی دیموكراتی لەئێران بەستراوەتەوە بە وەدیهێنانی مافی نەتەوەكانی ئێران وەئەو دوو مافە لێك ناپسێندرێتەوە.

ئەگەر هاتوو بەچاوێكی زانستی و كۆمەڵایەتی لەو بابەتە بڕوانین بەباشی دەرئەكەوێ كەپاش دامەزراندنی حكومەتێكی یەكگرتووی نەتەوایەتی و دیموكراتی لەئێران، فەرزو پێویستە كەتەواوی ئەو هەرێم و بەشانەی ئێران بەكوردو فارس و ئازربایجانی و عەرەب بەگوێرەی هەڵوێست و وەزعی تایبەتی نەتەوایەتی: -(كەبریتییە لە: هاوبەشی زمانی و مێژوویی هاوبەشی ژیانی ئابوری و كۆمەڵایەتی- هاوبەشی سەرزمین وعەرد - هاوبەشی ئاكارو سوننەت و كارو خەباتی نەتەوایەتی...)ئەی مافی حوكم دانان و حوكم كردنی ناوخۆیی- مافی



دانانی یاساكانی ئابوری و كۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و..هتد - بەسەربەستی و سەربەخۆیی نەتەوایەتی وەدی بێت.

هەروەها مافی هەڵبژاردنی ژمارەیەك لەنوێنەرانی ژیرو تێگەیشتوو خاوەن بیرو ڕاوێژ لەهەر نەتەوەیەك بۆ دانانی پارلمانێكی خۆ وڵاتی و حوكم ڕەوای نەتەوایەتی. چ بەنێوی حكومەتی ئوتۆنۆمی و چ بەنێوی حكومەتی فیدراڵی(یەكگرتوو) كاروباری سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و....نەتەوەی خۆی بەڕیوەبەریت. هەروەها نوێنەرانی تایبەتی ئەو نەتەوانە لەحكومەتی مەركەزی و لە"پارلمانی گشتی نەتەوەكان" بەشدارو خاوەن مافی تایبەتیبن.

ڕێگای ڕزگاری و خۆش بەختی و بەرزێتی"ئێران" و تەواوی ئەو وڵاتە زڕنەتەوانە( كثیر الملە)بەلێك دانەوەو حەل كردنی "مەسەلەی میللی" بەو شوێن و ڕێبازە گرنگانەی ح.د.ك بەستراوەتەوە كەلەمادەكانی ٤و٥ پرۆگرام دا بڕیاری لەسەردراوە.

جابۆیە ح.د.ك لەكۆنگرەدا بۆی وەدەركەوت لەمەڕ وەدیهێنان و ڕووناك كردنەوەی ئەو حەقیقەتانەی سەرەوە. ئەبێ لەتەواوی حزب و دەستە سیاسیەكانی پێشكەوتوو. وەلەگشت گەلەكانی ئێران بگێڕێتەوەوداوا بكاكە: لەپێناوی پەیوەندیەكی پتەو وبنەڕەت داری نیشتمانی. وەتێبینی و بیروڕاوێژێكی دونیا پەسند- دەستی شۆڕشێكی چەكدارانە بدەنە دەست یەكترو لەڕێگای هەڵوەشاندن و تێك وپێكدانی بناغەی زوڵم وزۆرداری حكومەتی ڕەش و چەپەڵی شاو ئیستعمار. هەل وفرسەت لەدەست نەدەن.

**دووهەمین كونگرەی حزبی دیموكراتی كوردستان**

**كۆمیتەی ناوەندی**

**سەرماوەرزی ١٣٤٣ ( نوامبر ١٩٦٤ )**

## پاشبەندی ژمارە (٣)

### بەیانێکی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمەڕ چۆنیەتی وەزعو کارەساتە خوێناوییەکانی کردەوەکانی دیکتاتۆری شادا

تاقە پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکەمان ((حیزبی دیموکراتی کوردستان)) کەحیزبێکی عیلمی شۆڕش بووەو ڕابەریکەری ڕاستەقینەی کۆمەلانی خەلکی کوردستانە بەتایبەتی باربوارو بەدیهێنەری داخوازیە بنەڕەتیەکانی چینە چەوساوەو ڕەنج کێشەکانەو دامەزرێنەری کۆماری میللی کوردستانەو هەمیشە وەك قەلایەکی نەڕوخ لەمێژووی ژیانی سیاسیی‌دا لەکۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا بەردەوامو هۆشیارانەتر لەجولانو گەشەو پەرەپێدراو پێشکەوتنی زانستی کۆمەلایەتی بەرەو پێشەوە هەنگاوی هەلهێناوەتەوە لەپێناوی سەرخستنیو پێشخستنی مافەکانیو نیشتیمانیو دیموکراتیەتی خەلکەکانی ئێران دا.

حیزبمان.. بەپێی خەسلەتو هەلوێستی واقیعی شۆڕشگێڕانەی زۆرچالاك و هۆشیارانە بەئەرکی ڕاستەقینەی ڕێبازی لەبارەی ڕوداوو کارەساتەکانی گرنگی بزوتنەوەی گشتی گەلانی ئێران بۆبەدیهێنانی شیعارەکانی دیموکراتیکی هێزەکانی شۆڕشگێڕ ڕاپەڕیوەو بەسەدان دلسۆزو ئەندامی تێکۆشەرو هەلکەوتوی لەو ڕێبازە شۆڕشگێڕانەدا توشی سزاو ئازاردانی جۆراوجۆر بەتایبەتی لێدانو گرتنو ئیعدام هاتون. هەروەها ئێستاش زیندانەکان ئاخندراون لەڕۆلەکانی نیشتمانیو لەژێر دڕندانەترین شێوەی حوکمی تیرۆری قەرەقوشی نیزامیو ساواك دا بە چاوەڕوانی مەرگەوەڕا گیراون کەزۆربەیان جوتیار. کرێکار. قوتابی. مامۆستایانی نیشتمانیو ئاینین.



کۆمەلانی خەلکی کوردستان بۆپاراستنیانو بەدیهێنانو پێشخستنی پێداویستیەکانی ژیانی کۆمەلایەتی وەهەروەها پشگیریو بەرگری لەتالانو کاولیەتی ولات و ڕامالینو پلیشانەوەی دەستەلاتی خوێنمژانەی کۆنەپەرستان بەداگیرکەرانو ئیمپریالیزمیشەوە هەرگیز لەخەباتی شۆڕشگێڕانە ڕانەوەستاوە.

سەرەڕای پیلانو فروفیلو پەلاماردانی خوێنڕێژانەوە هەلی تیرۆری قەرەقوشی دامودەزگاکانی سەربازیو جاسوسگەری هێزەکانی دوژمن ڕێکخراوە بەنیازی بەرهەلستیو دامرکاندنەوەی شەپۆلی بەتەوژمی بزوتنەوەو ڕاپەڕینەکانی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتیشمانەوە. جگە لەهەلوێستی گێرەشێوێنانەی خائینانەی هەلپەرستیش بۆ ئامانجەکانی تایبەتی لەژێر چاودێریو هەلوێستی بارزانی‌دا بۆ بەهەلەدانو شێوانو تێك دانی ڕێبازو هەلوێستو ڕاستەقینەی بزوتنەوەی ئازادیخوازانە بەتایبەتی بوونی سەربەخۆیو پرستیژی پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکەمان کەڕاستەوخۆ یاریدەدەری پیلانەکانی ئیمپریالیزمو پەیمانی سنتویە لەدژی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی پێشکەوتوی ڕۆژهەلات بەگەلی کوردیشەوە.

بەلام بەپێچەوانەی نەخشەکانی ئیمپریالیزمو شای خائینو خوێن ڕێژو هێلانەی پیلان گێرانو مەزهەرو پارێزگاری ڕژێمی دەرەبەگیەت هەروەها ڕاگیرگەری سەنگەرەکانی ئیمپریالیزمیشەوە زۆتر خەلکەکانی ئێران خەباتو تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەیان ڕێكوپێكو پتەوتر ڕێك دەخەن بۆ پێشەوەو کلپەوبلێسە هەلدەگیرسێنێ بۆ پێکەوە تێك گرێدانو یەکخستنی خەباتی هاوبەشی وەپێکهێنانی بەرەی یەکگرتوی نێوانی هێزەکانی واقیعی گشتی لەپێناوی بەدیهێنانو سەرخستنی حکومەتێکی شۆڕشگێڕی ئیئتلافی نەتەوەکانی ئێران بەسەلماندنو

چەسپانی حکومەتی (خودموختاری) کوردستانیشەوە. سەبارەت بەو ئامانجەشەوە بەزەبری کوشتو بڕو هەڵی تیرۆری خوێن ڕێژانەو هێرشو سیاسەتی فاشستی گەڕانەوە هەرجۆرە داخوازی بزوتنەوەیەکی حەق خوازانای گشتیو تایبەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەلافاوی خوێن هەڵدەکێشن هەربەو هۆیانەشەوە مل هوڕانە خەباتی چەکدارانەیان سەپاند بەسەر خەڵکی کوردستاندا لەپێناوی پاراستنی شەرەفو گیانو پرستیزو بەدیهێنانی مافەکانی دیموکراتی گشتییە.

هەڵگیرسانو پارستنو پێشخستنو سەرکەوتنی شۆڕش بەپێی قانونەکانی عیلمی کۆمەڵایەتی وەمەرجەکانی تایبەتی گۆڕینی کۆمەڵ وەعەمەل هێنانی توانای تەتبیق کردنو زانینو تێگەیشتنیان دەتواندرێت بەئامانج بگات. شۆڕشی ڕاستەقینە ڕزگاریکەرو پێشخەری ژیانی کۆمەڵایەتییە هەروەها ڕوداوێکی گرنگی کۆمەڵایەتییشە کەمەرجەکانی هەڵگیرسانو سەرکەوتنی لەناو کۆمەڵدا پێدەگات. شۆڕش لەپێش هەموو شتێکدا پتر خەباتێکی سیاسییە نەک نزامی واتە لەجەوهەردا درێژەپێدانی سیاسەتە بەجۆرێکی چەکدارانە بۆ بەدیهێنانو سەرخستنی ئامانجەکان.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ئەم جارەشمان کاکڵەو پوختەی ئاڵقەی زنجیرەی ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی تری خەڵکی کوردستانە هەروەها پێکەوە لێک گرێدانو هەڵکێشانو نەپساوەی بزوتنەوەی شۆڕگێڕانەی خەڵکەکانی ئێرانیش بەتایبەتی مەزهەرو سەرچاوگەیەکی بنچینەییە بۆ خەباتکەرانی ڕاستەقینە لەپێناوی ئامانجەکانی گشتیو تایبەتی نەتەوەکانی ئێران بەگەلی فارسو ئازەرو عەرەبەوە هەروەها ڕاستەوخۆ هاوپشتو یارمەتیکەری گرنگو بەهێزە بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات لەخەباتی شۆڕشگێڕانەیاندا لەدژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم. هەربۆیەشە ئەرکی



گرنگو پێویستی هێزەکانی شۆڕش گێڕی جیهانو گەلانی ڕۆژهەڵاتە بەهەموو هێزوتواناوە چالاکی بنوێنن بۆ یارمەتی پشتیوانی کردنی مادیو مەعنەوی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕەکەمان کەمەزهەرێکی بوژانەوەو گەشەپێدانو یەکخستنو بەگڕوجۆش دانەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گشتی خەڵکەکانی ئێرانیشە.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی (.) چۆنیەتی هەڵی تایبەتیو گیروگرفتەکانی ڕێبازی خەباتی کوردایەتیو (.) خەباتی سیاسی بۆیان ساغو یەکلا بۆتەوە تەنیا بەخەباتی چەکدارانەیە ئامانجەکانی ڕاستەقینەکانی خەڵکی بەتایبەتی جوتیارانی کوردستان بەدڵوگیان پێشوازیو پاڵپشتی بزوتنەوە چەکداریە شۆڕشگێڕەکەیان وەلەپێناویدا فیداکاریو چالاکی دەنوێنن. چۆنیەتی ئەهەمیەتە گرنگەکانی ئەو ڕاپەڕینە چەکدارە شۆڕشگێڕییە کەبۆ بەرگریو بەگژداچوونو ڕاماڵینی دەستەڵاتی ستەمو چەوساندنەوەی حکومەتی گەندەڵی شایەتی بەئیمپریالیزمو سنتوشەوە لەپێناوی حکومەتێکی شۆڕشگێڕی خەڵکەکانی ئێران بەگەلی کوردیشەوە، بەتایبەتی شەڕە قارەمانییە خوێناویەکەیەکانی چیای(سبی سەنگی)مەنگوڕان بەئەفسەرو سەرەک جاشەکانیشەوە وەک صالح شوان. سیروان بنی عامر. ریحانی.. لەناوبرانو. بۆیە سەرنجی دڵسۆزانی ڕاپەڕینە چەکداریە شۆڕشگێڕەکەمان بۆ هێندێ لەو پەلامارە سەرکەوتوانەی ئەو ٤ مانگە ڕائەکێشین....

١-لەڕۆژی ٢٨/ی پوشپەڕی ١٣٤٧ ڕێکەوتی ١٩/ی ژوئییە لەدێی سەرشیوی ئاغەلان نزیکی شاری سەردەشت لەسەعاتی ١١ی بەیانی تا ٧ی دوای نیوەڕۆ پێشمەرگە دلاوەرەکانمان پەلاماری هێزێکی دوژمنیدا کە ژاندارمو جاشە خائینەکان بوونو بەنیازی تەعقیبات دەخولانەوە. لەو

شەڕە گرنگە هەشت سەعاتی خایاندو دەوری هەرە گورج وگوڵی
ئازایەتییان پیشاندا لەبەر هەیبەتی دلێرانەیان هێزی بەکرێگیراو
دوچاری سەری لێشێوان وەشێت گەری هات و توانای بەرهەڵستی و
بەرگرییان لێبڕا بەهەڵەداوان هەڵاتن و خزانە ناو خاوخێزانی
ئاواییەکەوە هەتا حکومەتی دیکتاتۆری نیزامی نەیتوانی بەهاواریان
بگات، لەئەنجامی ئەو شەڕە خوێناوییەدا پانزە جاش و ژاندارم کوژران
بەسەرەك جاشی خائین (هەڵمەتیشەوە) هەروەها ٦ برینداریشیان هەبوو
بەتایبەتی هێلیکۆپتەرێکی نیزامیش کەبەنیازی هەڵڕژانی جاشی تر بۆ
تێکشکاو فڕۆکەوانەکەش بریندارکرا وەدەستکەوتمان ١٠ چەکی بڕنەو
وەیەکی ئەمەریکی بو.
٢-لەرۆژی ٢٥/ی گەلاوێژ یانی ١٦/ی ئوتی ١٩٦٨دا لەبەندەنی ڕەزیران
شارێگەی شەقامی مهاباد و سەردەشت تاقمێکی ٤٠ نەفەری ژاندارم
کەسەرشێتانەبۆ تەعقیبات دەخولانەوە لەسەعات ٤ی دوانیوەڕۆدا کەوتنە
بەر هەڵمەتی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانەوە لەئەنجامی پەلاماردانی دلێرانە
ژاندارمێك کوژراویەکی تریان رئیسی پۆست (شەفامقدم) بریندارکرا
هەروەها دوانشیان یەخسیرو بەحورمەتەوە ئازادکرانەوە بەڵام حکومەتی
گەندەڵی نیزامی هەردوکیانی ئیعدام کرد. ئەوانە سەرباز بوون خرابوونە
گاردی ژاندارمرییەوە ئەوانی تریشیان بەجۆرێکی زۆر ترسنۆك و
سەرشۆڕانە هەڵهاتن و هانایان بردە بەرخاوخێزانی چاردنیشینەکانەوە
بونە هۆی لۆمەو گاڵتەوگەپی ژن و منداڵەکانیشەوە. هەروەها
دەستکەوتمان ٣ چەك بوو وەپێشمەرگەکانیش سەرکەوتوانە بێهیچ
زیانێ گەڕانەوە.
٣-لەرۆژی ١٥ گەلاوێژی ١٣٤٧ ڕێکەوتی ٦ی ئوت لەسەعاتی ٩/٥ بەیانی
تا ٨/٥ ئێوارە یانی ١١ سەعات لەئاوایی شەڵماش پەنا شاری سەردەشت



تاقمێك لەهێزە شۆڕشگێڕەکانی حیزبمان پەلاماری هێزێکی ٥٠٠ نەفەری
سەربازەکانی ستونی عملیات و ژاندارمی جاشە خائنەکانیدا کەبۆ شەڕی
پێشمەرگەهاتبون. لەو شەڕە گرنگەمێژووییەدا شۆڕشگێڕەکان زۆر
چاپوك و دلێرانە هەڵمەتی هێزی بەکرێگیراویان دا وەبەتوندو تیژیەوە
خستیانە ژێر گەمارۆدانەوە بۆ یاریدەدان و ڕزگاری هێزی تێك شکاو
لەگەمارۆدان هەموو هێزەکان بەژاندارم و جاشە دەرەبەگە خائنەکانی
مەڵبەندی بانەو سەردەشت و دۆستەکانی ئالان و جاشەکانی محمد امین
چیچویی خائینی مەرگەوەڕ بەهەڵەداوان ڕەبیچەك دران بۆ کۆڕی مەیدانی
شەڕەکە جگە لەوەش هێزەکانی دوژمن پەنجاودوهەزار فیشەك و دەگوللە
تۆپیان تەقاند سەرەڕای ئەوە پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی حیزبمان لەو
شەڕەدا دەوری هەرە گرنگی دلێرانەیان نواندو زاڵبوون بەسەر هێزی
دوژمن دا .وەلەئەنجامیش دا پترلە ٤٠ جاش و ژاندارم کوژران وەهەروەها
٤٠ یشیان بریندار کران وەلاشەبۆگەنەکانیان کۆکرانەوەو بەهێلیکۆپتەر
بۆ مۆڵگەکانی سوپای خائینی گوێزرانەوە لەمەدا هێلیکۆپتەرێکی نیزامی
دیکەش تێکشکاو فڕۆکەوانەکەی بریندار کرا. بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی
دوژمنەوە تاتەنانەت پێشمەرگەیەکمان بریندار نەبووە.
چۆنیەتی ئەهەمیەتی زاڵبوونی شۆڕشگێڕەکان وەتێکشکانی هێزی
بەکرێگیراو لەئێراندا بەتایبەتی کوردستان دەنگیدایەوە بۆتە هۆیەکی
هەرەگرنگی شڵەژان و شێتگەری و هاری و تێك روخانی ڕوحیەو
مەعنەویاتی هێزەکانی بەجاشە دەرەبەگە خائینەکانیشەوە.
٤-ڕۆژی ١٠ی ڕەزبەر ٢ی ئوکتۆبەری ٩٦٨ لەچیای حاجی کێمی نێوان
ئاواییەکانی کۆکەو چواردیوار نزیکی شاری مەهاباد لەسەعاتی ٦ی
بەیانییەوە تاشەشی ئێوارە یانی ١٢ سەعات پۆلێکی ٨ نەفەری
پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانمان لەشەڕێکەوە گلاند لەگەڵ هێزێکی ٣٥٠٠

نەفەری سەربازەکانی ستونی عملیاتو ژاندارمو جاشە خائینەکان وێڕای شەش تانكو ٣ تەیارەی ویجێت کەبۆ ئەو مەبەستە گلاوانە کۆکرابونەوە سەرەڕای هێزی زۆروزەبەندی دوژمن بۆمباو گوللەبارانی سەنگەری پێشمەرگەکانی.. نەفەرێك لەهێزی دوژمن بریندارو کوژران وەبە هێلیکۆپتەر بۆ مۆڵگەی سوپاکەی خانی گوێزرانەوە. هەروەها هێلیکۆپتەرێکی تری سەربازیش تێکشکاو خرایە هەردەوە.

لەئەنجامی ئەو شەڕە خوێناوییەدا بەهۆی بۆمبارانەوە سەیید فەتاح علی گەلە. دەروێش عوسمان شەهیدکران. دوژمنە خوێن ڕێژەکان بۆ نیشاندانی ترس و تۆقان لەدژی خەڵکی حەق خوازمان تەرمی شەهیدەکانیان لەشاری مهاباد هەڵواسی (.) دوژمن خەڵکی شاری قارەمان بەگشتی خرۆشانو کەوتنە جموجوڵو ڕاپەڕینو داخستنیدوکان و بازاڕەکان توڕەییو ناڕەزایەتی وەبەهۆیەوە توانیان تەرمی شەهیدان بستێننەوە سەربەرزانەو بەحورمەتانە لەگۆڕستان بیان نێژن.

هەتابۆ بەرهەڵستی ئەو ڕاپەڕینە هێزەکانی دوژمن ڕژانەناو شارەوە سەرەنێزەکانیان ئاراستەی خەڵکیکرد. دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بەشارو دێهاتەوە چۆنیەتی ڕودانی ئەو شەڕە قارەمان گەریەو هەروەها ڕاپەڕینی خەڵکی شەرافەتمەند لەدژی ڕەفتاری وەحشیانەی دوژمنەکان هەرگیز لەبیرناچێتەوە هۆیەکی هاندەرە لەپێناوی بەدی هێنانی داخوازییەکانو سەندنەوەی تۆڵەی شەهیدەکانی کوردەواری.

٥- لەڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبەر ١٥یڕەزبەر ١٣٤٧لەچیاکانی خالەبات - نێوانی ئاواییەکانی جاندارو دۆڵەتووی ناوچەی گەوڕك - هێزەشۆڕشگێڕەکەمان چالاکانە بەرەنگاری هێزێکی زۆری ژاندارمو جاشەخائینەکانی عەبدوڵڵای بایزئاغای مەنگوڕ هات ئەوشەڕە ٣سەعاتی خایاند سەرەڕای ڕەبیەك هێزی تر بەتانكوتەیارەکانیشیەوە بەنیازی گەمارۆدان بەڵام



پێشمەرگەکانمان زاڵبوون بەسەر هێزی بەکرێگیراوی حکومەتی دیکتاتۆری شادا هەروەها زەربەیەکی کاریگەریان لێوەشاندن وەلەئەنجامی ئەو شەڕەدا ١٨ نەفەر ژاندارم بریندارو کوژران. شۆڕشگێڕەنەبەزەکانی حیزبمان سەرکەوتوانە بێهیچ زیانێك بەرەو شوێنیتایبەتی ڕۆیشتنەوە.

٦- لەڕۆژی دوایی تردا ٨ی ئۆکتۆبەر لەچیاشاخاوییەکانی ئەستان لەسەعاتی ١١تا٦ینیوەڕۆ ٣ پێشمەرگەمان کەبۆکاری تایبەتی تاق کەوتبونەوە توشی شەڕێك هاتن لەگەڵ ٩٠٠ نەفەر سەربازەکانی ستوونی عملیات بەژاندارموجاشەکانیشەوە بۆیارمەتیو پشتیوانی هێزەکانی دوژمن ٤تانكو ٢تەیارەگەیشتنەکۆڕی شەڕەکەوە لەئەنجامی مقاوەمەتی دلێرانەی پێشمەرگەشۆڕشگێڕەکانمان ٣٧نەفەر لەهێزی دوژمن لەناو بران. بەڵام بەهۆی هەڵەکردن لەهاویشتنی نارنجۆك بەرەو ڕوی دوژمنەکان خۆیان کاك حسێن خاتون - حاجی - شەهیدکران تەرمەکانیان بەترومبیل بەستنەوەو ڕاکێش کران وەلەشاری سەردەشت هەڵواسران.

٧- لەشەوی ١٢ی ئۆکتۆبەردا پێشمەرگەقارەمانەکانی حیزبمان پەلاماری پاسگای ژاندارمی شاری بۆکانیان دا دوای ٣سەعات مقاوەمەتی دلێرانە گرنگترین زەربەتیان وەشاندو سەرکەوتوانە گەڕانەوە.

لەماوەی ١٨مانگ ژیانی خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕەکانی کوردستاندا ئێستاپترلە ١٠٠٠ کەس سەربازو ژاندارمو جاش بریندارو کوژراون هەروەها هێلیکۆپتەری نیزامی تێکشکاوە سەرەڕای زیانی زۆرو زەبەندی ئابوریو نیزامی بەتێکڕوخانی ڕۆحیو مەعنەویاتی هێزەکانیشیانەوە لەکوردستاندا. بەڵام بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی دوژمنە یەك گرتووەکان بەئیمپریالیزمو سنتوشەوە خەڵکەکانی ئێران بەکوردیشەوە بەتایبەتی پۆلە شۆڕشگێڕە چەکدارەکانی کوردستان

بۆسەرخستنی ئامانجەکان خەباتی شۆڕشگێڕانەیان ڕێكو پێكو پتەوتر کلّپەو بلّێسەدارو بەردەوامانە پەرە هەڵدەگیرسێنێ بۆزاڵبوونو سەرکەوتن لەدژی دەسەڵاتی ئابوریو سیاسیو نیزامی دوژمنەکان.

ئێستا حکومەتی دیکتاتۆری شا پارێزگارو بەهێزکەری دەسەڵاتو سەنگەرەکانی ئیمپریالیزمو سنتولە دژیگەلانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی گەلی کورد بەچەشنێکی هەرەتوندوتیژ هارانەترەوە کەوتۆتە پەلەقاژەی بۆڕێگریو بەرهەڵستی کردنی بزوتنەوە چەکدارەکەی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی(لەناوچەکانیسەردەشت. بانە. خانی. مهاباد...... هەتاناوچەی کرماشان) جیالەمۆڵگەکانی شەڕخوازانەیان لەکوردستاندا هەروەها سەربازەکانی ستونی عملیات (نیروی زەربەتی ئازەربایجانی غەربی) کەساز دراوە بەچەکی قورسی جەنگییەوە ٢٠هەزار سەربازو ژاندارمی تریش لەخوزستان. کرماشان. سنە. ڕەزایەوە هێنراوەتە ناوچە شۆڕشگێڕەکانەوە کەبەتانكو تەیارەکانی جەنگی وێرای بەچکەجاشەکانی دەرەبەگی(بانە. مەنگوڕ. سەقز. سەردەشت. مەرگەوەڕ) یشەوە بەنیازی سەر کوتاندنەوەو خامۆش کردنی بزوتنەوە چەکدارەکەمان. ئەم هێزانە کەجاشەخائینەکانیش قراوڵیانن لەجموجۆڵی دڕندانەدان وەلەچیاو دارستانەکاندا مۆڵیان خواردووە دەخولێنەوە بەهێلیکۆپتەرو ترومبیلەوە بۆ شوێنی تر ڕادەگوێزرێنەوە بۆ تەعقیباتو شەڕی پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکان . بەهۆی هێرشو پەرماردانی توندوتیژەوە کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەو لێقەوماویان خستۆتە ژێر باری ئازارو سزادانی مەرگەوە بەڕاونانو گرتنو تەبعیدو ئیعدامەوە بەوبۆنەیەشەوە لەسەرانسەری کوردستاندا پترلە ٣٠٠٠ نیشتمان پەروەری تری بۆ بەندیخانەکانی (قزلّ قلعە)ی تاران بۆ ژێر ئازارو ئەشکەنجە ڕاپێچ دراون وەتائێستا ١٥ تێکۆشەرو نیشتمانی تریش لەشارەکانی سەردەشت. خانی. ڕەزائیە. مهاباد. سەقز دابەتایبەتی



هەشت نەفەریان کەتازە سەرەك بارزانی تەسلیم بەشای ئێرانی کردۆتەوە ئیعدام کراون وەك کاك - مەلاخدر. عەبدوڵڵا. ڕەحمان. خلیل. مەلائاوارەی تێکۆشەر...

بەهۆی هەلی تیرۆری خوێناوی بەزەبری (.) لە ژێر باری جاشگەرێتی یەوە تاوەکو لەڕیزی دوژمناندا بجەنگن لەدژی هاونیشتمانی (.) جەنگی یان وەحشیانە کەوتونەتە بۆمبارانی شۆڕشگێڕەکان هەتا خەڵکی ناوچەکانیش کە سەرگەرمی کەتیرە کردنن بەتایبەتی برافارسەکانی یزدو اصفهان کەبۆ کەتیرە کردن گەیشتونەتە کوردستان بۆمباران کراون بەم بۆنەیەشەوە ٥ یان بریندارو ٣ یان شەهیدکراون لەچیاکانی گەورەکدا.

هەروەها ڕاستەخۆ بێباکانە تەیارەکانی جەنگی ئێران دەچنە خاکی کوردستانی عێراقەوە بەتایبەتی لەناوچەکانی ڕەواندوز. قەڵادزێ. چوارتا. پێنجوێن.... سەرەڕای ئەوە حکومەتی ئێران بۆ ئامانجە تایبەتیەکانی بەئاشکرا یارمەتەکانی مادیو مەعنەوی بەچەکی قورسو جەنگی بەهاتوچۆی پیاوە گومان لێ کراوەکانی بۆلای بارزانی پەرەپێداوە... ئەم جموجۆڵو پەلاماردان وەحشیانەیەی نیزامو جاسوسگەرێتی حکومەتی ئێران بۆسەر خەڵکی کوردستان بەتایبەتی شۆڕشگێڕان بەشێکی جیاواز نەبووەی پیلانەکانی ئیمپریالیزمیشە لەدژی بزوتنەوەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵات بەگەلی عەرەبەوە بێجگە لەتەقەللاو پێلانگێڕانی فێڵبازانەی حیزبی یان -ئێرانیستو ساواکیش لەهەموو بارێکەوە بەپڕوپاگەندەو فڕوفیشاڵی پڕوپوچەوە بۆ شێوانو بەهەڵەدانی بیروڕای گشت گەلانی شۆڕشگێڕو پێشکەوتوخوازی جیهانو ڕۆژهەڵات لەمەڕ چۆنیەتی واقیعی وەزعو بەسەرهاتەکانو ڕەفتاری دڕندەگەرانەی حکومەتی شایەوە.

خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان بەتایبەتی خەباتکەرە چەکدارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان داخوازی دەکەن لەکۆڕوکۆمەڵو

ڕۆژنامەنوس و پیاوە سەربەخۆ شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان بە گەلانی ڕۆژهەڵاتیشەوە بەهەموو تواناو ئیماکاناتی پێویستەوە ڕاپەڕن بەئەرکی‌ویژدانی و مرۆڤایەتی‌یەوە دەنگی تورەیی و ناڕەزایەتی بەرزبکەنەوە وەیارمەتی و لایەنگری بزوتنەوە چەکداری‌یە شۆڕشگێڕەکەی خەڵکی کوردستان بگرن لەپێناوی ئامانجەکانی گشتی‌دا لەدژی پیلان و ڕەفتاری خوێناوی فاشستیگەرانەی حکومەتی دیکتاتۆری محمد ڕەزاشا بەسنتوو ئیمپریالیزمیشەوە. خوێنەگەشە ڕەنگینەکەی شەهیدانی خۆبەختکەری بزوتنەوە چەکداریەکەمان هاوەڵانی تێکۆشەری نەمر... کاک مەلا مەحمود -ئیسماعیل شەریف زادە - عەبدوڵڵای موعینی - مەلا ئاوارە - سولەیمانی موعینی(فایەق) - موراد شیریژ - سەید فەتاح - عەلی گەلە- مینەشەم - مەحەمەد ڕەسوڵ - عەلی عەبدوڵڵا - محەمەد مەنگور.... تیشکی ڕووناکی ئەپڕژێنێ هەرگیز لەبیرناچنەوە وەمەزهەرو چرایەکی ڕوناک کەرەوەو پتر هاندەرو بەگڕو جۆشخەرو بەردەوامێتی خەباتکەرە چەکدارەکانە. لەپێناوی سەرخستنی ئامانجەکانی گشتی و تایبەتی‌مان دا هەروەها سەندنەوەی تۆڵەیان.

- شانازی بۆ شەهیدەکانی نەمری ڕاپەڕینە چەکدارانەکەمان.
- سەرکەوتوبێ تێکۆشانی گەلانی ئێران بۆ ڕامالین و تێکشکانی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی نیزامی ئیمپریالیزم
- پتەو وگەشەدارتر بێ خەباتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی
- بەهێزتر بێ خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵکەکانی ئێران لەپێناوی حکومەتێکی ئیئتلافی شۆڕشگێڕدا

**چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**ئوکتۆبەری ١٩٦٨**

**خەزەڵوەری ١٣٤٧**

[illegible]

حیزبی دیموكراتی كوردستان حیزبێكی میللی و دیموكراتیە بنەرەتی لەسەر شانی زوربەی خەلكی كوردستانە وەریشەی قوول و مێژوویی لەناوجەرگەی نەتەوەكەماندا بنی بەستبووە بوونی هێنانی رزگاری و سەربەخویی پێكهاتوە و دامەزرینەری جمهوری میللی و دیموكراتی كوردستانە كە حورمەتو پرستشیكی گشتی جیهانی بەخویەوە گرتووەوە تا ئیستا دە پیناوی رەوتو ریبازی ناوەروكەپیشكەوتووە مێژووییەكەیدا بەهەزاران رولەی نەبەزو شەرافەتمەند گیانی شیرین و تەمەنی لاوەتیان بەختكردوو بوونەتە قوربانی نەتەوە نیشتمانەكەیان :

هەرچەند دامو دەزگای كونەپەرستان و داگیركەران بە پشتیوانی راستەوخوی ئیمپریالیزمی جیهانی بو تیكدانی ریبزی حیزب كەئالا هەلگری ئامانجی بەرزی نەتەوەكەمانە هەولو تەقەلایەكی بی وینەیان داوە : بەلام بیرو باوەری راستەقینەی حیزبی دیموكراتی كوردستان ویرای بەكارهینانی تاكتیكو ئاموژگاریەكانی لەناو جەرگەی خەلكی كوردوستاندا روژ بەروژ پتەو تروبەهیز تر شەقامی پان و بەرینی تیكوشانی بریوە ولەهەمو هەلوكاتیكی ناسندا یەئەركی مێژوویی خوی هەستاوە هەر ئەوە بوو كە لەبەرهەمی ئەو خەباتو تیكوشانە دەرفەتیكی هەرە لەبارو واقیعی لەسالەكانی ٣٥ — ٣٧ بوحیزبمان خولقا بەم جورە :

بەنیسبەتی ناوخو

١ — گەلەكەمان بەهوی ستەمی نەتەوایەتی وەبی بەشی لەتەواوی ژیانی پیویستی مروفایەتی و چەوسانەوەی هەمە پەشنەیی هەستی هاتە جوش وەبەعیشق و عەلاقەیەكی گەرمەوە پیشوازی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازانە دەكرد هەروا ریكخراوەكانی حیزبمان ریكو پیك و پەرە گرتووتر لەجاران زوربەی مەلبەندەكانی نیشتمانی گرتەوە وەدامودەزگای حكومەتی تاران بەوهەموو هیزەوە لەبەرامبەر بزوتنەوەی نەتەوەو حیزبمان دوش دامابوو .

بە نیسبەتی گشتی ئیران

٢ — ئالەم هەلەدا نەتەوەكانی فارسو ئازەرو كەمایەتیەكانی تر بەهوی زال بوونی دامو دەزگای ( ساواك ) و پەیمانی شەراوی سەنتو كەوتبوونە ژیر توند ترین باری ئازارو بەندو كوشتو بری درندانە لەهەر باریكەوە بەجوریك كە مەیدانی بزوتنەوەیان بوبەجی هینانی ئامانجەكانیان لی وەتەنگ هاتبوو وەبەهیوایەكی زور چاویان بریبوە بزوتنەوەی نەتەوەكەمان كەببیتە سەرچاوەی جوولانەوەی گشتی لەسەر تاسەری ئیراندا .

بەنیسبەتی [illegible]

٣ — مەسەلەی مێژوویی نەتەوەی كورد و هەلەوتی لەبیعی كوردستان كەبربرەی پشتی روژهەلاتی ناوەراستە لەلایەكەوە ولەلایەكی ترەوە بەهوی زال بوونی ئیمپریالیزم و نوكەرانی ویرای قووت بوونەوەی پەیمانی شەراوی سینتو كە گەورەترین مەترسی بو بەرەی میللەتان وەهەروا بزوتنەوەی رزگاری خوازانەیان پیكهینابوو سەرنجی گشتی ولاتانی دیموكراتی و هەروا كورو كومەلەكانی پیشكوتەی جیهانی راكیشا بەجوریك كەلە هەموو روژنامەو رادیوكانی عالەمدا خرایەپیش چاوو دەنگی دایەوە :

لەو سەردەمەدا دو ( ٢ ) مەسەلەی مێژوویی هەرەگرنگ بو حیزبمان هاتە گوری :

— ماویتی —



یەكەم كونگرە : [illegible]

لەمەر كونگرەوە كومیتەی ناوەندی لەسەر داخوازی وەپیشنیازی زوربەی ئەندامانی پیشەنگی كوری خەبات لەنەوروزی ( ١٣٣٨ ) بەاتفاقی كومیتەی ئەیالەتی بریاری قطعیان دا بو بەستنی كونگرە لە پووشپەری ( ١٣٣٨ ) دا نوینەرانی كومیتەكانی حیزب بو هاوبەشی لەكونگرە هەلبژیرران وەجیگای تایبەتی دیاری كرا :

لە بارەی راپەرین : جوولانەوەی رزگاری خوازانەی میللەتان لەجیهاندا بەتایبەتی لە ئاسیا و ئەفریقا لە دژی ئیرتیجاع و ئیستعمار تەشەنەیكی تووش كرد سەر بەهیز تر بوونی هەستی بریاری نەتەوەكەمان بو راپەرینی ئازایانە :

ئەوەبوو لەهەندیك مەلبەندەكانی نیشتمانماندا وەكو . سوما — برادوست — شپیران وەهەروا عەشرەتەكان چەكدارانە دژی داگیركەران راپەرین تەنانەت لەروژنامەكانی جیهانی وەهەتا ئیرانیشدا دەنگی دایەوە :

[illegible] بەئەركی ویجدانی حیزبیان زانی كەئەو مەسەلە گرنگە بخەنە بەر چاوی كومیتەی ناوەندی بو [illegible] وەرگرتن و بی هەستانی : كومیتەی ناوەندیش لەپووشپەری ( ١٣٣٦ ) دا لەروی لیكولینەوەو بەرژەوەندی وەزعی گشتی ئیران و بەتایبەتی كوردستان وەهەروا وەزعی گشتی جیهانی هاتە سەر [illegible] رابە كەبەهەموو هیزو توانایەكەوە هەول و تەقەلا بدری بو كەلك وەرگرتن لەو هەلەهەلكەوت وبەنرخە : بەم جورە دەستدرا بەدانانی نەخشەو پیلان لەهەرباریكەوە وەبریاردرا كەبو وەرگرتنی نەزەری گشتی جیهانی هەروا راكیشانی سەرنجی گەلانی ئازادیخواز دو ( ٢ ) كەس بنیردرینە دەرەوە ئەوە بوو ( ئەحمەد توفیق ) بەنیوی مسئول وەرەحمانی قاسملو بەنیوی مشاویر رەوانەكران :

[illegible] بەتە كە پیویست بوو زور گورجو گولانە ئەنجام بدری ( ١٣ ) مانگی خایاند ولەو ماوە [illegible] دا ( ئەحمەد توفیق ) [illegible] بەلكو [illegible] دەستی دایە ئەو كردەوە كلاوو تاوانبارییانە :

١ — لادانی لەرەوتو ریبازی حیزبایەتی وەهەروا لەخودا نواندنی حیزب لەبەرچاوی هەموو كوررو [illegible] دیموكراتیەكانی هەندەران :

٢ — [illegible] توی ناكوكی و دوبەرەكایەتی بەدوزمانی و فیتنە گیری لە نیو ریكخراوسیاسیەكاندا [illegible] ئەو كردەوە ناپەسندانە بە كومیتەی ناوەندی حیزبمان :

٣ — [illegible] نارەواو دوژمنانەی دور لەشیوەی حیزبایەتی دەگەل ( رەحمانی قاسملو ) بەم [illegible] بەكولیك تاوانباریەوە گەرایەوە :

[illegible] ئەو ئاكارانە بوونە هوی نزم بوونەوەی حورمەتو ناوبانگی حیزبمان لەبەر چاوگشتی دەرەوە — [illegible] بوونە هوی بەجی نەگەیاندنی ئەو كارانەی خرا بوونە ئەستوی :

[illegible] گەلاویژی ( ١٣٣٧ ) دا لەسەر ئەو كردەوەو ئاكارە ناجوانمیرانە لەلایان هەندیك لە هەوالانی كومیتەی ناوەندی یەوە ( ئەحمەد توفیق ) بانگ كرا بو لی پرسینەوەو موحاسەبە كردن بەلام بو خوشاردنەوەو هەلاتن لەبەردەمی لیكولینەوەی تاوانباریەتی دەوریكی پر لە شەیتە [illegible] ( [illegible] ) یازانەی بەشیوەی هەلاو بگرگیرا هەرلەو دەمەی دابوو كەبەبرەكەی شورشی ١٤ی [illegible] كوماری عراق پیكهات " بانگی هاوبەشیەتی نیشتمانی وەبرایەتی كورد و عەرەب بەرز كرایەوە [illegible] هاوالانی حیزبمان بە پیویستیان زانی كە ( ئەحمەد توفیق ) تاوانبار لەژیر چاوەدیری و [illegible] هاوالیكی تردا بنیرنە كوردستان بو لی گیرانەوەی هاوریبانی دیاری كراوو پیكهینانی [illegible] هەروەها سەردیبش لەكوماری عراق بدەن بو ئەوەی لەو دەرفەتە هەلكەوتە سەبارەت [illegible] سەركراوی سەرو كەلك وەربگیری لیرەدا پیویستە روونی بكەینەوە كەمەبەست [illegible] ناردنی ( ئەحمەد توفیق ) تەنیا لەبەر شارەزایی بوە بەلام بەداخەوە لە نیوەی ریگادا هاوالی [illegible] لەلایان دوژمنەوە دەستگیر كرا ( ئەحمەد توفیق ) مانەوەی بەتەنیایی خوی بەدەرفەت زانی و [illegible] بە هەلەداوان چوو بو كوماری عراق ولەوی لەژیر ناوی نوینەرایەتی حیزبی دیموكراتی

پەیوەندی بەستەوەبو ڕێبیژە اتصالاتیکی جاسوسی خوی گەیاندە منطقەی هەورامان و مەریوان وەدەگەل ( ش٠م٠ع ) لە شاو دەزگاکانی بەتایبەتی ئەمریکاییەکان حیسابی لەسەر دەکیشن کەوتە گفتوگـو تا بەهوی وەرگرتنی کەلکی خەیانەت لە ناوبراو پەیوەندی ڕاستەوخود دەگەل ئەمریکاییەکان ساز بکات لە ماوەی دو ( ٢ ) روژ دریژە کیشانی وتوویژ لەو بارەیەوە بریاردرا ( ش٠م٠ع ) بە تەدارەکاتـی پیویستی هەلبستی وەنەتیجەکەی بەهوی پوستەی تاران ـ بەغداوە لە ئەحمەد توفیق مەعلوم بکاتەوە :
لە سەر ئەو بریارە خەیانەتکار نەپشتەوە بە غداوە ( ش٠م٠ع ) بو قسەو باسی پی سـپیردراوی خائن بو شوینەکانی دیاریکراو رویشتە تاران " ئەمریکاییەکان بو ئەوەی باشتر بتوانن ئەو خائنەبگرنە باوەشی وایان بە باش زانی لە نزیکەوە بیبینن بەم ئاگادارکرا ئەوە لەتارانەوە بە نوسراوەی پوستە ئاگادارکرا ( ئەحمەد توفیق ) ی خائن کەوتە ریگاو هاتە سلەیمانی وەلەویوە خوی گەیاندە شاری ( سـنە ) و هەر لەویرا لەگەل نیو براو بە ماشینی تایبەتی چوونە تاران :
( ویلیام ئیگلتن ) بو چاو پیکەوتنی خائن ( ئەحمەد توفیق ) لە شیرازەوە هاتە تاران وەبەهاوبەشی
دو ( ٢ ) کەس لە ئەندامانی بالیوزخانەی ئەمریکا بەنیوی ( گیف ) وە ( ریسک ) لەدەرەوەی
بالویزخانە جیگای تایبەتی بو کوبوونەوە دیاریکرا ( خائن ئەحمەد توفیق ) لەم کوبونەوەدا کەبـە
مسئولییەتی ( ریسک ) پیکهاتبوو بەتەواوی خوی دەباوەشی دەزگای جاسووسی ئەمریکا هاویشت
وەبو ئەنجام دانی ئەو مەبەستە تەعلیماتی تایبەتی یان دانا وە نوختەی اتصالاتیان ( مسیو زەکیان )
ڕەئیسی خیریەی ئیسرائیل لە تاران بوو " ئەمریکاییەکان ئەو دەم وایان بەباش زانی کەلەلایـان
خویانەوە ( محمد رضاشا ) ئاگاداری ئەو مەسەلە بکەن ئەوەبوو بەدوایی دا لە جەلسەیەکی تایبەتی :
( سوپەهبود عەلەوی کیا ) ڕەئیسی ئیدارەی دوهەمی سیاسی لە راستەوخو لەژیر چاودیـری
( حەمە رەزا شا ) دایە بەشدارکرا :
( ش٠م٠ع ) بو ئەوەی بە پیکهاتنی ئالوگوریکی سیاسی لە دوا روژدا تووشی گیرو گرفت نەبـی
شا وە رەئیسی ستادی ئەرتەش و ( ساواک ) ی ئاگاداری ئەو وەسیلە گەریەگرد وە نەتیجەی بیر و
رای ئەوانی بە خائن ( ئەحمەد توفیق ) راگەیاندەوە . بە پیویستی دەزانین کە بە پیی ئەرکـی
ویجدانی و ئینسانییەت روونی بکەینەوە کە خائن ( ئەحمەد توفیق ) لەژیر نیوی مەسلەحەتی کوردالمد ( ش٠م٠ع ) ی تەفرە دابوو :
سەبارەت بەو جەرەیاناتە ( گیف ) چووە بو ئەمریکا زوری پی نە چوو ( ریسک ) ش بە دوایـدا
رویشتەوە .
خائن ( ئەحمەد توفیق ) پاش بە جی هینانی ئەرکەکانی پی سپیردراوی " لەسەرەتای شـورشـی
کوردستانی عیراقدا لەلایان دەزگای جاسووسی ئەمریکاوە ئەمری پیکرا بو وەرگرتنی تەعلیماتی جاسووسی
هەروەها پەیوەندی بە ( مەرکەزی سەرپەرشتی کەری دەزگای ساواک ) ی ئەمریکا لەروژهەلاتـی
ناوەراست بچیتە ( لوبنان ) :
بەو جورە گوایە خائن ( ئەحمەد توفیق ) بو مەسلەحەتی !! شورش چوتە ( لوبنان ) " بەلام ناوبراو
لە پیناوی بە ئەنجام گەیاندنی ویستەکانی دەزگای جاسووسیدا ئەندامەتی رەسمی وەموقعیتـی
تایبەتی بو دیاریکرا هەروەها کارتی تایبەتی بو شوینەکانی پیویست درایە کە ئیستاش لەلایەتی :
لەکاتی گەرانەوەی بوی دانرا کە هەوالدەری ( نیویورک تایمز ) ( دان ناشمیت ) کە عەریکـی
بەرزی دەزگای جاسوسی ئەمریکایە بی پەساپورت لە ریگای سووریەوە بینیتە ناو شورشی کوردستانی
عیراق ئەوە بوو پیکەوە ماوەی مانگیک لە نیو سەنگەرەکانی شورشگیراندا خولانەوە دوای ئەنجام دانـی
فەرمانەکانیان ( دان ئاشمیت ) بی بەرگری و پرسیاری کاربەدەستانی ئیران خوی گەیاندەوە —

— مەرکەزی پایەکانی نیزامی ( [illegible]انی ) وەبەفروکە ( طیارە ) ی تایبەتی یەکسەرە چووەوە تاران :

ئەو هەوالدەرە لە بلاوکردنەوەی هەوالەکانیدا لەمەر شورشی کورد دەربارەی خائن ( ئەحمەد توفیق ) لە ژیر وینەکەیەوە زور بە ئابو تابەوە مەدحی لی دەکا وەنووسیویەتی لاوی ئازا . دلسوزی کورد . کـوری عەلی خانی !!
خائنی خو فروش بیجگە لەو دولارانە کە لە سوریەو بغدا کوریویەتیەوە ئەوەندەی ئیمە ئاگادار بووین لە تاران و تەوریزیش ( ٦٠ / ١٠٠ ) شەست هەزارو سەد دولاری بو دراوە بە ئەسنادی بەم جورە :
لە پووشپەری ١٣٤٢دا بەهوی ( د٠ع ) ەوە ( ١١ / ١٠٠ ) یازدە هەزارو سەد دولار " بە هوی ( فـ٠ق ) ەوە ( ٥٠٠٠ ) پینج هەزار دولار وەبەهوی ( ف٠ر ) ەوە بە هەشت بار ( ٤٤ / ٠٠٠ ) چلوچوار هەزار دولار کە هەمووی ئەکاتە ( ٤٨٠ / ٨٠٠ ) چوار سەدو هەشتا هەزارو هەشت سەد تمەن :
تی بینی : ئەم ئەسنادانەی کە ئەم پارەیان بو خائنی گەل فروش کوریوەتەوە هەموو دلسوزو بەشـەرەفن تا ئەم بەیانە بلاودەکریتەوە ئاگاداری کردەوەی خەیانەتکارانەی ( ئەحمەد توفیق ) نین :
بەم جورە ئەو خائنە ویستویەتی وە دەیەوی :

١— دەژیر نیوو حورمەتو پەرستشی بەرزی حیزبدا ئەرکی ( کومەلی شورش ) ی گورگـراوی سوپەهبود بەختیار لە هەر باریکەوە جی بە جی بکات .
٢— هاوکاری و یارمەتی دانی بیرو باوەری ڕەگەز پەرەستی ( شوفینیەت ) بو وەدی هینانی ئامانجی دوژمنانی گەلەکەمان هەروەها کویر کردنەوەی رەوتو ریبازی دیموکراتیەت و پیشکەوتوانە لـە کوردوستاندا .
٣— بیجگە لە پەلامارە دڕندانەکەی ( ١١ ) ی خەزەلوەری ( ١٣٣٨ ) بو سەر حیزبمان ئـەو خائنە تائیستا سەدان ئەندامی دلسوزو بەجەرگی هەریەکە بە شیوەیەک لەمەیدانی تیکوشـان دەرپەراندوە هەروا بە مەرجی ئەساسی و بنچینەیی داناوە کە هەوالانی زیندانیمان ئـازاد نەکرین بو ئەوەی بتوانی بە ئاسانی ئەسپی سەرکیشی و بی هەوساری خوی لە مەیـدانی خەیانەتکارانەدا تاو بدات .
٤— پارەیەکی ئەستوور کە لە سالەکانی ( ٣٧ — ٣٨ ) دا بە هوی بلاوکردنەوەی بەلگەی یارمەتـی کوکرایەوە کە بریتی بوو لە ( ٦٠٠٠ ) شەش هەزار دیناری عیراقی = ( ١٢٠ / ٠٠٠ ) سەدو بیست هەزار تمەن لەو پوولە تەنیا ( ٣٦٠ ) سی سەدو شەست دینار = ( ٢٠٠ / ٧ ) حەوت هەزارو دووسەد تمەن وەدەست حیزبمان کەوت باقیەکەی خائن ( ئەحمەد توفیق ) وەک — هەژدیهاهەلی لووشی سەرەرای ئەوەش ئەو هەموو پوولە کە لەکوردوستانی ئیران لەم سالانە دا بە نیوی شورش کوکراوەتەوە تا ئەو جیگەی ئیمە ئاگادارین لە ١٠ ٪ ی لەلایان خائـن ( ئەحمەد توفیق ) ەوە بە شورشگیران نە دراوە :

لیرەدا بە پیویستی دەزانین سەر لە نوی کورتەی کردەوەو ئاکارە گلاوەکانی خائـن ( ئەحمەد توفیق = عەبدولای ئیسحاقی ) بخەینەوە بەرچاوی گشتی :

١— بەجی نە گەیاندنی ئەرکی پی سپیردراوی حیزبی لە دەرەوە وەخوخافلاندنی بو ماوەی ( ١٢ ) مانگ .
٢— گیرانی دەوری گیرە شیوینی لە نیو کورو کومەلە سیاسیەکانی دەرەوەدا کە بوو بەهوی نـزم بوونەوەی حورمەتو پەرستشی حیزبمان .
٣— سەرپیچی لە دەستورو فەرمانی حیزب بو گەرانەوەی کەبە ( ٦ ) شەش نوسراو پیی راگەییندرا .
٤— فراندنی ئەرەسە ( وسایل ) ی چاپەمەنی وەبلاوکردنەوەی نەشریات لە سەر بیرو بـڕوای لادەرانەی فەردی بە نیوی حیزبی دیموکراتی کوردوستانەوە .
٥— دەربرینی نهینیەکانی حیزب وە تەئسیری کردەوە نالەبارەکانی لەسەر روحیەو معنویاتـی ( ئیسماعیلی قاسملو ) کە بوو بەهوی پەلاماردانی بەرینی سالی ( ١٣٣٨ ) ی دوژمن بـو سەر حیزبمان .

٦ – تێکەڵاوی و پەیوەندی دەگەڵ ئەمنی عێراق وەپەرتەوازە کردنی کادرییانی حیزب بە شێوەی تبعید و خۆ شاردنەوەو خۆبە دەستەوەدان بە حکومەتی ئێران .
٧ – استعفا کردنی لە مەسئولییەتی حیزب و تێهەڵچوونەوەو دەست پێکردنەوە بە ئاکاری ناپەسەند و لادرانە بە پێچەوانەی ئیستعفاکە .
٨ – خۆ فرۆشتن و تەسلیم بوونی بەداو و دەزگای جاسووسی ئەمریکا .
٩ – گێرە شێوێنی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و پارتی دیموکراتی سووریە وە دەرچوونی بەیاننامەی ئەوتۆ حیزبە لە سەر خەیانەتکار (ئەحمەد توفیق) .
١٠ – خۆ نواندنی بە دۆلاری ئەمریکا وە بە پارەیەکی ئەستووری حیزب .
١١ – لادان لە جەوهەرو ماهییەتی حیزب وە بە جێ هێنانی ئەرکی (کۆمەڵی شۆرش) ی گۆڕ کراوی (سوپە هبود بە ختیار) لە ژێر نێوو حورمەتو پەرستشی حیزبدا .
١٢ – نانەوەی ئاژاوەو پێکهێنانی دوو دڵی لە نێوان حیزەکانی لەشکری شۆڕشگێری کوردوستانی عێراقدا کە ناوبراو دەستێکی باڵای هەیە لە قووڵ کردنی ئەو ناکۆکییە .
١٣ – گێرە شێوێنی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان وە مەلا مستەفای بارزانیداو چاندنی تووی دوو بەرەکی لە نێوانیاندا بە چەشنێک کە زیانێکی گەورەی هەیە بۆ شۆڕشە پیرۆزەکەی کوردستانی عێراق .

هاونیشتمانانی خۆشەویست . دڵسۆزانی هەمیشەیی گەلە بە شخوراوەکەمان ئەندامانی بەشەرەف و پێگەیشتوی (حیزبی دیموکراتی کوردوستان) ئەوا حیزبە پێشڕەوەکەمان پێ دەنێتە تەمەنی (١٩) سالیەوە ویرای دەوروزەمان بەسەر ڕێبازی مێژوویی خۆیدا بەرەو پێش دەڕوات "لەبەر دەمی خەبات و تێکۆشانی تاقە پێشڕەوەکەمان دوژمنانی خوێن مژ بە درێژایی ئەو تەمەنەی بە (١٠) دەیان پیلان و نەخشەی تێکدەرانەیان ڕێکخستووە وە بە هەموو فەند و فێلێکەوە هەوڵیان داوە کە ڕێگای ئەو سەرچاوە پڕ لە هەست و بڕوا پیرۆزەمان کوێر بکەنەوە" بەڵام قارەمانانی پێگەیشتوی ئەو کوڕە وەپیاوانی خەباتکەرو شۆڕشگێری نیشتمان پەروەر زۆر چالاکانەو ژیرانە دەپیناوی پاراستنی دا تێکۆشاون وەهەرگیز تەسلیم نەبوون و نابن .

لاپەرە خوێناوییەکانی مێژووی نەتەوەکەمان شاهیدی دەوری ئەو هەڵمەتو خۆ بە ختکردنەن کەلە پێش هەموویانەوە وێنەی پێشەنگی کاروانی ڕێگای سەربەستی شەهیدی نەمرمان پێشەوا (قازی محەمەد) دەخاتە بەرچاو کە نەمانی (مردن بۆ ژیان) لە ئاسۆیەکی ڕوونانی دوا ڕۆژدا بۆ ڕزگاری گەلەکەمان ئاوەدیر دەکات .

حیزبی دیموکراتی کوردوستان لەبەرەنگاری دەگەڵ ڕۆژانی ڕەشو تەماویدا قوناخی دوورو درێژی خۆی بڕیوە وە بە پشتیوانی شەبەقی بیرو بڕوای ڕاستەقینە بەسەر ناهەموارییەکانیدا تێ پەڕیوە وەلەهەنگاوی بەرەو پێشچوونی لە بوتەی تێکۆشاندا قاڵ بوە هوشیارانە و ژیرانە نەزەرو فەلسەفەی دوژمنانی کور کردووە .

با ئەوەی دوژمن بوی ڕوون بوەوە کە نەتەوەی کورد بە تایبەتی ڕێرەوانی حیزبە پێشڕەوەکەی پلەی پێگەیشتن و زانستی گەیشتوتە رادەیەکی ئەوتۆ کە بەدەی داوو تەڵەکەیانی دەرەوە ئەو بڕوا پیرۆزەی دە تارەکی لە مێژینەی لە نێو جەرگەی زۆربەی خەڵکی کوردوستاندا داکوتاوە قابیلی هەڵکەندن و لەنێو بردن نیە هاتە سەر ئەو رایە کە بە هەر جۆرێ بێ خەیانەتکارێکی وەک (ئەحمەد توفیق) لە نێو ڕیزی حیزبدا بەکری بگری بەڵکو لەو ڕێگەوە بتوانی ئامانجە پیسو پەلوخەکەی وەدی بێنی و هەر دەژێر نێوی کوردایەتی و حیزبایەتیدا هەستی پاکو خاوێنی نەتەوایەتیمان بنج بڕو شوێنەوار بکات .
بەڵام دیسانەوە دوژمنانی کورد سەری خۆیان دالەبەرد بە خەیاڵێکی خاوەوە خۆیان ماندوو کرد ئەو پوولو پارەو دۆلارەیان بە فیڕۆدا " دەبێ بڵێین وەک قومارچی دۆڕاو بە هەناسە ساردی و داخ لە دڵی دەستەو ئەژنۆ کەوتنە گۆڕی هەروا خائنی نیشتمان فرۆش (ئەحمەد توفیق) ش بێبەشکەلەسەر

شۆڕشی دوای بونەمایەوە هەروەکو دەبینین لە نێو تەواوی کوڕو کۆمەڵە سیاسییەکانی جیهان بە تایبەتی ئەحزابە دیموکراتییەکانی کوردوستاندا ئابرو شەرەفی تکا نەما " هەروەکو شەیتان بۆ هەتا هەتایە بەلعنەتدرا .
بۆیە کۆمیتەی سلغەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان داوا لە هەموو ئەحزابو نەتەوە ئازادیخوازەکانی جیهان و بەتایبەتی خەڵکی دڵسۆزی کوردوستان دەکات کە بە هیچ جۆرێک براو اعتماد نەکەنە سەر ئەوبەیان و ڕۆژنامانەی کە لەلایەن (ئەحمەد توفیق) و کلکەکانی وەکو فایق ئەمین (سلیمان معینی) لە شەریکی تاوانەکانی ناوبراوە لە ساڵەکانی پێشوو ئێستادا بە نێوی حیزبەوە دەردەچن تا کو بە هەوڵو تەقەلای دڵسۆزانەی کۆمیتەی ساغکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردوستان) بەبەستنی کونگرەو هەڵبژاردنی قانوونی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ حیزب پێک دێتەوە چونکە تەنیا و تەنیا هەر ئەو جەنایەتکارەیە کە چەند ساڵە لە ژێر نێوی : حیزب . سکرتێر . هەیئەتی سیاسی . کۆمیتەی مەرکەزی . نوێنەری گەلی کورد ... هتد چارەنووسی حیزبمان دەپیناوی نییات و مەسلەحەتی فەردی – وە ئاواتی ئاغاکانی بەرەو هەڵدێرکە بردوە .

جووتیاران . کرێکاران . ڕووناکبیران . مامۆستایان . پیشەوەران . عەشیرەتە نیشتمان پەروەرەکان لەو هەلە بە نرخو مێژووییەدا کە پەردەی خەیانەت وجنایەت لەسەر ڕووی ڕەشی (ئەحمەد توفیق) عبداللە ئیسحاقی هەڵدەدریتەوە وەرن یەک بگرن داو قەول و پەیمان لەسەر شەرەفو کەرامەتی رابووردووی حیزبمان دەستبدەینە یەکتر بۆ یەکیەتی و هاوکاری و خەباتی تێکڕایی بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو سەر چاوە مێژووییەمان کە حیزبی دیموکراتی کوردوستانە .

پاش بڵاو کردنەوەی ئەو بەیانە هەر کەسێ پەیوەندی مستقیم یا غیرە مستقیم بە خاینکار (ئەحمەد توفیق = عبداللەئیسحاقی) بکات بەلادەر لە ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتی وەدەرچوو لە قانوونی حیزبایەتی دەدرێتە قەڵەم .

سەرکەوتن بۆ حیزبە مێژووییەکەمان حیزبی دیموکراتی کوردوستان تاقە ئاڵا هەڵگری ئامانجی بەرزو دروشمی تایبەتی گەلەکەمان .
پتەوو بە هێزتر بێ ڕیزی حیزبمان دەپیناوی یەکگرتنەوەو یەکیەتی ڕاستەقینە .
شانازی بۆ شەهیدە قارەمانەکانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کوردوستان .
سەرکەوتوو بێ بزوتنەوەی نەتەوەکانی ئێران بۆ ئازادی و دیموکراتی دژی ئیرتیجاع و ئیمپریالیزم .
پەرەگرتوو تر بێ جوولانەوەی شۆڕشگێرانەی نەتەوەکانی جیهان دەپیناوی ئازادی و ڕزگاری بۆ کورد کردنی کەلاکی کەوتووی ئیستعمارو ئیمپریالیزم .
سەر شۆڕی بۆ خائنانی ڕەوتو ڕێبازی نەتەوەو حیزبمان .
سەرکەوتوو بێ شۆڕشی پیرۆزی کورد لە کوردستانی عێراق بە ڕابەری پارتی دیموکراتی کوردستان .

کۆمیتەی ساغ کەرەوەی حیزبی
دیموکراتی کوردستان
٢٧/جۆزەردان/١٣٤٣

# بەیاننامەی ٢ ی هەیئەتی گشتی
# حزبی دیموکراتی کوردستان

دووهەمین کونگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لەمانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ هەتاوی بەرابەری نوامبری ١٩٦٤ لەژێرسێبەری ئالای شورشگێرانە و دروشمی "یەکیەتی . خەبات . سەربەخۆیی و دیموکراتی" لەنێوان لێرەکانی چیای زاگروس دەستی پێ کرد .

لەسەرەتادا نوێنەرانی کونگرە پاش خوێندنەوەی سروودی "ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان" بوبیرهوەری رووژانی دیلی و کویلەیەتی هەڤالانی کەلەکوت و زنجیری ئیستعمار و نوکەرەکانی شا و "حکومەتی تاران"دا یەخسیرن . لەگەڵ بردنی نێوی یەک یەکی رەشاش و تفەنگی پێشمەرگە قارەمانەکان دڵ و دەروونی سوتاوی دوڵ و بیاکانی دەزرینگاندەوە و رابردووی خویناوی و بەرهەمەکانی پڕ لە شانازی ح . د . ک ی رەبیر دەخستەوە .

نوێنەرانی کونگرە کەهەرکامیان لەجێگایەک ، لەژێرمەترسی گوللە وسەرنێزەی دوژمن . بەهەزار زەحمەت وکوێرەوەری خۆیان دەرباز کردبوو وبە "نیو" یەکتریان نەدەناسی لەهجە وبەرگ وڕیشیان یەک نەبوو بەڵام هەموتێکڕا زمان وئاوات ودڵ ودەروونیان یەک بوو .

ئەم کونگرەیە ، لەمێژووی خەباتی کوردستان بوهەوەڵین جار ، بەشێوەیەکی تایبەتی ونهێنی بەڤۆن وئولی وژیری وسەربەرزی دوورلەچاوی پیس وگڵاوی حکوومەتە بەکرێگیراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست پێک هات .

بەداخەوە پێویستە بڵێین [illegible] یەک لەهەڤالان لەبەندیخانەدا بوون ، وبەشێک لەنوێنەران لەبەرفشار وگوشەی دوژمنان نەیانتوانی لەکونگرەدا بەشدار بن .

سەرەتای وتوویژی دەستوری کونگرە بە "تەلاوەتی ئایەتی إنا فتحنا" لەلایەن ماموستایەکی ئایینی [illegible] پێ کرد ولەپاشان یەکێک لەهەڤالانی بەڕێوەبەر مێژووی ١٩ ساڵ خەباتی خویناوی وپڕلەئازار وچەرمەسەری ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی بەراپورێکی هەموولایەنە وبەرین پێشکێشی نوێنەرانی کونگرە کرد :

رابردووی ح . د . ک لەکاتی جمهوری کوردستان .

لەوڕوژەوەکە ئالای خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان پێچراوە دوژمنی نەتەوەی کورد ونەتەوەکانی تری ئێران یانی دەرباری شا وئیستعمار توانایی ئەوەیان نەبووکە سیاسی دیکتاتوری وزوورداری لەسەرسەنت ومیلی ئیمە ئاوتینەرە . بەڵکو ناکونی وناڕێکی ناوخوی حزب لەساڵی هەوەڵی دامەزراندنا وکەم ئاگایی سیاسی وکومەڵایەتی بەرپرسانی ئەوکاتی حزب [illegible] کومەڵی وەرزێر وجوتیاران ورەنجبەرانی تری لادێکان کەشوردی بن چینەی شورش [illegible] هاتنە سەرکاری دەرەبەگ وفئودالەکان بەشداربوونیان لەناوکومەتەی ناوەندی حزب . ئەوان بونیان لەسەر وشیار و "رعیت" باعث بووکە حزب ونەتەوەکەمان لەمەر ریکوپێکی بناغەی شورش ریگای بی بیری ونالەباری ولاڵوتی بگریتەبەر .

سەرانی ح . د . ک لەساڵی ١٣٢٥ دا لەپشتیوانی کورد و شورشگێر وەرزێر وجوتیاری بەهرەبوون لەسەربناغەی [illegible] بی ی خوی نەچەقاند بوو . هویەکانی بن چینەی ئەم "کارە" بەدوور راندنی هەست ودەسەڵاتی زورمیژی [illegible] وبی تەجروبەیی بەڕێوەبەران وپەروەردە وقاڵ نەبوونیان لەناوکوری تیکۆشان وخەباتی بەرد [illegible] حزبایەتی بوو .

[illegible] لەگاڵ مەز نوکەرەکانی [illegible] ئیستعمار لەلایەکی تر" [illegible]

ئەوبابەتە راست بووکە ئەو پارمەتی و پشتیوان "لەمارد انەبایە" حکوومەتی خوێری وچلکاوخوری تاران بەدووژنی لەگەڵ ئەمپریالیزم زووترلەوەش هێرش وشالاوی بوسەر جمهوری کوردستان (ح . د . ک ئەهێنا .

سەرانی ح . د . ک لەمەنیا لەوەسڵ دەرنەتەکرێنکە بوریکووپێکی ناوخو وپێکەوەی دەوڵەت وقایم کردنی بناغەی [illegible] هێزی پێشمەرگە سوژیان وەرنەگرت بەڵکو لەسەرسەنگی [illegible] بالیان دا [illegible] ریان وابوکە بیشکەی شورش هەتا هەتایە بە دەست "وان" رادەژی .

لەلایەکی ترەوە ، رابەرانی "لای تر" بەهەوەس رایێژکراوی لێ نەزانەکانیان رایان نەزانی کە ئەو "کوریشە رابە" پی ی هەلگرتوە . ئاگری کراوەتەوە وئەتوانی ماف وزیربی ی خوی بپارێزی . بی حەبەرلەوەی کەئەوەلوتکەیە لەبیستکەدا ئاسیابوو .

هەروەکی خوشیان لەکاتی پێویستی بەپشتگری پشتیان لەوەلوتکەیە ، تا [illegible] کرد [illegible] .

بەبەرچاوخستنی ئەوبابەتانەی سەرەوە پێویستە بەداخەوە ئیقرار بکەین . پێش ئەوەی کە دوژمنی خوێری [illegible] پەیدا بکا توانایی تێک شکاندنی گەلی کوردی هەبی سەرانی حزب وکاربەدەستانی جمهوری کوردستان بەیدانیان بوهەڵ کوتانە سەرنەتەوەی کورد لەناو دەوڵەت وحزبدا خوش کرد وهەوڕەیان لەخومان بوهەڵشاندن وتێکدانی خومان سازکرد بوو . [illegible] رابووین کەچمان بەسەرئەهێنی وکەی دووچاری چەرمەسەری وچارەرەشی ئەبیین !! .

لەکونگرەدا . لێک دراوەکەم وکورتی خەباتی حزب لەرابردوو ودەوری حکوومەت ئەوەبووکەسەرانی ح . د . ک لەنێوان بەرەکانی "پارلمانتاریزم" و "شورشی چەکدارانە" دا مابوون . لەلایەکەوە لە "مجلس شورای ئێران" نوێنەری هەبوو کە لە "تریبون" نەک بو هەڵگیرساندن وخوش کردنی ئاگری شورش لەناو دڵ ومیشکی خەڵک کەڵکی وەرنەگرت بەڵکو . زیاترلەمەر ئاتیرونوزی خەباتی پارلمانی حزبەکانی تاران بو دامرکاندنی بلیسەی شورش جارو بار راوێژ دەکرا .

تەواوی ئەوچەک وچولانەی کە دەبوایە لەخزمەتی شورش بەکاربهێند رابایە وبو پاراستنی حکوومەت وگیان ومالی نەتەوەکەمان هەڵگیرا بایە ، لەرۆژی پێویستدا بێ سوود وکەڵک کەوتە دەست "حکوومەتی تاران" دوژمنی داگیرکەری وڵاتمان .

دیارە حزب لەسەرەتای کاردا لەکاتی خوی دەیتوانی کەهەر وڵای خەبات یانە پارلمانی وچەکداری وگرا بگرێتە پێش بەڵام بە ژیری ووریایی لەتەواوی هەل وفرسەتە پێش هاتوەکان سوود وەربگرێت وڕێبونەنوا . بەڵام لەپێش ئەوکارەدا ح . د . ک ئەبوایە لەشیکی ساخ و بیروراوێژیکی تەواو شارەزا وتی بینینی گرینگی لەمەر نەتەوەی خوی و دوژمنەکانی هەبا .

لەدنیای ئەمڕوودا مروڤ دەکرێت هەم "خودای" بوی هەم "خورما" بەڵام لەبەش ئەوکاتەدا لەسەری پێویست وفەرزە ئەدەوری بناسی وخودا وخورماش بناسی تابەتامی "شیرینی خورما" خودا لی نەکوری وبەهەڵەنچی بەبردنی ناوی "خودا" [illegible] وخەڵکیش بەفریو نەبا .

کورتی وکەم وکوری گەورەی خەباتی ح . د . ک ئەوە بووکە . لەخەباتی چەکدارانەی "سمکو" و "تەلەم خێر" [illegible] . . . دەرس وسەرمەشقی وەرنەگرت . شێوەی زیندوونەری ئەوتارەمانانەی ریگای رزگاری وخەباتی بی گەڵ وسەرو [illegible] یشتەوە .

لەمەر تەسلیم بە دوژمن وهاتنەوەی سوپای داگیرکەر !

هەروەها کونگرە هاتەسەرباسی کشانەوە وتەسلیمی بیلا ئەید وشەرتی حکوومەتەکانی کوردستان وئازربایجان لەکاتی هێرشی [illegible] دیموکراتی قوام السلطنە لەگەڵ زورلەکاربەدەستان وخاوەن بیروباوەڕی تراوانی سیاسی وحزبی لەتاران "قەرار و مدار"یان "بە [illegible] ستبوو وبەپەوونی قوام السلطنە بوستکو و ئووبونەوە دەگەڵ ستالین ودەور وبەرەکەی ئەوی روژی بەدحەلیلی [illegible] بەوە سازبێشیاند کەگویا ژێری [illegible] خستنی چارەنووس [illegible] وکوێرەوەری نەتەوەکانی کورد و ئازربایجان بوتە قوربانی [illegible] ئازادی گەلی چین .

لەولاشەوە حزبی توودەی ئێران ودەستەکانی میللی تر کەپێشووە زمان وقەلەم و قەول وقەرار پشتیوانیان لەبزوتنەوەی رزگاری خوازانەی دوونەتەوەی کورد وئازربایجان کرد بوو تەنانەت بەجولانەوەی ئازادی ئێرانیان ناودەبرد ویستیان بەدوو [illegible] پڕ [illegible]



عومەری قازی

ڕەشەی قاچاخچی

ئیسماعیلی شەریف زادە

حەمە دەمینی سیراجی

یزدو اصفهان کە بو کتیرە کردن گەیشتنە کوردستان بومباباران کراون ئەم بونە شەوو ڕوژیان بومباردو ٣ یان شەهید کراون لەچیاکانی گەورک دا .

ئەمڕوەها ڕاستەوخوبی باکانە تەیارەکانی جەنگی ئیران دەچنە ناکی کوردستانی عیراقەوە بەتایبەتی لەناوچەکانی ڕەواندوز . قەلادزی . چوارتا پینجوین . . . سەرەرای ئەوە دەڵێن نهێنی بو ئامادەکردنی تایبەتی بەکانی بە ئاشکرا یارمەتیەکانی مادی و مەعنەوی بە چەکی قورس و جەنگی و بە ... ی پیاوەکانی کومەڵی کراوەوە بو لای بارزانی پەرە پیداوە . . . ئەم جموجول و پەلاماردانە وەحشیانە ئەوەی پیزام و جاسوسیەتگەری حکومەتی ئیران بو سەر خەلکی کوردستان بەتایبەتی شورشگیران بەشیکی جیاواز نەبووەی پیلانەکانی ئیمپریالیزمیشە لەدژی بزوتنەوەی ئازادیخوازی ڕوژهەلات بەگەلی عەرەبەوە بیجگە لە تەقەللاو پیلانگیرانی فیلبازانەی حیزبی بان - ئیرانیستەوە ساواکیش لە هەموو باریکەوە بە پروپاگاندەو فرو فیشالی دروستکردنەوە بو شیوان و بەهەلەدانی بیروڕای گشت گەلانی شورشگیرو پیشکەوتنخوازی جیهان و ڕوژهەلات لە مەرج وەنیەتی واقیعی وەزع و بە سەرهاتەکان و ڕەفتاری درندە گەرانەی حکومەتی شایەوە .

خەلکی ستەملیکراوی کوردستان بەتایبەتی خەباتکەرە چەکدارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان داوخوازی دەکەن لە کور و کومەل و ڕوژنامە نوس و پیاوە سەربەخو شورشگیرە پیشکەوتنخوازەکانی جیهان بە گەلانی ڕوژهەلاتیشەوە بە هەموو توانا و ئیمکاناتی پیویستەوە ڕابەرن بە ئەرکی ویژدانی و مروفایەتی یەوە دەنگی تورەیی و نارەزایەتی بەرز بکەنەوە وە یارمەتی و لایەنگیری بزوتنەوە چەکداریە شورشگیرەکەی خەلکی کوردستان بکەن لە پیناوی ئامانجەکانی گشتی دا لە دژی پیلان و ڕەفتاری خویناوی فاشستیگەرانەی حکومەتی دیکتاتوری محمد رضاشاە بە سنتوو ئیمپریالیزمیشەوە .

خوینە گەشە ڕەنگینەکەی شەهیدانی خوەختکەری بزوتنەوە چەکداریەکەمان هاوالانی تیکوشەری نەمر . . . . . کاک مەلا مەحمود - ئیسماعیل شەریف زادە - عەبدوللای موعینی - مەلا ئاوارە - سولەیمانی موعینی (ئابەق) - موراد شیریز - سەید فەتاح - عەلی گەلە - مەسینە شەم - محەممەد ڕەسول - . عەولی عەبدوللا - موحەممەد مەنگور . . . . . . . تیشکی ڕوناکی ئەبەزینی هەرگیز لە بیر ناچنەوە وە مەزهەر و چرایەکی ڕونکەرەوەو بتر هاندەر و بەگر و جوشدەرو بەردەوامیتی خەباتکەرە چەکدارەکانە . لەپیناوی سەرخستنی ئامانجەکانی گشتی و تایبەتی مان دا هەروەها سەندنەوەی تولەیان .

- شانازی بو شەهیدەکانی نەمری ڕاپەرینە چەکدارانەکەمان .

- سەرکەوتوویی تیکوشانی گەلانی ئیران بو ڕامالین و تیکشکانی دەستەلاتی ئابوری و سیاسی نیزامی ئیمپریالیزم

- پتەووگەشەدارتری خەباتی چەکدارانەی خەلکی کوردستان بو سەرخستنی ئامانجەکانی .

- بەهیزتری خەباتی شورشگیرانەی خەلکەکانی ئیران لە پیناوی حکومەتیکی ئیئتیلافی شورشگیردا

ئوکتوبەری ١٩٦٨
خەزەلوەری ١٣٤٧

چەکدارە شورشگیرەکانی
حیزبی دیموکراتی کوردستان



**شەهید:  سولەیمانی موعینی**



**پاش شەهید کردنی سولەیمانی موعینی تەرمەکەیان بۆچاوترساندنی خەڵك بەشارەکاندا دەگێڕا**



شەهید: مەلا رەحیمی کوڕی مەلا نەصر الله (میرزا ئەحمد)



شەهید: مەلا ئەحمەدی شەڵماشی( مەلا ئاوارە)



شەهید خەلیل موستەفا پور (خەلیل شەباش)



شەهید: سمایلی شەریف زادە



**شەهید: عبدوڵای موعینی**



**تەرمی (موراد شیرێژ) پاش شەهید بونی بە دەست پۆلیسی کۆنەپەرستی ئێرانەوە**



شەهید: سەید فەتاحی نیزامی



صاڵح لاجانی یەکێك لە شەهیدەکانی جەڵدیان



**مەلا مەحمودی ئەحمد زادە ناسراو بە (زەنگەنە)**



**شەهید : هاشمی فەقێ صاڵحی (قادر شەریف)**



**شەهید : نەحو (باپیر شکاک )**



**شەهید : مەلا حسێن (کاوە)**